لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی- لقی کەرکووک
دیاری رۆژنامەی سێبەر 2

# دیالۆگ

## کۆمەڵێ چاوپێکەوتنی ئەدەبی

سازدانی
سەباح ئیسماعیل

2005

بەرگی یەکەم

له زنجیره بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی-
لقی کەرکووک
دیاری رۆژنامەی سێبەر - ٢

# دیالۆگ

سازدانی

**سەباح ئیسماعیل**

* دیالۆگ
* دیمانە
* سازدانی: سەباح ئیسماعیل
* تایپ: زەینەب جوبرائیل - دلێر رەفیق
* دەرهێنانی هونەری و بەرگ: فەهد شوانی
* له زنجیره بڵاوکراوەکانی سێبەر- 2
* سەرپەرشتی چاپ: حەمە سەعید زەنگنە
* تیراژ: «٥٠٠» دانە
* چاپی یەکەم - ٢٠٠٥
* چاپخانەی ئارابخا

**پێشکەشە بە:**

- شلێر
- ئۆژین، رێژین، زانا

# هەڤپەیڤینێک لەگەڵ
# پرۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارفدا



*** میللەتی کورد بەهۆی ئەو شوێنە جوگرافیایەی لێی دەژی، هەمیشە زمانەکەی لە ژێر گوشارو فشاری دەست تێوەردان و لەناودانەدا نالاندوویەتی. چاکترین هەلیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کارە، فەرهەنگنووسییە، چۆن تا ئێستا بیرتان لە دانانی فەرهەنگێکی کوردی- کوردی نەکردۆتەوە؟... لە کاتێکیشدا ئێوە بە یەکێک لە هەرە پێشی پێشەوەی ئەو نووسەرانە ناسراون، کە سوارچاکن لە مەیدانی زمانی کوردیدا... وێڕای ئەوەش، وەک دەزانین هەردوو نامەی ماجستێریت و دکتۆریشت لەمەڕ کاری فەرهەنگنووسیە؟.**



– لە ناوەڕاستی ساڵەکانی شەستدا، کە خوێندکاری پۆلی سێیەمی کۆلێجی ئادابی زانستگای لێنینگراد بووم، بیروهزری دانان و نووسینی فەرهەنگێکی ڕووسی-کوردی دەیورووژاندم. لەو ساڵەی خوێندنەوە، کە دەبوو هەر خوێندکارێک بابەتێک هەڵبژێرێ و بیکاتە بوارو مەیدانی پسپۆڕیی خۆی، منیش کەڵکم لەو هەلو دەرفەتە وەرگرت و بڕیارمدا بچمە کۆڕی فەرهەنگ نووسییەوە. بێ هیچ دوو دڵییەک دەڵێم: ئەوی پتر پاڵی پێوەنام لەو هەنگاوەداو یاریدەیدام، ئەوە بوو، کە ڤلادیمێر ڤیتسڤیتسکیی سەرپەرشتی ئەم کۆڕە هێندەی ئەرک دەدا بە شانی خوێندکاردا، بەجێ هێنانی هەروا ئاسان نەبێ و، چاویشی لە هیچ نەدەپۆشی... ئەگەرچی گەلێ لە خوێندکارانی ڕووس ئامۆژگارییان کردم، خۆم نەخەمە داوی ڤ. ڤیتڤیتسکییەوە و ئەوەیان هێنایەوە یادم، کە چۆن پار -واتە لە پۆلی دووەمدا- کە ئەو دەرزی (لێکسیکۆلۆژی)ی پێدەوتین، گەلێ جار لە تاقی کردنەوەیدا دەکەوتین و پاش ماوەیێک سەر لەنوێ تاقیی دەکردینەوە و تا ئێستاش ژمارەیێکی زۆر لە بابەتەکەی ئەودا هەر ماونەتەوە... هاوڕێکانم ڕاستیان دەکرد هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو، هەر کۆڕەی چل پەنجا خوێندکاری تێدابوو، بەڵام کۆڕی فەرهەنگنووسی، بە منەوە تەنها سێ کەس بووین... ڕاستییەکەی من خۆم بۆ مامۆستاییێکی وا دەگەڕام.

لە یەکەم دانیشتن و چاوپێکەوتنندا کە باسی ئاوات و پڕۆژەی خۆمم بۆ کرد، بە دڵ گوێی بۆ شلکردم، کە لێ بوومەوە بە زەردەخەنەیەکەوە پێی وتم: «زۆر چاکە هێندە پەڕۆشی نووسینی فەرهەنگێکی ڕووسی-کوردییت. بەڵام با ڕاست و رەوان پێت بڵێم... ئەمساڵ لەسەر ڕای خۆت دەمێنی. ساڵی ئایندە دوو دڵی رووت تێدەکاو لە پۆلی پێنجەمدا بە تەواوی وازی لێ دێنی... چونکە فەرهەنگدانان کارێکی ئاسان نییە...»، ئەوجا ناوی هەندێ لێکۆڵینەوەی دامێ و وتی: «ئەمڕۆ ئەو سەرچاوانە لە کتێبخانەی زانستگا وەربگرە، بیانخوێنەوەو هەفتەکەی دی لێت دەپرسم، بزانم چییان لێ

تێگەیشتووی...» ، سەرچاوەکانم وەرگرت. هێندە زۆر بوون بە نقەنق گەیاندمنە ماڵەوە. بێ وەستان کەوتمە خوێندنەوەی یەکەم وتار. بەڵام لەوە دەچوو بە ڕووسی نەبێ، بە زمانێکی سلاڤیی دی بێ... ئەو هەفتەیە بەردەوام دەمخوێندەوە، بەڵام لەوەی پێی سپاردبووم، تەنیا فریای چارەکێکی کەوتم و هەر لە چارەکێکی ئەو چارەکەش گەیشتبووم... بە شەرمەوە چوومە کنی و ڕاستییەکەم پێ وت. هەستم کرد نارازییە... کەمێ بێدەنگ بوو، ئەوجا وتی: «با یەکەمجار وابێ... جارێکی دی ئەمەم قبووڵ نییە... دەزانم تۆ هێشتا ڕووسی باش نازانیت و زانستی فەرهەنگیش بۆ تۆ شتێکی نوێیە، بەڵام دەبێ پتر خۆت ماندوو بکەی... دوو هەفتە مۆڵەتت دەدەمێ. پێویستە ئەوەی ماوە بە باشی تەواوی بکەی، دەنا دەبێ بگەڕێیت بۆ کۆڕێکی ئاسانتر...» ، سوپاسم کردو چوومەوە ماڵەوە. ئەو دوو هەفتەیە، نەک هەر شەو تا درەنگانێ دەمخوێندنەوە، بەڵکو بۆ دەرزی ئەدەب و پەروەرشتیش... یان نەدەچوومە پۆل و لە کتێبخانەی کۆلێج دەمامەوە؛ یان کە دەچووم لە دوای دواوە دادەنیشتم و خەریکی بەجێ هێنانی فەرمانی ڤلادیمیر ڤیتڤیتسکی دەبووم... سێ ڕۆژی مابوو دوو هەفتەکە تەواو ببێ، لە خوێندنەوەی سەرچاوەکان بوومەوە. ئەو سێ ڕۆژەی دوایی بە پەلە بەسەر بەشێکیاندا چوومەوە. بە دڵخۆشییەوە ڕۆیشتمەوە خزمەت مامۆستام و دەربارەی بەجێ هێنانی ئەرکەکانم دوام... هیچ ڕوویێکی خۆشم لێوە نەدی. وتی: «با بزانم...» بە پرسیار دایگرتمەوە... ئەوی دەمزانی بۆم باس دەکرد... ئەوەیش نەمدەزانی تێی دەگەیاندم... من لە وەڵامدانەوەو گوێ گرتندا تەواو ماندوو بوو بووم، کەچی ئەو دەتووت تازە دەستی بە دەمەتەقێ کردووە... کە لێ بووینەوە، پێی وتم: «پێویستە لە خوێندنەوەدا خێراترو وردتر بی» . ئەوجا ناوی ژمارەیێک سەرچاوەی دی دامێ. بەم چەشنە چەند مانگێکم بەسەر برد. نزیک کۆتایی ساڵ داوای لێکردم باسێک دەربارەی «جیاکردنەوەی وشەی هاوبێژ و فرەواتاو هونەری ڕێکخستنیان لە



فەرهەنگدا» بنووسم. ئەمەم زۆر پی خۆش بوو، چونکە لە پۆلی دووەمدا باسی وشەی هاوبێژ و فرەواتامان باش خوێندبوو. وێڕای ئەوە، ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ماوەی ئەو چەند مانگەی پێشوودا خوێندبوومنەوە، زانیاری نوێیان دەربارەی ئەو بابەتە زۆر تێدابوو. کەوتمە خۆم و باسێکی سی لاپەڕەییم نووسی و بۆم برد. دوای ئەوەی هەفتەیێک لای بوو، بۆی هێنامەوە. بینیم هەر خەتەو پێیدا هێنراوە... هەموو تێبینییەکانی بۆ ڕوون کردمەوەو وتی: «چاکیان بکەو هەفتەی ئایندە بیهێنەوە بۆم» ، گشتیم چاککردو بۆم بردەوە... کاتێ بۆی گەڕاندمەوە وتی: «هەر ئەم لاپەڕەیەیان پێویستی بە نووسینەوە نییە. ئەوانی دی هەموو پڕن لە هەڵەی ڕێنووس و بۆم نیشانە کردوویت... زوو چاکیان بکە...» . هەر ئەو شەوە چاکم کردن و پاکنووسم کردن. ئەمجارە نزیکەی پێنج لاپەڕەیێکی خستبووە لاوەو وتی: «تەنیا ئەم چەند لاپەڕەیە پێویستیان بە نووسینەوە نییە، دەنا ئەوەتا لە فلان لاپەڕەدا، فلان پیت وا نییەو وایە... فلانە وشەت پەڕاندووە... ئەو لاپەڕانە بنووسەوە...» . وتم: «مامۆستا! جا هەر لێرە چاکیان دەکەم و ئەوەی بۆ چییە...» .

– نەخێر بیان نووسەوە، چونکە وا فێری هەڵە نەکردن نابی...

هیچ زێدەڕۆیی نییە، ئەگەر بڵێیم بۆ نووسین و نووسینەوەی ئەو سی لاپەڕەیە پتر لە دوو سەد پەڕە کاغەزم بەکارهێنابێ... ئەوجا پاش ئەو هەموو ماندوویی و هێنان و بردنە، نمرەیەکی وای دامێ، هەر بەشی ئەوە بکات پێی دەربچم.

داوام لێی کرد، کە بۆ هاوین ئەرکم بداتێ... پێی وتم: «هاوین بۆ حەوانەوەیە... بێت و هاوین پشووی باڵی خۆت نەدەی و ساڵی نوێی خوێندن بە ماندوویی دەست پێ بکەی، ناگەیتە ناوەڕاستی ساڵ پەکت دەکەوێ... بڕۆ بۆ گوێ دەریا... مەلە بکە... هەوای پاک هەڵمژە... بگەڕێ... کاتێ خوێندن دەست پێ دەکاتەوە، ئەگەر بێیتەوە کۆڕی فەرهەنگنووسی، ئەوسا لە

نۆژەنەوە تێ هەڵدەچینەوە...».

یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی خوێندن چوومەوە کنی و ئامادەیی خۆمم نیشاندا. وتی: «بەڵێ پێم خۆشە، بەڵام هەفتەییێک ماوەت دەدەمێ تا باش بیری لێ بکەیتەوە... بزانە، نەک وات بۆ باشتر بێ لە مەیدانێکی دیدا شارەزایی پەیدا بکەی...».

هەر چەندە دەمزانی یەکێک لە دوانەکەی دی کوڕەکەمان هەڵهاتووەو چووەتە کوڕێکی دییەوە، بەڵام من لەسەر بڕیاری خۆم مابووم... بە هەمان شێواز کەوتینەوە کار... لە کۆتایی ساڵدا سێ فەرهەنگی: (ڕووسی-ئینگلیزی؛ ڕووسی- فەرەنسی؛ ڕووسی- ئەڵەمانی)ی بۆ هێنام. تێی گەیاندم، کە ئەو فەرهەنگانە وەک یەک، ژمارەی وشە ڕووسییەکانیان چوار هەزارە. هەرسێکیشیان بۆ یەک مەبەست دانراون، ئەویش یارمەتییدانی گەڕیدەو گەشتەوانانە. گشتیان یەک لایەن چاپی کردوون... تەنیا دانەرەکانیان جیاوازن...

- بزانە:

١- لە هەر سێکیاندا چەند وشە وەک یەکن و... چەند وشە جیاوازن...

٢- دوو دوو بەراوردیان بکەو ژمارەی وشەی وێکچوو و جیاواز دیاری بکە.

٣- ئەگەر دەرکەوت جیاوازی لە نێوانیاندا نییە، لێکی بدەرەوە هۆی چییەو، ئەگەر جیاوازییش زۆر بوو یان کەم، ڕوونی بکەرەوە لەبەر چییە؟

لە ئەنجامی بەراورددا بۆم دەرکەوت لە نێوان هەر سێ فەرهەنگەکەدا تەنیا دوو هەزار وشەییێک هاوبەشن -واتە جیاوازی هێندەی یەکگرتنەوەیە.

لە بەیەکگرتنی دوودوویاندا نزیکەی سێ هەزار وشەییێک وەک یەکن- واتە لەم بارەدا ڕادەی جیاوازییان (٢٥ ٪)ە.



کارەکەم تەواو کردو بردمەوە خزمەت مامۆستام و هۆی ئەو جیاوازییە زۆرەشم وا بۆ باس کرد، کە نووسەرانی ئەو فەرهەنگانە لەبەر ئەوەی وشەیان لەسەر بنەماو بنچینەییێکی زانستی هەڵنەبژاردووە، وشەکانیان وا لەیەک دوورن... ئەگەرچی راو بۆچوونەکەمی پێ باش بوو، گەلێ زانیاریی دییشی دامێ... ئەوجا پێی وتم: «ئەمەش بکە وتارێک». ئەمیشم تەواوکردو ئەمجارەش زۆری بۆ چاک کردم و چەند جارێک پێی نووسیمەوە. لە کۆتاییدا نمرەییێکی مام ناوەندیی بۆ دانام و لێی پرسیم:

- هێشتا هەر لەسەر ئەو ڕایە ماوی، کە فەرهەنگی ڕووسی-کوردی دابنێیت؟

- دوو دڵم...

- جارێ لە کوێتە...

لە پۆلی پێنجەمدا، خۆم کەوتمە سەر بیری ئەوەی، کێشەی (چۆنێتی هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگ) بکەمە باسی نامەی ماجستێریم. ئەمەم بە مامۆستام ڕاگەیاندو پەسەندی کرد... بیرمان لێ کردەوە، کە (فەرهەنگی گیرفان) یەکجار زۆر چاپکراوە. دەوروبەری بیست فەرهەنگێکم کۆکردەوە، کە گشتیان بۆ یەک مەبەست دانرابوون و یەک دەزگا چاپی کردبوون. هەر لە سەرەتادا بۆمان دەرکەوت، کە ڕێبازی زانستی بۆ هەڵبژاردنی وشە ڕەچاو نەکراوە. دە فەرهەنگێکیان هەشت هەزار وشەیان گرتبووەخۆ، ئەوانی دی یان حەوت هەزار، یان نۆ هەزار وشەییێک بوون. ناچار هەشت هەزارییەکانمان وەرگرت -واتە وشەکانی ئەو دە فەرهەنگە بوونە کەرەستەی خاوی نامەکەم... جیاوازیی یەکجار زۆرو سەرسوڕهاوەرم تێدا دۆزینەوە... مامۆستام داوای لێ کردم سەفەرێکی مۆسکۆ بکەم و بچمە لای دانەرەکانیان و لێیان بپرسم لەسەر چ بنەماییێک وشەیان بۆ فەرهەنگەکانیان هەڵبژاردووە... سەفەرەکەم خستە پشووی نیوەی ساڵ، بۆ ئەوەی بە بەردێک دوو نیشان بشکێنم، ئەویش بەوەی هەموو ساڵێک لەو دەمەدا کۆنگرەی خوێندکارانی کورد

دەگیرا... لە مۆسکۆ چاوم بە زوربەیان کەوت. هیچیان وەڵامێکی ئەوتۆیان نەدامەوەو زانیارییێکی وایان نەدامێ، کەڵکی لێ ببینم... زۆر خەمبارو خەمگین بووم... تاکە خۆشی یێک، کە کەمێ برینی سارێژ کردم، سەردانی ماڵی خاتوو (یو. ئا. دۆبرۆڤۆلسکایا)ی ناسک و نازداری دانەری فەرهەنگی رووسی- ئیتالیایی بوو... لە کۆنگرەی خوێندکارانی کوردیشدا چاوم بە (ئیڤان فاریزۆڤ)ی (١) خۆمان کەوت و تێم گەیاند، کە بۆ کارێکی لەو چەشنە، حەز دەکەم ماوەییێک لەگەڵی دابنیشم... لێی پرسیم:

– ئەمەت بۆ چییە؟

– بۆ ئەوەی بیکەمە رێ خۆشکەری بنچینەی هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگێکی رووسی- کوردی...

– جا ئەو خۆ خەریک کردنەی بۆ چییە؟... وشەکانی فەرهەنگەکەی من وەربگرە... ئەو فەرهەنگانەی تۆ باسیان دەکەی هەشت هەزار وشەی رووسییان تێدایە، ئەوی من سی هەزارە... زۆر لەوان پترە...

– ئاخر مامۆستا ئامانجی ئەو فەرهەنگەی من بە تەمایم، لەگەڵ ئەوی تۆدا جیاوازە. ئەوی من فەرهەنگی گیرفانە... ئەوی تۆ...

– ئەو قسانە چییە... من فەرهەنگێکی رووسی- ئینگلیزم هێنا... ئەوی زانیم کردمە کوردی. ئەوی نەشمزانی وازم لێ هێناو بۆشیان چاپکردم و...

کە گەڕامەوە لینینگراد، تەنیا باسی خاتوو (یو. ئا. دۆبرۆڤۆلسکایا) نەبێ، هەموو ئەوی دیم بە دوورو درێژی بۆ ڤ. ڤیتڤیتسکی گێڕایەوە. ئەویش سەری لەقاند و وتی: «گومانم لە قسەکانت نییە. دەزانم لەم وڵاتە پێشکەوتووەی ئێمەشدا، زۆر فەرهەنگ لە رێی چاولێکەرییەوە دانراوە... زۆرتری فەرهەنگنووسەکان لە زانستی فەرهەنگنووسیدا زانیارییان نییە...» .

«بنچینەی هەڵبژاردنی وشە بۆ دانانی فەرهەنگێکی گیرفانی رووسی- کوردی»م کردە ناوی نامەی ماجستێرییەکەم و بە چەند مانگێک تەواوم



کردو دوای رەچاوکردنی تێبینییەکانی ڤ. ڤیتڤیتسکی و چەند جار نووسینەوە، چاپم کردو بردم بۆ مامۆستام. پاش سێ هەفتەییێک بۆی هێنامەوەو بۆ یەکەم جار لە ماوەی سێ ساڵدا ئافەرینێکی کردم و بە روویێکی خۆشەوە وتی: «هەر ئەمڕۆ نامەکەت دەخەمە بەر دەستی بەرپرسیاران... دڵنیام لە لێدواندا سەرکەوتوو دەبی...» .

رۆژی لێدوان، هەردوو پسپۆڕی لێدوو ڕایان بەرانبەر نامەکەم زۆر باش بوو، وێڕای ئەوەی نمرەی هەڵاوێردەیی یان بۆ دانام، داواشیان کرد دەرفەتی خوێندنی دوکتۆرام بدرێتێ.

مامەڵەکەم کەمێ درەنگ گەیشتە وەزارەت، لەبەر ئەوە وەرگیرانم بۆ خوێندنی دوکتۆرا خرایە ساڵی دادێ.

ئەگەرچی چەند مانگێک دەبوو بیرو ئارەزووی فەرهەنگی رووسی- کوردیم لە مێشکدا نەمابوو، لەبەر ئەوەی ئەو ساڵی بێ خوێندنە دەست بەتاڵ بووم، بڕیارمدا خۆم لە دانانی ئەو فەرهەنگەدا تاقی بکەمەوە -وشە رووسییەکانم لەسەر بنچینەییێکی زانستی و ئەزموونگەری هەڵبژاردبوو و مانا لێکدانەوەیان مابوو... هەشت مانگێک بێوچان پێوەی خەریک بووم. چەند هەزار وشەییێکم لێ گەڵاڵە کردن... تەگەرەی گەورە گەورە دەهاتە رێم... کە سەیری فەرهەنگەکانی بەر دەستم دەکرد، دەمبینی لە لێکدانەوەی مانای وشەشدا هەمان پاشاگەردانییە، کە لە هەڵبژاردنی وشەشدا بەرپا بووە... هەر چەندە حەیفم لێ دەهات، ئەو هەموو کارە وا بێناز بەجێ بهێڵم و ئەو هەموو رەنجەم وا بە فیڕۆ بڕوا، هەر بڕیارمدا دەست لەو کارە هەڵبگرم و تا لە کێشەی لێکدانەوەی مانای وشەو کێشەکانی دیدا شارەزایی باش پەیدا نەکەم، نەچمە ئەو مەیدانەوە.

ڕاستە وازهێنان لەو کارە بووە مایەی ناڕەحەتی بۆم، بەڵام کەڵکی ئەوەشم لێ وەرگرت کە لە بواری پراکتیکی فەرهەنگنووسیندا، کەمێ شارەزایی پەیدا بکەم و بەهۆی ئەوەوە بتوانم بابەتی نامەی دوکتۆرییەکەم دیاری بکەم،

که ئەویش چوونە ناو سەرجەمی کێشەکانی کاری فەرهەنگ نووسی بوو.

له هەمان کۆلێجی ئادابی زانستگای لێنینگراد بە خوێندکاری خوێندنی دوکتۆرا وەرگیرام... زوو تێ گەیشتم، کە بەجێ هێنانی ئەم کارەی ئێستام پێویستی بە سەرپەرشتێکی زمانەوانی کوردی، ڕووسی زانە. لەبەر ئەوە داوام کرد بمگوێزنەوە بۆ ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای سۆڤیێتی لێنینگراد... پاش مانگێک لەو ئامۆژگایە بوومە شاگردی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ (کوردۆییێڤ). هەتا دوو مانگێک نێوانمان باش نەبوو. ئەو دەیویست من واز لە باسی فەرهەنگ نووسی بهێنم و بابەتی نامەکەم بکەمە باسێکی ڕێزمانی. نە ئەو لەسەر ڕای خۆی لادەچوو و نە من لە پرۆژەی خۆم پەشیمان دەبوومەوە. لەو ماوەیەدا د. کەمال مەزهەر سەرێکی لە لێنینگرادداو باسەکەم بۆ گێڕایەوە. سوپاس بۆ ئەو، کە توانی نەرمی بکاتەوەو ڕازیی بکات... ئەگەرچی لە سەرەتادا هەر لە دڵی دەرنەدەچوو و هەندێ وشک بوو لەگەڵم، لە ماوەییەکی کەمدا توانیم تەواو کاری تێ بکەم و وامان لێ هات بووینە باوک و کوڕ؛ بە هاوڕێی گیانی بە گیانی بووم؛ بە جێی متمانەی تەواوو یەکەم کەسی نێزیکی. بەڵگەی ئەم قسەیەشم، ئەو دۆستانەن، کە لەو ماوەیەدا لەگەڵماندا بوون و ئەو نامانەش، کە دوای گەڕانەوەم بۆ وڵات، بۆی ناردووم... تەنانەت، کە هاوینانیش سەری لێنینگرادم دەدایەوە، یەکەم ڕۆژ دەهاتە لام و تا شەو درەنگ لام دادەنیشت و بە زۆر بۆ چەند ڕۆژێک دەیبردینە ڤێلاکەی قەراخ شاری لێنینگرادی و بەو پیرییەوە میدیای کچمی دەکردە کۆڵی...

لە ماوەی دوو ساڵدا نامەکەم تەواو کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو دەمەدا قانوونێکی عێراقی سەیرو سەمەرە هەبوو، کە ئەگەر خوێندکاری دوکتۆرا بە سێ ساڵ کەمتر بڕوانامەی دوکتۆرا وەربگرێ، ددان بە بڕوانامەکەیدا نانرێ(٢). بۆ ئەوەی خۆم تووشی بەڵای نەفامیی ئەو نەزانانە نەکەم، نامەکەم لەسەر مێزەکەم دانا. ماوەی ئەو ساڵەی مابووم، خۆم بە نووسینی



چەند وتارێک و وەرگێڕانی کتێبی «هەندێ بیروباوەڕی هەڵە لە بارەی زمان و مێژووی کوردەوە»ی قەناتی کوردۆوە خەریک کرد... ئەوجا لە کاتی قانوونیدا بە سەرکەوتوویی وتووێژی لەبارەوە کراو نامەکەم مایەی ڕەزامەندیی هەمووان بوو.

کاتێ گەڕامەوە وڵات لە (کۆڕی زانیاری کورد) دامەزرام. ئەم دەزگایە نیازی دانانی فەرهەنگێکی گەورەی کوردیی هەبوو و منیان خستە سەر ئەم کارە. داوام لە بەرپرسیاران کرد مانگێک مۆڵەتم بدەن، بۆ ئەوەی نەخشەی کارەکە بکێشم و بنچینەی چۆنێتی نووسینی فەرهەنگەکە دابڕێژم. ڕێگەم پێ دراو منیش ڕاپۆرتی خۆمم نووسی. داوای کارتێکی زۆریشم کردبوو بۆ ئەوەی بکرێنە فیشە، تا بەپێی سیستەمی کارت –نووسینی هەر وشەیێک لەسەر کارتێک– دەست بەکار بکەین. مامۆستا ئیحسان شێرزادی سەرۆکی دڵسۆزی کۆڕ، دەیویست دەفتەرێکی گەورە بۆ ئەو مەبەستە بەکاربێنین. لەم کێشەیەشدا دیسان د. کەمال مەزهەر قەناعەتی بە سەرۆکی کۆڕ کردو پێی وت، ئەوڕەحمان خۆی لە کارەکەی باشتر دەزانێ، با لێی بگەڕێین، چۆنی بەلاوە باشە وا بکات...

بە دڵ و بە گیان کەوتمە کار... لەو کەرەستە زۆرەی فۆلکلۆری کوردی کە چەند لیژنەییێک بە ڕاسپێریی کۆڕ چووبوون لە دێهاتەکان کۆیان کردبووەوە، سەدان وشەی وام وەرگرتبوو، لە هیچ فەرهەنگێکی کوردیدا نەبوون. بەشی زۆری فەرهەنگە کوردییەکانیشم دایە خەتخۆشان بیانخەنە سەر کارت... هەندێ فەرهەنگیش، وەک ئەوی لێرخ و یەگیزارۆڤ و... کە خستنە سەر کارتیان بە خەڵکی دی نەدەکرا، خۆم شەوانە خەریکیان دەبووم... هێندە ئاسۆی ئەو فەرهەنگەم ڕوون دەبینی و بڕوام بە خۆم وا بەتین بوو، تەنانەت لە پوختەی کارەکانی کۆڕدا وام ڕاگەیاند، کە «فەرهەنگی کۆڕ –فەرهەنگی یەکگرتووی کوردی– ئیشی لەسەر دەکرێ و هەندێ کاری تەواو بووە. ئومێد دەکەین بەم زووانە چەند پیتێکی سەرەتای بخەینە پێش چاوی خوێنەرانی

بەرێز» (٣).

بەهاری ساڵی ١٩٧٤، کە لە کۆتایی قۆناغی وشە کۆکردنەوە نزیک بووینەوە، کۆڕ خامۆشیی تێ کەوت. منیش ئەگەرچی وردە وردە لە خرکردنەوەی وشەدا بەردەوام بووم، بەڵام ساردبووبووبوومەوە و بە ئارەزووەوە کارم پێ نەدەکرا.

خەریک بوونیشم بە کاروباری کارگێڕی و دەرکردنی گۆڤاری کۆڕەوە بوونە هۆی ئەوە، کەمتر بپەرژێتە سەر ئیشی فەرهەنگەکە... ساڵی ١٩٧٥یش، دوای نووشستی هێنانی شۆڕشەکەمان؛ نەهاتنەوەی مام هەژارو لابردنی سەرۆکی کۆڕو ڕاگوێزانی د. کەمال مەزهەرو پاشان خانەنشین کردنی مامۆستا مەسعوود محەمەدو فشار خستنە سار کارمەندانی دەزگاکەمان و ویستی میری بۆ هەڵوەشاندنەوەی (کۆڕی زانیاری کورد)، وایان لێ کردم بە یەکجاری دەستبەرداری کاری فەرهەنگ ببم... چونکە دانانی فەرهەنگێکی وەها، ئەگەر لە بارێکی هێوەردا، بە ماوەی چەندین ساڵ و بە لیژنەییێکی کارامە بتوانرێ بگەیەنرێتە ئەنجام، چۆن بە لیژنەییێکی هەر بەناو لیژنەو لە بارودۆخێکی یەکجار سەخت و ناخۆش و ئاسۆییێکی تاریکی بێ هیوای وەک ئەوەی ئەو ڕۆژەدا، کاری مەیسەر دەبێ؟...

پاش ماوەییێک کۆڕی زانیاری کورد هەڵوەشێنرایەوەو بەپێی یاسای ژمارە ١٦٣ی ڕۆژی ٤/١٠/١٩٧٨ کرایە دەستەییێک لە (کۆڕی زانیاری عێراق). ئەگەرچی، ئەم دەستە دەست کورتە لە سەرەتادا چەند لیژنەییێکی بۆ هەندێ بابەتی زانستی دامەزراند، بەڵام هیچ بیری لە لیژنەی فەرهەنگ نەکردبووەوە.

دوای چەند ساڵێک سەرۆکی کۆڕی زانیاری عێراق و چەند ئەندامێکی دەستەی کوردیی کۆڕ، کەوتنە بیرکردنەوە لەوە هەندێ لە کارمەندانی کۆڕ، بەتایبەتی من و مامۆستا شوکور مستەفا فەرهەنگێکی عەرەبی- کوردی دابنێین. من بەش بە حاڵی خۆم بە هیچ چەشنێک نەچوومە ژێرباری بەجێ



هێنانی ئەو نیازەیان. پاش ساڵێک فەرمانی کارگێڕیم بۆ ئەم کارە دەرکراو من دیسان هەر گوێ رایەڵیم نەکرد... بەڵێ من دەمزانی نەک فەرهەنگی عەرەبی- کوردی، بەڵکو هەموو جۆرە فەرهەنگێک پێویستەو کەڵکی هەیە... بەڵام ئەگەر ئەندامانی دەستەی کوردیی کۆڕی زانیاری عێراق بەڕاستی مەبەستیان بوایە فەرهەنگێ ئامادە بکرێ، دەبوو بەر لە هەرچی، هەوڵ بدەن کار لەو هەزاران کارتەدا بکرێ، کاتی خۆی کۆمان کردبوونەوەو چەند ساڵ بوو لە یەکێک لە ژوورەکانی کتێبخانەی کۆڕدا بێنازو بێ خاوەن کەوتبوون و تۆز کەڵەکەی بەسەریانەوە کردبوو... لە ئەنجامدا من لە کۆڕ نەمام و گوێزرامەوە بۆ بەشی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی زانستگای بەغدا. لەم شوێنە نوێیەم کرامە مامۆستای ئەلفوبێ و، وتوویژو ڕێزمانم بە قوتابیانی عەرەبی هیچ لە کوردی نەزان دەڵێمەوە... بەڵام من چ لە کۆڕی زانیاری کورد و چ لە کۆڕی زانیاری عێراق و چ لە کۆلێجی پەروەردە، بارودۆخ هەرچۆنێک بووبێ، نەمهێشتووە کاتم زۆر بە فیڕۆ بچێ. لە مەیدانی پان و بەرینی زمانەوانیدا بێ وچان کارم کردووەو بەرهەمی خۆمم پێشکەش بە نەتەوە خۆشەویستەکەم کردووە.

سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ لە نووسینی بەشی پێنجەمی بەرگی یەکەمی کتێبی «ڕێزمانی کوردی- (کردار)» بوومەوەو بەم چەشنە چوار کتێبم بە پاکنووس کراوی لەسەر مێزەکەم بێ خەمخۆر هەڵچنرابوون(٤)و هیچ ئومێدێکی لە چاپدانی بەم نزیکانەیان دیار نەبوو... لەو دەمەشەوە بڕیارم دابوو هیچ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی میریدا بلاونەکەمەوە(٥). ئەم وەزعە بیری ئەوەی خستە مێشکمەوە خۆم بە کارێکی گەورەی درێژخایەنەوە خەریک بکەم، کاری گەورەی درێژخایەنیش، بەش بە حاڵی کەسێکی وەک من، ئەگەر فەرهەنگی کوردی- کوردی نەبێ، دەبێ چی بێ؟

بەم خەیاڵەی خۆم زۆر دڵخۆش بووم... بەڵێنمدا ئەو خەون و ئاواتە کۆنەم بێنمە دی... قۆڵم لێ هەڵکرد و بۆی چوومە خەڵوەتەوە. یان بەیانیان

مەلابانگدان لە خەو هەڵدەستام، یان شەوانە تا درەنگانێ کارم تێدا دەکرد... لە ڕۆژێکدا هێندەی دوو ڕۆژی جاران ئیشم دەکرد. وام لێ دەهات لە پەل و پۆ دەکەوتم. ورەی بەرز و هیوای بەتینم گشت ماندووبوونێکمیان دەڕەواندەوە و لەبیر دەبردمەوە. ئەزموونی دەیان ساڵ و تەمەنیش فێریان کردبووم گیروگرفتەکان لە جاران چاکتر چارەسەر بکەم. لە ماوەی چوار ساڵدا فەرهەنگەکەم تەواو کرد و دەستم کرد بە پاکژ کردن و نووسینەوەی.

١٩٩٦/٤/٣ دەستم کرد بە پاکژکردن و نووسینەوەی... لەماوەی سێ مانگێکدا بە خەتێکی ورد و جوان (١٠٣) لاپەڕەم لێ تەواو کرد(٦)و، ئەوە وێنەی سێ لاپەڕەی (٣٤) و (٧٦) و (٩٦)ی:

لە پڕ نەرمە شەپڵەیەک (شلل) لێیدام... ناچار کەوتمە بیرکردنەوەی چوونە هەندەران. بۆ ئەم مەبەستە سەرێکی سلێمانیمدا، تا لەوێوە ڕێگای ئەوروپا بگرمە بەر... بەو نەخۆشییەوە، پەرۆش و ئەمەک و وەفا گەیاندمیانە لای ئازیزان و خۆشەویستانی بەشی کوردیی کۆلێجی زمان، کە زۆرینەو زۆراتییان چ لە خوێندنی بەکالۆریۆسدا، یان لە خوێندنی ماجستێردا دەرزم پێ وتوون... دەوریان دام و هانایان بۆ هێنام، خوێندنی دوکتۆرا بکەینەوە... بەندەش خۆی و نەخۆشییەکەی و ئەوروپا...ی بیرچووەوە. ئەو دەمە، کە دوکتۆر زاهیر لەتیف ڕاگری کۆلێج و د. جەمال شەفیق سەرۆکی زانکۆو کاک کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی سەرەک وەزیران... بوون، کوردانەو گوردانە لە ماوەی دوو هەفتەیەکدا هەموو کارێکیان مەیسەر کرد... ئیتر ئێمەش: د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و د. زاهیر لەتیف و بەندەو، دواتریش د. محەمەد مەعرووف فەتاح کەوتینەگەڕ.

کاری زۆر گرانی خوێندنی باڵاو سەرپەرشتی کردنی نامەی خوێندکاران و بڵاوکردنەوەی ئەو چوار کتێبەی هەر لە زووەوە بۆ چاپ ئامادەبوون و پێشتر ناوم بردن و نووسینی هەندێ کتێبی دی و پەخشکردنی چەندین وتار بە نازناوی جۆربەجۆرەوە... لە کاری فەرهەنگەکەیان دابڕیم...



*** لە حاڵی حازر چ بەرنامەیەکتان هەیە؟ ئایا کتێبی تازەتان بەدەستەوەیە؟**

– ئێستا چەند وردە کارێکی تەواو نەکراوم لەبەر دەستتان، بە هیواو هومێدم لە ماوەی ساڵێکدا بیانگەیەنمە ئەنجام و، شادو بەختەوەر دەبم، گەر بیروهزری هیچ بابەتێکی دی نەمبزوێنێ و بێمەوە سەر کارە سەرەکییە پیرۆزەکەم –کە فەرهەنگەکەیە.

هەرچی کتێبی تازەش هەیەو، ئەمیش دیسان فەرهەنگەو لە ژێر چاپدایەو پاش چەند هەفتەیەکی دی دیدەو بینایتان ڕووناک و ڕۆشن دەکاتەوە... سەرگوزەشتەو سەربردەی ئەمیش بەم چەشنەیە:




لە کۆتایی ساڵەکانی شەستدا خوێندکاری دوا پۆلی کۆلێجی ئادابی زانستگای لێنینگراد بووم و تازە «فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی»ی ئاخمانۆڤا ئۆلگا سیرگێیڤنا پەخش کرابوو...(٧) پاش خوێندنەوەی و ئاشنابوونی، بیروهزری دانان و نووسینی وەها فەرهەنگێک بۆ ئەویندران و ئاشقان و هەوادارانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زمانی شیرین و دەلالی کوردی هەژاندمی... لێتان ناشارمەوەو چاک دەمزانی وەدیهێنانی ئەم خەون و هیوا پڕ کێشە قورس و گرانە؛ ئەم ئاوات و پرۆژە دژوارو ناهەموارە تا دە ساڵێکیش لەمەوبەر، هێشتا لە هێزو وزە؛ توان و توانستی بەندەدا نەبوو... دوای ئەوەی بەخۆمدا ڕابینی و زوربەی ئاست و ڕەخ و ئالییەکانم بۆ ساناو ئاسان بوو، کەڵک و

سوودم لەو هەلودەرفەتە وەرگرت و، شانم دایە بەری و لە ماوەی دوو ساڵدا ئەم فەرهەنگەم ڕێکخست و پێکەوەنا...(٨).

بۆ تێگەیشتن و حاڵی بوون لە زاراوەکانی ئەم فەرهەنگەمان: «فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی» (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی) بەپێی پێویستی هەر زاراوەیەک؛ یان بە گوێرەی کێش و سەنگی مەرام و نیازو مەبەستی ڕاگەیاندنیان، هەوڵمانداوە، بە پێناسەکردن بێ، یان بە لێدوان و لێکدانەوە بێ، یان تەنیا بە بەرانبەر یەکدی دانانیان و ڕاگرتنیان بێ... کارو ئەرکمان بە ئەنجام بگەیەنین...(٩).

لەبەر ئەوەی خوێندکاری ئەمڕۆی کورد زاراوە زانستییەکان بە کوردی دەبیستێ، بۆیە وامان بە باش زانی کوردییەکە بخەینە سەرەتاوە، واتە فەرهەنگەکە (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی)بێ. بۆ ئەوەش، گەر یەکێک زاراوەیەکی بە عەرەبی یان بە ئینگلیزی بێتە بەرچاو و بیەوێ بزانێ بە کوردی چی بۆ دانراوە، ئەوە بۆ دانەمانی و ئاسانکردنی خوازو کاری، هەڵمان گێڕاوەتەوەو، بە دوو پاشکۆ هێناومانەتە سەر بار: لە پاشکۆی یەکەمدا کردوومانە بە (عەرەبی- کوردی- ئینگلیزی)؛ لە پاشکۆی دووەمیشدا بە (ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی). بۆ دووپات نەکردنەوەی پێناسەو لێدوان و لێکدانەوەیان، تەنیا زاراوەکانمان بەو سێ زمانە بەرانبەر یەکدی ڕیز کردووە. بۆ دۆزینەوەی پێناسەو لێدوان و لێکدانەوەکانیشیان ژمارەی ئەو لاپەڕانەمان تۆمارکردووە، کە زاراوە کوردییەکان کەوتوونەتە بەراییەوە، واتە بۆ فەرهەنگە سەرەکییەکەی پێش دوو پاشکۆکەوە.

وەک ئاشکرایە، بۆ بەشێک لەو بابەت و دۆزو مەبەستانەی زمانناسی، کەلە ئینگلیزی و عەرەبیدا بەتاکە زاراوەیەک جێگیربوون، لە کوردیدا زاراوەی جۆراوجۆریان بۆ دانراوە. بە وێنە بۆ (Pronoun- الضمير) لە کوردیدا (جێناو، ڕاناو، بۆناو) بەکار دەبرێ. بۆ (Verd- الفعل)- (کار، فرمان، کردار) دەوترێ. جا ئێمە، ئەگەرچی سەرجەمی ئەو زاراوانەمان تۆمار



کردووە، بەڵام جەختمان کردووەتە سەر ئەوەیان، کە بەلامانەوە لەبارترو گونجاوترە، واتە پێناسەکردن و لێکدانەوەکەمان لێرەدا کردووە... هەروەها:

١- لە ژێر زاراوە پەسەندەکەدا نیشانەی (=)مان داناوەو، بە دوایدا هاوواتاکانیمان ریزکردووە. وەک:

**جێناو**

=ڕاناو، بۆناو

**کردار**

=کار، فرمان

بۆ هاوواتاکانیش هێمای (بـ.:) واتە- (بڕوانە) لە خوارەوەی نووسراوەو ئەوجا زاراوە پەسەندەکە. وەک:

**ڕاناو**

بـ.: جێناو

**بۆناو**

بـ.: جێناو

**کار**

بـ.: کردار

**فرمان**

بـ.: کردار

وێڕای ئەمە لە باسی هەندێ زاراوەدا، هێمای (هـ، بـ. :)، واتە - (هەروەها بڕوانە) بەرچاو دەکەوێ و بە دوایدا ناوی زاراوەیەکی دی براوە. ئەمەش مەبەست ئەوەیە، کە زانیاری دەربارەی ئەو بابەتە، هەروەها لە لێدوانی ئەو زاراوەیەی دووەمیشدا دەبینرێتەوە.

بۆ دانان و ڕێکخستنی ئەم فەرهەنگە سەرباری سەرچاوەیەکی زۆری ڕووسی و هەندێ لە بەرهەمەکانی خۆم، بێ سێ و دوو دەڵێم، نەک هەر کەڵک و سوودم لە زوربەی زۆری لێکۆڵینەوە (کتێب، نامیلکە، وتار،

نامەی دوکتۆرا، نامەی ماجستێر...)ەکانی زمانەوانانی کورد وەرگرتووە، بەڵکو گەلێ باس و توێژینەوەشیانم بە دەستکارییەکی کەمەوە ڕاگوێزاوەتە ئێرە... ئەو نووسینە کوردییانەی زانیاریم لێ وەرنەگرتبن، دەگمەنن... ئەلحەق زۆرینەو زۆراتییان ماف و بەش و هەقیان دەکەوێتە سەر بەندەو ئەم فەرهەنگە... بە هیواو هومێدم پێنووسیان بە بڕشتتر بێ و خۆشیان بەکارو بەکار لەدەست هاتووتر بن... ئەوەیشی لە توان و توانستی مندا بێ، پەیمان و بەڵێن بێ، دریغی نەکردن بێ.

بۆ گەیاندنە ئەنجامی ئەم کارە سوپاس و پێزانیم بۆ هەر سێ کوڕو براو هاوڕێ و خوێندکاری زیرە ئازیزم: ئازاد ئەمین باخەوان و ئەحمەد حەسەن فەتحوڵا و محەمەد حسەین زەهاوی ڕادەگەیەنم، کە لە دەستخستنی سەرچاوەو سازکردنی پاشکۆکان و کۆمپیوتەرکردنی ئەم بەرهەمەدا بە سینگێکی فراوان و گیانێکی ماندوونەناسیەوە، دڵسۆزانەو کوردانە کۆمەک و هاریکارییان کردووم... ملکەچی ئەمەک و وەفایانم... هیوامە بۆ کوردو بۆ گشت، تەمەن درێژو لەش ساغ بن.

*** د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف یەکێکە لەو سەربازە نەناسراوانەی هیچ شتێک لە بارەی ژیانییەوە نازانین، دەکرێ بزانین ئەوڕەحمانی حاجی مارف کێیە؟... خۆ ئەگەر لەگەڵ ئەمەدا لیستێکی بەرهەمەکانیشتمان پێشکەش بکەن، بێگومان خوێنەری پەرۆشی کورد پتر ئاشناو ڕۆشنا دەکەن!...**

– بەندە (١١/٩/١٩٤٠) لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە... خوێندنی سەرەتایی لە (قوتابخانەی گوێژەی کوڕان) تەواو کردووەو ئەوجا (ئامادەیی کوڕانی سلێمانی)... ساڵێک لە بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانستگای بەغدا خوێندوویەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، کە بە یەکەم دەرچووە، وازی هێناوە و چووە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت. سیازدە ساڵ لەوێ ژیاوەو لە بەشی ڕووسیی کۆلێجی ئادابی لێنینگراد بە پلەی ئیمتیاز بەکالۆریۆس و ماجستێری لە زمان و ئەدەبی ڕووسیدا وەرگرتووە... بەدوای ئەمەدا لە



ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستیی سۆڤێت لە لێنینگراد خوێندوویەتی و بە پلەی ئیمتیاز بڕوانامەی دوکتۆری لە زمانی کوردیدا پێ دراوە.

ساڵی **١٩٧٣** گەڕاوەتەوە وڵات و لە کۆڕی زانیاری کورد دامەزراوە. ساڵی **١٩٨٦** گوێزراوەتەوە بەشی کوردی کۆلێجی پەروەردەی زانستگای بەغدا.

لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە مەیل و ئارەزووی خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی و بێگانەی هەبووە... لە نێوان ساڵانی **١٩٥٩-١٩٦٠**دا بە نازناوی (سکاڵا)وە لە گۆڤاری (هیوا)دا چەند وتارێکی بڵاوکردووەتەوە. لەو دەمەدا، کە خوێندکاری دوکتۆرا بوو –واتە لە نێوان ساڵانی **١٩٦٩-١٩٧٢**دا– زنجیرەیێک وتاری بە ڕووسی و کوردی لە بارەی فەرهەنگە کوردییەکانەوە نووسی و چەند کورتە چیرۆکێکی لە ڕووسییەوە کردە کوردی...

کاری بە کاری زانستی و خەرمانی بە بەرەکەتی لە سەرەتای حەفتاکانەوە تا ئەمڕۆ کتێبخانەی کوردییان ئاوەدان و دەوڵەمەند کردووە. دەیان کتێب و وتاری زانستی دەربارەی زمانی کوردی بڵاوکردووەتەوەو چەندین وتارو چیرۆک و شانۆنامەی لە ڕووسیەوە کردووەتە کوردی.

فەرموون لەگەڵ هەندێ لە بەرهەمەکانی:

أ) کتێب:

١– چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا، **١٩٧٣**.

٢– هەندێک بیروڕای هەڵە لە بارەی زمان و مێژووی کوردەوە، بەغدا، **١٩٧٣– ١٩٧٤** (بەرهەمێکی د. قەناتی کوردۆیەو د. ئەوڕەحمان لە ڕووسیەوە کردوویە بە کوردی).

٣– وشەی زمانی کوردی، بەغدا، **١٩٧٥**.

٤– زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، بەغدا، **١٩٧٦**.

٥- وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧.

٦- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم (ناو)، بەغدا، ١٩٧٩.

٧- چارەنووسی ئادەمیزاد (ڕازێکی میخایل شۆلۆخۆڤ)ە لە ڕووسیەوە کردوویە بە کوردی، بەغدا، ١٩٨٠.

٨- دوژمنان (شانۆنامەییێکی مەکسیم گۆرکی)یە لە ڕووسیەوە کردوویە بە کوردی، بەغدا، ١٩٨١.

٩- لووت و کرێوە (دوو چیرۆکی گۆگۆل و پوشکین)ن، بەغدا، ١٩٨٢.

١٠- خێزانۆچکەیەکی ڕووخۆش (بەرهەمێکی نیکۆلای نۆسۆڤ)ە، بەغدا ١٩٨٤.

١١- نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، بەغدا، ١٩٨٦.

١٢- لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٧.

١٣- لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانی کوردییەوە، بەغدا، ١٩٨٧.

١٤- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم (جێناو)، بەغدا، ١٩٨٧.

١٥- ڕابەری سەرچاوە لە بارەی زمانی کوردییەوە، بەغدا، ١٩٨٩.

١٦- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی سێیەم (ئاوەڵناو) بەغدا، ١٩٩٢.

١٧- چەپکێ کورتە چیرۆکی ڕووسی، سلێمانی، ١٩٩٨.

١٨- ڕەخنەی ناڕەختە، سلێمانی، ١٩٩٨ (کەساس جەبباری بڵاوی کردووەتەوە).

١٩- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم (ژمارەو ئاوەڵکردار)، بەغدا، ١٩٩٨.

٢٠- سەرەتایێکی زمانناسی، سلێمانی،١٩٩٨ (لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی).



٢١- ڕەخنەی ناڕەختە، بەرگی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩ (کەساس جەبباری بڵاوی کردووەتەوە).

٢٢- دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا، بەغدا، ٢٠٠٠.

٢٣- زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشەو زاراوەی نوێ، بەغدا، ٢٠٠٠.

٢٤- بنج و بناوانی هەندێ وشە، بەغدا، ٢٠٠٠.

٢٥- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم. (کردار)، سلێمانی، ٢٠٠٠.

...و هەندێکی دی.

ب) وتار:

١- لە بارەی کوردناسییەوە لە ڕووسیاو یەکێتیی سۆڤێت، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، ب ٢، ژ ١، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٤٩٩- ٥٦٨.

٢- لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، بەشی یەکەم، ب ٢ ، ژ ٣، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٨١- ١١٦، بەشی دووەم، ب ٣، ژ ١، بەغدا، ١٩٧٥، ل ٢٠٧- ٢٤٠.

٣- بنچینەی دانانی فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبی بۆ قوتابخانە، گۆڤاری «پەروەردەو زانست»، ژ ٦، ساڵی ٣، بەغدا، ١٩٧٣، ل ٥٧- ٨٤.

٤- موجز تأريخ وضع القواميس الكرديه، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، ب ٣، ژ ١، بەغدا، ١٩٧٥، ل ٧٠٥- ٧٢٨.

٥- چەند وشەیەک دەربارەی کۆمەڵە دەستنووسە کوردییەکانی ئەلێکساندر ژابا، گۆڤاری «بەیان»، ژ ١٠، بەغدا، ١٩٧٣، ل١٠و ١٣.

٦- کارە زانستییەکانی (پیوتەر لێرخ)،گۆڤاری «بەیان»، بەغدا، ١٩٧٥، ژ ٣٢، ل ١-٥.

٧- لە بارەی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە، گۆڤاری «بەیان»، بەشی

یەکەم، ژ ١٢، بەغدا، ١٩٧٤، ل ١٤و ٢٦- ٢٧؛ بەشی دووەم، ژ ١٣، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٢-٣؛ بەشی سێیەم، ژ ١٤، بەغدا، ١٩٧٤، ل ١٣-١٥.

٨- بزانین یەکیزارۆڤ دەربارەی کورد چی نووسیوە؟، گۆڤاری «بەیان»، ژ ٣٤، بەغدا، ١٩٧٦، ل ١-٥.

٩- هەولێکی سەرەتایی بۆ دۆزینەوەی نیشانەکانی ناسیاوی و نەناسیاوی لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا، گۆڤاری «زانکۆ»، ب ٣، ژ ٢، سلێمانی، ١٩٧٧، ل ١٢٢- ١٦٦.

١٠- کۆی ناو لە زمانی کوردیدا، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، ب ٦، بەغدا، ١٩٧٨، ل ١٨٥- ٢٢٢.

١١- بەرکولێکی هەڵە زانستییەکانی کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەی کوردستان موکریانی، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ ٧٠، بەغدا، ١٩٧٨، ل ١١- ١٨.

١٢- با ڕێزی لێکۆڵینەوەی زانستی بگرین، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، بەشی یەکەم، ژ ٧٢، بەغدا، ١٩٧٩، ل ١٧- ٢٥؛ بەشی دووەم، ژ ٧٣، بەغدا، ١٩٧٩، ل ١٩- ٢٩؛ بەشی سێیەم، ژ ٧٤، بەغدا، ١٩٧٩، ل ١٦- ٢١، بەشی چوارەم، ژ ٧٥، بەغدا، ١٩٧٩، ل ٤٧- ٥٣؛ بەشی پێنجەم، ژ ٧٦، بەغدا، ١٩٧٩، ل ١١- ١٧.

١٣- کورتەیەک لە زانستی ڕێزمان، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ ٦٧، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٤٥- ٤٨.

١٤- کارێکی گەورە لە باسی ئیدیۆم لە زمان و فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، گۆڤاری «بەیان»، ژ ٦٣، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٢-٦.

١٥- کورتەیەکی مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد»، بەرگی هەشتەم، بەغدا، ١٩٨١، ل ٦٦- ١٢٠.



١٦- (هەڵسەنگاندن)... بەڵێ، بەڵام بە کام تەرازوو؟ گۆڤاری «ڕۆژی کوردستان»، بەشی یەکەم، ژ ٦١، بەغدا، ١٩٨١، ل ٦٤- ٧٢؛ بەشی دووەم، ژ ٦٣، بەغدا، ١٩٨١، ل ٨٤- ٩٨؛ بەشی سێیەم، ژ ٦٤، بەغدا، ١٩٨١، ل ٥٤- ٦١.

١٧- گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد»، بەرگی نۆیەم، بەغدا، ١٩٨٢، ل ١٦- ٧٧.

١٨- مووروی ماڵاوسێ مەگەر بەشەو بکرێتە مل، گۆڤاری «نووسەری کورد»، ژ ٩، خولی دووەم، بەغدا، ١٩٨٢، ل ٥١- ٧٤.

١٩- پێداچوونەوەیێکی هەندێ بیروڕای زمانەوانیی مامۆستا مەسعوود محەمەد، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، بەشی یەکەم، ژ ٩٠، بەغدا، ١٩٨٢، ل ١٠- ١٥؛ بەشی دووەم، ژ ٩٢، بەغدا، ١٩٨٢، ل ١٣- ١٨.

٢٠- چەند وشەیەک دەربارەی (لەگەڵ دەنگسازیی کوردیدا)، گۆڤاری «بەیان»، ژ ٩٠، بەغدا، ١٩٨٣، ل ٦٢- ٦٩.

٢١- ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە، گۆڤاری «کاروان»، ژ ٤، هەولێر، ١٩٨٣، ل ٣٩- ٤٧.

٢٢- هەولێکی مەزنی نوێ لە جیهانی فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، گۆڤاری «کاروان»، ژ ١٧، هەولێر، ١٩٨٤، ل ٢٢-٢٩.

٢٣- چی تریش لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، گۆڤاری «کاروان»، بەشی یەکەم، ژ ٢٣، هەولێر، ١٩٨٤، ل ١٦- ٢٢؛ بەشی دووەم، ژ ٢٤، هەولێر، ١٩٨٤، ل ١٤- ٢٦.

٢٤- بیبلیۆگرافیای ئەو وتارانەی لە ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٩دا لە بارەی زمانی کوردییەوە بە کوردی لە گۆڤارەکاندا بلاوکراونەتەوە، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد»، ب ١٣، بەغدا، ١٩٨٥، ل ١٠٧- ١٥٧.

٢٥- بیبلیۆگرافیای وتاری زمانەوانی لە بارەی زمانی کوردییەوە لە گۆڤارە کوردی و بێگانەکانی ساڵانی ١٩٤٠- ١٩٧٠دا، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، بەشی یەکەم، ژ ١٠٥، بەغدا، ١٩٨٥، ل ١٢١- ١٣٤؛ بەشی دووەم، ژ ١٠٦، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٩٠- ١٠٢.

٢٦- جێناوی کەسیی جودا لە زمانی کوردیدا، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد»، ب ١٢، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٤٥- ٩٥.

٢٧- جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا، گۆڤاری «کاروان»، بەشی یەکەم، ژ٣٣، هەولێر، ١٩٨٥، ل ٢٧- ٣٨؛ بەشی دووەم، ژ ٣٤، هەولێر، ١٩٨٥، ل ١٦- ٢٥.

٢٨- جێناوی کەسیی لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا، گۆڤاری «کاروان»، ژ٣٨، هەولێر، ١٩٨٥، ل١٣-٢٠.

٢٩- چۆنیەتی لکانی جێناوی کەسیی لکاو بە کردارەوە لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا، گۆڤاری «ئۆتۆنۆمی»، بەشی یەکەم، ژ ٢، ساڵی نۆیەم، هەولێر، ١٩٨٥، ل ١١٢- ١٢٣، بەشی دووەم، ژ ٣، ساڵی نۆیەم، هەولێر، ١٩٨٥، ل ٧٢- ٨١.

٣٠- ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق-دەستەی کورد»، بەرگی دەیەم، بەغدا، ١٩٨٦، ل٧٦-١٣٢.

٣١- کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی (جێناوی کەسیی لکاودا) کراون، گۆڤاری «کاروان»، ژ١٩، هەولێر،١٩٨٥، ل٢٢-٣٣.

٣٢- چەند کێشەیەکی زمانناسی، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد»، ب١٥ ،بەغدا، ١٩٨٦، ل٢٥-٦٧.

٣٣- بە زمانی ڕووسی چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە؟، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق - دەستەی کورد»، ب١٦-١٧، بەغدا،



١٩٨٧، ل٥٦-٩٠.

٣٤- ئاوەڵناو لای هەندێ زمانەوانانی کورد و بێگانە، گۆڤاری «کاروان»، ژ٧٠، هەولێر، ١٩٨٨، ل١٠- ١٨.

٣٥- کورتە هەڵسەنگاندنێکی شەش کار لە لێکۆڵینەوەی ئاوەڵناودا، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» ژ ١١٧ بەغدا، ١٩٨٨، ل٣٦-٤٥.

٣٦- پلەکانی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق - دەستەی کورد»، ب١٨-١٩، بەغدا، ١٩٨٨، ل٣٥٦-٣٩٦.

٣٧- ئاوەڵناو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ»، ژ١١٨ ،بەغدا، ١٩٨٨، ل١٣٨-١٤١.

٣٨- جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی واتاوە، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ١١٩، بەغدا، ١٩٨٨، ل٩٩-١٠٥.

٣٩- ژمارە وەک بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن و جۆرەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ ١٢٤، بەغدا، ١٩٨٩، ل٩٦-١١٦.

٤٠- ئاوەڵکردار لە ڕووی واتاوە، گۆڤار «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ ١٢٥، بەغدا، ١٩٩٠، ل٩٣ -١٠٠.

٤١- بنەما سەرەکییەکانی زمان، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد»، ب ٢٣-٢٤، بەغدا، ١٩٩٢، ل ٧٨-٩١.

٤٢- کرداری یاریدەدەر، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ ١٢٩، بەغدا، ١٩٩٢، ل ٩-١٧.

٤٣- ئەو کارانەی ڕێژەیان لە دەستوور لادەدەن، ، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ١٣١، بەغدا، ١٩٩٣، ل ٢٥-٣٣.

٤٤- کرداری کارا دیارو کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد»، ب ٢٥- ٢٦، بەغدا، ١٩٩٤، ل ٦٦- ٩٧.

٤٥- وتاری کارپۆلێن کردن بەپێی ڕۆنان و چەند سەرنجێک، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ١٣٩، بەغدا، ١٩٩٧، ل٨- ١٦.

٤٦- چاوگ و کێشەی کردار لە زمانی کوردیدا، ، گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»، ژ ١٤٠، بەغدا، ١٩٩٧، ل ١٢- ٢١.

٤٧- بنەمای کردار، گۆڤاری «پەیڤین»، سلێمانی، ژ ٦، ١٩٩٨، ل ١٧- ٤٣.

٤٨- زمانی ئەدەبی، گۆڤاری «گەلاوێژی نوێ»، ژ ١٠، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٢٣- ٣٣.

٤٩- کوردەکانی پشت قەفقاس، گۆڤاری «گەلاوێژی نوێ»، ژ ٧، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٩٦- ١٠٧.

٥٠- پەیدابوونی زمان، گۆڤاری «مرۆڤایەتی»، ژ ٤، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٢٦،- ٣٣.

...و گەلێکی دی.

لە ڕۆژنامەی «برایەتی»و «التـأخی»و «پاشکۆی عیـراق»و «العـراق»و «هاوکاری»و «ئاسۆ»و... گۆڤاری «ڕەنگین»و «بەیان»...دا چەندین وتاری سووکەڵەی بڵاوکردووەتەوە.

بەناوی (ئاری)و (دارا گەرمیانی)و (ئازاد باراوی)و (شوان باراوی)و (میدیا)و (موکریان)یشەوە لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ»و هەفتەنامەی «الاتحاد»و گۆڤاری «گەلاوێژی نوێ»و «پەیڤین»و «مرۆڤایەتی»و «کاروان»...دا ژمارەیێک وتاری نووسیوە.

*** لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی ڕابردوودا کۆمەڵێ بروانامەی (ماستەرو دوکتۆرا) دەربارەی بوارەکانی زمانی کوردی وەدەست هێنراون، دەکرێ کەمێ لەو بارەیەوە بۆمان بدوێی، ئایا بە ڕای جەنابتان ئەو بروانامانە هەقی کارە زانستییەکەیان داوە؟**

– ساڵی خوێندنی ١٩٨٦- ١٩٨٧ لە بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی



زانستگای سەلاحەددین خوێندنی باڵا (سەرەتا تەنیا ماجستێر) کرایەوە... لەم یەکەم خولەدا پێنج خوێندکار وەرگیران، کە سیانیان: (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی؛ ڕەفیق محەمەد شوانی؛ مەحموود ئەحمەد فەتحوڵڵا) بۆ زمان بوون.

پاش یەکەم ساڵی خوێندنیان، کەوتنە قۆناغی نامەکانیان، کە ئەمانەش بابەت و مامۆستایانی سەرپەرشتیان بوون:

١- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی -(نادیاری لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد)- د. محەمەد مەعرووف فەتتاح.

٢- ڕەفیق محەمەد شوانی-(ئەو وشانەی لە چاوگ وەردەگیرێن)- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف.

٣- مەحموود ئەحمەد فەتحوڵڵا -(کار تەواوکردن لە کوردیدا)- د. محەمەد مەعرووف فەتتاح.

ئەلحەق هەر سێکیان خوێندکاری کاراو کارامەبوون. گەرچی (ڕەفیق) پێنج مانگێک بەر لە هاوەڵەکانی نامەکەی تەواو کردو لە (١٩٨٨/٥/٢٥)دا وتوویژ دەربارەی کرا، بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگەی ئەوەی، بڵێین ئەو زیرەکترو زرنگتربێ... ڕۆژی (١٩٨٨/٩/٢٩) ئەوی (مەحموود)و، (١٩٨٨/١٠/٢٩)یش ئەوی (فەرەیدوون) تاووتوێ کران و هەڵسەنگێنران... بەم چەشنە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا لە مەیدانی زمانی کوردیدا یەکەم زانکۆی کوردستان سێ کادری خاوەن ماجستێرنامەی پێگەیاند.

لە خولی دووەمدا (بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید)، (طالب حسێن عەلی)، (مستەفا محەمەد زەنگەنە)؛ (شلێر رەسووڵ بەرزنجی)؛ (فەتاح مامە عەلی) وەرگیران. لە چەند خولی دواتراو تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٦، ئەم خوێندکارانەش: (یوسف شەریف سەعید)؛ (کەوسەر عەزیز ئەحمەد)؛ (عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد)؛ (ئەحمەد حەسەن فەتحوڵڵا)، (عەبدوڵڵا حسێن

رەسووڵ)؛ (ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن)؛ (بەکر عومەر عەلی)؛ (هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران)؛ (هۆگر مەحموود فەرەج)؛ (ئەبوبەکر عومەر عەلی)؛ (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی)؛ (قەیس کاکل تۆفیق)؛ (مەهاباد کامل عەبدوڵڵا)؛ (ئاواز حەمە صدیق)و چەندینی دی ماجستێرنامەیان وەرگرت و، دواتر بەشێکی زۆریان یان لە هەولێر یان لە بەغدا، یان لە سلێمانی دوکتۆراشیان تەواوکرد.

لە هەولێر: (فەرەیدوون عەبدول)؛ (بێخاڵ عەبدوڵڵا سەعید)؛ (طالب حسێن عەلی)؛ (مستەفا محەمەد زەنگەنە)؛ (فەتاح مامە عەلی)؛ (یوسف شەریف)؛ (قەیس کاکل)....

لە بەغدا: (عەبدوڵڵا حسێن ڕەسووڵ)؛ (ڕەفیق محەمەد شوانی)؛ (ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن)؛ (کەوسەر عەزیز ئەحمەد).

لە سلێمانی: (بەکر عومەر عەلی)؛ (هۆگر مەحموود فەرەج)؛ (هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران)؛ (ئەبوبەکر عومەر قادر).

ساڵی ١٩٩٤ بەشی خوێندنی باڵا (ماجستێرو دوکتۆرا) لە بەشی کوردیی کۆلێجی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)ی زانستگای بەغدا دامەزرا. ئەمە بیرۆکەی د. ئەمین مۆتابچی بوو و ئێمەش: د. نەسرین محەمەد فەخری و مامۆستا وریا عومەر ئەمین و بەندە پشتگیریمان کردو چەندین کادرمان پێگەیاند... بەداخەوە چوار ساڵێک لەمەوبەر سەرۆکی بەش، کە وریا عومەر ئەمین بوو، بەوپەڕی بێ پەراوییەوە پێی ڕاگەیاندین، کە ڕاپۆرتی بۆ داخستنی نووسیوەو دەیووت، چونکە من پێیان دەگەیەنم و، کەچی ئەوان دەبنە دوژمنم... بە کورتی «بە گورگان خواردوویدا»... د. ئەمین زۆر لێی دڵگران بوو و دەیووتەوە، بەشەکەی کردووە بە دووکانی باوکی... خواو ڕاستان کردی، ساڵێکی پێ نەچوو، ئەو کورسییەی بە هەموو دنیای نەدەدا، لە ژێریان هێنایە دەرێ و «دار درا بە رۆحیدا»و د. فوئاد حسێنیان کردە سەرۆکی بەش... بۆ مێژوو دەڵێم: یەکەم کاری ئەم سەرۆکە نوێیە، ئەوە بوو



قەرەبووی ئەو زیانە گەورەیە بکاتەوە، کە م. وریا دابووی... چاک بوو لە ماوەیەکی کەمدا، بە هەوڵ و ئارەقەی ناوچەوانی، دڵسۆزانەو گوردانە توانی کارێ بکا سەر لە نوێ خوێندنی باڵا بەرقەرار بێ و هەزارجار ماڵی ئاوابێ.

بە هەرحاڵ لەم هەشت نۆ ساڵەدا چەندین کادری ماجستێرو دوکتۆرامان پێ گەیاند. من بۆ خۆم پتر ئارەزووم لەسەر دەرزوتنەوە بوو، نەک سەرپەرشتی کردنی نامە... بەوپەڕی سەربەرزییەوە دەڵێم: لە پلەی ماجستێردا چوار خوێندکارم: (لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ)و (ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان)و (محەمەد حسەین زەهاوی)و (ئازاد ئەحمەد مەحموود)، کە تا ئەمڕۆ وتووێژ لە بارەی نامەکانیانەوە کراوە، لیژنە بە گشتیان پلەی باڵا (ئیمتیاز)ی داوە... بێگومانم (سۆزان سەعدوڵڵا)ش، کە پاش مانگێکی دی دەچێتە بەردەم لیژنەی لێدوان و هەڵسەنگاندن سەرکەوتوو دەبێ.

گەرچی زوربەی زۆری خوێندکارانی باڵای بەشەکەی ئێمە، خەڵکی ناوچە رزگارنەکراوەکان بوون و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییان بە زمانی کوردی نەبووە، بەڵام یاراو بە بەهرەبوون و سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێناوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دوو ڕاستی بخەمەڕوو:

١- ڕژێم دوو سێ کوردی کوردفرۆشی گەندەڵ و دەبەنگی بەسەردا سەپاندین و چارەنووسیان یان دەرنەچوون بوو، یان بە نمرەی هەرە نزم تێپەڕبوون.

٢- بە هیچ چەشنێک ڕێگا نەدەدرا خەڵکی سلێمانی وەربگیرێ.

کاتێ لە سلێمانی خوێندنی باڵا کرایەوە، سەرەتا بۆ دوکتۆرای زمان (هۆگر مەحموود فەرەج)و (بەکر عومەر عەلی) وەرگیران. لە خولی دووەمدا (هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران)و (ئەبوبەکر عومەر قادر)... هەر چواریان کە ئێستا کە خاوەنی بڕوانامەی دوکتۆران، سەرکەوتووانە تەواویان کردو

بەتایبەت (هۆگر)، کە پلەی باڵای پێ درا.

ئەمساڵیش (صەباح ڕەشید قادر) بووەتە خوێندکاری خوێندنی دوکتۆرا. ئەم (صەباح رەشید قادر)ە لەگەڵ (حاتەم ولیا)و (دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی) یەکەم دەستەی خوێندنی ماجستێر بوون... بەدوا ئەماندا (ڕووناکی مەحموود بۆمبا)و (عادل ڕەشید قادر)و (محەمەد عومەر عەول) و ژمارەیەکی دی بوونە خاوەن بڕوانامە.

... (١٠)

تا ئێرە ناوی بەشێک لەوانەی خوێندنی باڵایان تەواو کردووەو بڕوانامەی ماجستێر یان دوکتۆرایان پێ دراوە... ئەوجا دێمە سەر بەندی کۆتایی ئەم پرسیارەتان، کە وتووتە: «ئایا بەڕای جەنابتان ئەو بڕوانامانە حەقی کارە زانستییەکەیان داوە؟».

من ناڵێم نامەی کزو لاوازیان تێدا نییە، بەڵام بەبێ دوو دڵی و، بەبێ سێ و دوو و، بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە چەندین جاو لە کۆڕو کۆبوونەوەدا وتوومەو ئێستاش ئەو شایەتییە دەدەم، زۆربەو زۆراتییان کاری گەورەو گران و زانستییان پێشکەش کردووە... تەنانەت چەند نامەیەکی ماجستێریان ئەوە هەڵدەگرن بڕوانامەی دوکتۆرایان پێ وەربگیرێ و، نامەی دوکتۆرای ئەوتۆشیان تێدایە، کە دەبوو زانکۆکان چاپیان بکەن و بیانکەنە کتێب و وەربگێڕرێنە سەر زمانانی دی... بەڵام هەزار حەیفو مەخابن، کە دوو هۆ ئەو ڕاستییەی شێواندووە:

١- ئاست نزمیی کەمێکی نامەکان.

٢- (دەردەکورد)، کە ئەمیش دوو لایەنە:

أ) پڕوپاگەندە دژی یەکتری و چاوهەڵنەهاتن بە بەهرەی دۆست و برادەران و نەیاری و دوژمنی کردنی لێهاتووان.

ب) خۆ بە هیچ زانین و نەبوونی بڕوا بە یاراو توانستی لاوو خۆرتی کورد. من بەش بە حاڵی خۆم چەند دیاردەیەکی زەقی نالەبار وروژاندوومیان:



١- لە وتوویژی هەندێ نامەدا یەکێک لە ئەندامانی لیژنە، کە پێوەندیی لەگەڵ مامۆستای سەرپەرشتدا خراپ بووبێ، هەوڵی داوە ڕک و کینەو داخی دڵی خۆی بە خوێندکارە بە لەنگازەکە برێژێ.

٢- کەسێک بۆ ئەوەی تاریفی خۆی بکا، بە گاڵتەجاڕییەوە باسی نامەی ئاوەڵەکانی کردووە.

٣- لە ناو بازاڕو لای نیمچە خوێندەواران و تەنانەت لای هەندێ خوێندەواری گەورەش باسی نامەکانی بەشی کوردیم بە خراپی بیستووە... کە چووشمەتە بنج و بناوانی، پێیاوان وتووم، کە مامۆستاکانی بەشی کوردی خۆیان وا دەڵێن.

٤- ئاست و ڕادەی تێگەیشتنی خەڵک وایە، کە دەبینێ وتوویژێک چوار پێنج کاتژمێر دەخایەنێ، ئیتر وا بیردەکاتەوە، ئەو نامەیە بێ کەڵک بێ... ئەوانە ئەوە نازانن کە (بەرد دەگیرێتە درەختی بەردار).

بەندە لە هەڵسەنگاندنی نامەدا، نەک هەر لە شێوازو ڕێبازو بەرنامە...ی دەدوێ، تەنانەت هەڵەکانی ڕێنووس و خاڵبەندی و چاپیش دەخاتەڕوو... بەڵام بێ ترس و سڵکردنەوە، ئەو ڕاستییەش (بەتایبەت بە خوێندکاری ماجستێر) دەڵێ، کە خۆی لە تەمەن و دەوری ئەواندا، وەنەبێ لەوان باشتر بووبێ و پێویست بە لاف و گەزاف ناکا... جا ئەم نامانەش سەرەتای چوونە نێو زانستەوەیەو دیارە لە کەموکورتی بەدوورنین.

ڕەنگە خراپ نەبێ، گەر دوو لایەن و ئالیی دی خوێندنی باڵا باسا بکەم:

**یەکەم:**

بەرپرسیاران ئەو ساڵەی خوێندکاران وەربگرن، دوو کەس بۆ ماجستێرو دوان بۆ دوکتۆرا دادەنێن... چ لە خاوەن دەستەڵاتی گەورەو، چ لە خاوەن بڕوانامەم بیستووە، کە ئەو هەموو ماجستێرو دوکتۆرایەمان بۆ چییە... لەبەر چاوی هەمووان وتوومە، گەر بە دەست من بێ، بۆ هەر خولێک لە (١٠) دە کەس کەمتر وەرناگرم، چونکە:

ئەوە مامۆستایەو دەرز دەڵێتەوە... ئێدی ژمارەی خوێندکارەکانی دوان بن، یان دە، دەرز هەر هەمان دەرزەو ئەو پارەیەش کە دەیدرێتێ هەمان ئەندازەیە -واتە ژمارەیان هەر چەندێ بێ، زانستگا مەسرەفی زیادیان بۆ ناکا...

لە بیرمە ساڵی **١٩٦٩** کە پرۆسەی کردنەوەی زانستگای سلێمانی هاتە ئاراوە، بیانووی رژێم ئەوە بوو، کە کادر نییەو تا رادەیەکیش راستی دەکرد... یاخود، کە لە دهۆک بەشی کوردی کرایەوە، گەر پێشتر زانستگای سەلاحەددین و بەغدا کادری پێ نەگەیاندایە، ئەی مامۆستایان لە کوێوە بۆ بهێنایە... کاتێ لە کۆیە بەشی کوردی دامەزرا، گەر کادرە پێشکەوتووەکانی سلێمانی نەبوونایە، کێ دەرزی بوتایەتەوە، لە کەرکووک و خانەقین و کۆلێژی زمانی زانستگای بەغدا، کە نیازی کردنەوەی بەشی کوردی هەیە، تۆ بڵێی ئەوانیش کادریان نەوێ... لە هەندێ ولاّتی ئەوروپا دەیانەوێ بەشی کوردی بکەنەوە، ئەی کێ بەهانای ئەمانەوە بێت؟ کوا ئەوەم بە چاوی خۆم ببینیایە نیوەی کورد بڕوانامەی بالاّی هەبوایە!...

لە سەرێکی دیبەوە، ئەوەی بڕوانامەی ماجستێر یان دوکتۆرا وەردەگرێ، وا تێ دەگا دەبێ هەر مامۆستای زانستگا بێ... ئەوەتە لە ولاّتێکی وەک فەرەنسا زوربەی مامۆستایانی دواناوەندی خاوەن بڕوانامەی بەرزن... جا پێویستە ئەوانەی لای ئێمە، ئەو راستییە تێ بگەن و دژی ئەوە نەبن لە دەزگایەکی دی فەرمانبەر بن... بەلاّم حکومەتیش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرێ، کە دەرماڵەی ئەوانە، وەک هاورێکانی زانکۆیان بێ.

دوو گلەیی برایانەم لە هەندێ لەوانەی ماجستێرو دوکتۆرایان وەرگرتووە، هەیە:

١- وا بیردەکەنەوە، کە نازناوی گەورەیان وەرگرتووە، ئیتر بە مرادی خۆیان گەیشتوون و بۆیە پاڵیان لێ داوەتەوەو شەونخونی ناکەن بۆ ئەوەی بە بەرهەمی بەپێز راژەو خزمەتی زمانی شیرین و دەلالی کوردی بکەن.

٢- بەدەست ئەوان بێ خوێندنی بالاّ دادەخەن، چونکە وا تێ دەگەن



جێگەی ئەوان لەق دەکەن و نازانن گۆڕەپان و مەیدان هێندە فراوانە بەشی هەمووان دەکا.

*** ئاخۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەم سەردەمەدا تا چ رادەیەک یەکخستنی زمانی کوردی خێراتر دەکات؟ لەگەڵ دروستبوونی ئەو دەوڵەتەدا لایەنی جوگرافی نابێتە رێگر؟**

- گەر دەوڵەتی کوردی هەزار ساڵ لەمەوبەریش دروست ببوایە، نە ئێستاش و نە هەزار ساڵی ئایندەش (یەکخستنی زمان)ەکەمان نە بەخۆوە دەبینی و، نە بەخۆوە دەبینین... ئێمە بە بەرچاوی خۆمانەوە، هەست و دەرک بەوە دەکەین، کە دوو دراوسێی دیوار بەیەکەوە لە شێوەی دەربڕین و، بەکارهێنانی وشەو، دارشتنی رستەدا هەر یەکەیان خاوەنی تایبەتمەندێتیی خۆیەتی... جا ئەمە دەبێ لە نێوان خەڵکی دوو گەڕەکدا؛ دوو شاردا؛ دوو دەڤەردا چەند زیاتر رەنگ بداتەوە... خۆ ئەمەش وەنەبێ هەر بۆ کورد وەها بێ، بەڵکو بۆ گشت میللەتان بە هەمان چەشنە.

دوو هۆی سەیرو سەمەرە ئەم کوێرەوەرییەی بۆ کورد هێناوەتە ئاراوە و، کە هەردووکیان جێگەی داخ و خەفەتن:

١- لێک جودانەکردنەوەی (زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو) لە (زمانی یەکگرتوو).

٢- توندرەویی هەندێ لە ئازیزان بەرانبەر ئەو زمانە ئەدەبییە کوردییە شیرین و دەلالەی نێزیکەی سەدەیەکە سەری هەڵداوە.

بەندە لە وتاری «نامەکەی (کۆڕی زانیاری کوردستان)و پرسیارەکانی لەمەڕ کتێبی (ئەلفوبێی پۆلی یەکەمی سەرەتایی)یەوە»دا هەندێ لەو کێشەیە دواوەو، وا لێرەشدا کەمێکی پێویستی ئەو باسە دووپات دەکەمەوە: (زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو) شتێکی جوداو جیاوازە لە (زمانی

یەکگرتوو). هەندێ کەس لایان وایە (زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو)مان نییە.
وا بزانم ئەو پسپۆڕو شارەزایانەی زانستانە دەڕواننە ئەو کێشەیە، لەو هزرو ڕایەدان، زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی لە سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی کردووە بە دروست بوون و ڕێگەی خۆی گرتووەتەبەرو لە گەشەسەندندایە. چۆن زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو شتێک نییە ویست و ئارەزووی ئەم پادشا؛ یان ئەو زانا سازو تەیاری بدا، بە هەمان چەشن شتێکیش نییە، چەند زانایەک بەپێی نەخشەو پلانێک ئامادەو گەڵاڵەی بکەن، بەڵکو مێژووی نەتەوە خۆی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو دێنێتە ئاراوەو، هەر نەتەوەیەکیش ڕێگەو ڕێبازی تایبەتیی خۆی هەیە لە دروستکردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوویدا.

چونکە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو لای زوربەو زۆرینەی نەتەوەکانی جیهان، لەبەر هەر هۆو سۆنگەیەک بێ لە یەکێک لە ناوچەکانی وڵاتدا سەر هەڵدەدات و دروست دەبێ، هەر بۆیەش زۆراتیی خەسڵەت و خاسیەتەکانی دیالێکتی ئەو ناوچەیەی تێدا دەبێت، کە ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی تێدا سازبووە. پاش پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە، ئەوسا لەگەڵ دیالێکتەکانی زماندا بەیەکدا دەچن و جۆرە تێکەڵ بوونێک لە نێوانیاندا پێک دێت.

کەواتە ئەم شێوە نووسینەی ئێستا لە بەشی زۆری خواروو و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێی دەخوێنرێ و دەنووسرێ، زمانی ئەدەبیمانەو، شێوە نووسینێکی یەکگرتووی کوردییە، کە سەرپاکی خوێندەوارانی کرمانجیی ناوەڕاست (سلێمانی، سۆران، موکریان، سنە...)و نووسەرانی (گۆران)و (لوڕ) بەکاری دەهێنن. ئێمە بە هیچ جۆرێک ناتوانین و ڕاست نییە، بەم شێوە ئەدەبییە بڵێین: شێوەی سلێمانی، چونکە وردەوردە گەلێک وشەی ئەم دیالێکت و دیالێکتەکانی دیی تێکەڵ بووەو، هەروەها هەندێ بنەماو یاسای ڕێزمانی جێی خۆیان تێیدا دۆزیوەتەوە.



بەم چەشنە، ئەو زمانە ئەدەبییە، ئێستاکە بووە بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان و، ئەو کوردانەی بەسێ دیالێکتی کوردی دەدوێن، بەم زمانە دەخوێنن و دەنووسن و، زمانی نووسینی ئەدەبیاتیانە... ئەو زمانە لە سەرەتاوە لە شاری سلێمانی بوو بە زمانی ئەدەبیات و بڵاوبووەوەو، هەموو ئەو تێکەڵبوون و تواندنەوەو ڕۆچوونەشی بەسەر هاتووە، کە بەسەر زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی گشت گەلاندا دێت، تا دەبێتە زمانی ئەدەبیی سەرجەمی نەتەوەکە... ئەم زمانە لەگەڵ شێوەی وتووێژی شاری سلێمانیدا جیاوازی هەیە، هەر چەندە ڕواڵەتەکەی هەر شێوەی ئەو شارەی پێوە دیارە.

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا دەشێ بپرسین:

١- ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە، بووە بە زمانی یەکگرتووی هەموو نەتەوەی کورد، یان نا؟

٢- ئەمڕۆ نەتەوەی کورد دوو زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی هەیە، یان یەک؟

٣- ئایا زمانی ئەدەبیی کوردی کردن بە دوو لەگەڵ ڕێڕەوی مێژووی نەتەوەی کوردو کەڵک و سوودی ئەو نەتەوەیە دەگونجێ، یان نا؟

٤- پەیداکردنی دوو زمانی ئەدەبی لەگەڵ پێداویستەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورددا یەکە؟

... و هەندێکی دی.

وەک وتمان ئەم زمانە -زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی ئەوانەن، کە بە هەموو بەشەکانی کرمانجیی ناوەڕاست دەدوێن و، ئەوانەی بە دیالێکتی (گۆران)و (لوڕ)یش دەئاخێون. ئەگەرچی ئەم شێوە نووسینە ئەدەبییە، هێشتا بە تەواوی نەبووە بە نووسینی ئەوانەی بە کرمانجیی ژووروو دەدوێن، کە ئەمان لەڕووی ژمارەوە زۆرینەو زۆراتیی کوردن، بەڵام شاعیرو نووسەری زۆرو گەورەیان تێدایە، کە بەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە دەنووسن.

لەبەر ئەوەی تێکڕای کورد بەم زمانە ئەدەبییە نانووسن و کۆمەڵێکی کەم

به بەشە یالێکتی جیاوازی کرمانجیی ژووروو بەرهەمەکانیان بلاودەکەنەوە، ناتوانین و ناشێ بڵێین، ئێستا کورد دوو زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی هەیە. بەم حاڵ و ئەحواڵەشەوە، هەر یەک زمانی ئەدەبیی کوردیمان هەیە... هەروەها لەو کاتەدا، کە ئەم زمانە لە دەوری بابانەکانەوە تا ئێستا زمانی ئەدەبیی ناوچەیەکی گەورەی کوردستانەو لە ساڵانی بیستیشەوە تا ئەورۆ زمانی خوێندن و نووسین و زانست...ی بەشی زۆری ئەو ناوچەیەیە... هەر لەو کاتەدا شێوە زمانێکی دی نابینین، کە لە دەوری بابانەکانەوە تا ئەم سەردەمە بەو شێوە بەرفراوانەو بەو بەردەوامییە زمانی ئەدەبیات بێت...

هەر چەندە هەندێ شاعیرو نووسەری ناوچەی بادینانیش ئێستا هەوڵ و تەقەلای ئەوە دەدەن، بە بەشە دیالێکتی بادینان بنووسن، بەڵام ئەو چەند نووسینە، ئەو بەشە زارەی نەکردووە بە زمانی ئەدەبی، نەک لە خوارووی کوردستاندا، تەنانەت لە خودی بادینانیشدا، چونکە ئەوشێوەیە تا ئێستا نەبووە بە زمانی ڕەسمی و کارگێڕیی حکومەتی هەرێم زمانی خوێندن و نووسین و زانست... بەشە دیالێکتی بادینان تا ئێستا بە زۆری هەر شێوەی ئاخاوتنی خەڵکی بادینانەو دیارە هەر لە شێوەی ئاخاوتنیشدا دەمێنێتەوە... ئەگەر هەوڵ و کۆششی ئەوە بدرێ بە بەشە دیالێکتی بادینان نووسین بلاوبکرێتەوەو پەرەی پێ بدرێ، چەند کۆسپ و تەگەرەو ئەنجامێکی سەیر لە بەردەم ئەو تەقەلایەدا دەبینرێ:

**یەکەم:**

ئەرک و زەحمەت و ماندووبوون و هەوڵی زۆرو زەوەندی دەوێ، ئەو بەشە دیالێکتە ببێ بە زمانێکی ئەدەبیی فراوان، چونکە لەبەر کەم پێ نووسینی تا ئەم ساڵانەی دوایی، کەم کەسی شارەزای ئەوتۆ هەن، پێیان بکرێ و بتوانن بە شێوەو شێوازێکی ئەدەبیی ساکارو جوان و دەلال بە بادینانی بیرو هزری خۆیان پەخش بکەن و، نووسینەکانیان بە ئاسانی و سانایی بچنە نێو خەڵکەوەو جێی خۆیان بکەنەوە... تەنانەت گەر کتێبی



قوتابخانە بە بادینانی بنووسرێ، ئەوا ئەوەندە بادینانی نووسی بە یاراو بە بەهرە دەست ناکەون، کە ژمارەی لێژنەی کتێب نووسینیان لێ تەیار و پەیدا بێ و، ئەم کارو کردەیەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی زمانی کوردی... ئەوەتە تا ئێستا نزیکەی (٩٠) نەوەد کتێبی قوتابخانە بە کوردی دانراون و هی وایان تێدایە پتر لە بیست جار چاپکراوەتەوە. وەک ئاشکراشە، ئەمە دەستکەوت و بەرهەمی دەیان ساڵ و سەدان کەسە. جا ئەگەر تەنانەت هەر ئەم لایەنەش بگرین و ئەوانی دی پشت گوێ بخەین، ئەوە بەلایەنی کەمەوە، دەبێ سەدەیەک بۆ دواوە بگەڕێینەوە... جا ئەمە چ ڕەوای حەقە؟...

وێڕای ئەو دەیان کتێبە، ئەی ئەو هەزاران زاراوە نازدارانەی بوارو دەراوی فیزیاو کیمیاو بیرکاری و... زمان و ئەدەب و مێژوو و... کە ڕەگیان داکوتاوەو لە فێرگەکان بوونەتە وێردی سەر زمانی قوتابیان، بۆ دەبێ لە بیریان ببرێتەوەو تەفروتوونا بکرێن؟...

**دووەم:**

ئەگەر ئەوەش بسەلمێنین، کە بادینانی نووسین سەر دەگرێ، ئەوە لە پاڵ هەموو ئەنجام و ئاکامی دووریدا، ئەو ڕاستییەش هەیە، کە ئەو نووسینە هەر بۆ بادینان دەست دەدات و نابێ بە زمانی ئەدەبی بۆ سەرجەم و تێکڕای ئەو ناوچانەی بە کرمانجیی ژووروو دەدوێن.

**سێیەم:**

ئەو کارو بەرهەمانەش، کە هەندێ کوردی بە توانست و لێهاتووی تورکیاو سووریا، کە ئاوارەن و لە هەندەران دەژین، تەنیا ئەوەندەیە بەرهەمی نایاب و بەنرخن، ئەگینا زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردییان دروست نەکردووەو، بە ژمارەش هێندە زۆر نین... ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێ، ئەگەر بڵێم سەدی نەوەدی بە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی نووسراوە.

لابردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، کە زۆر لە مێژە هەیەو ڕەگ ڕیشەی داکوتاوەو، بنەماو بنچینەو بناغەکەی دیالێکتی کرمانجیی

ناوەڕاستەو ، دانانی کرمانجیی ژووروو لە جێگای، نەک هەر دەبێتە کۆسپ و تەگەرە، لە ڕێگاو بەردەم گەشەسەندن و فراژۆبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوودا، بەڵکو لە کرۆک و ناوەڕۆکدا دەبێتە ڕێ خۆشکەر بۆ پەیدا بوونی دوو زمان و بوونی کورد بە دوو نەتەوە... ئەگەرچی بێ‌گومانین بەرپرسیارانی هەندێ دەڤەر بەهیچ چەشنێک بۆ ئەو مەبەستە نادروستە ئەوەیان نەکردووە، بەڵام بە هیواو هومێدین دەرک بەو ڕاستی و مەترسییە بکەن و، پێ لەسەر ئەو کارە دانەگرن... دەمانەوێ پەنجە بۆ ئەوەش درێژ بکەین، کە بەردەوامبوون لەسەر ئەو بڕیارە، بەر لە هەر شت گەلێ گیروگرفتی گەورەوگران دێنێتە ڕێی مامۆستایان و قوتابیان و، گەر ئەم هەوڵە لە ماوەیەکی کەمیشدا سەر بگرێ، ئەوا ئەنجامی دوایی و کۆتایی هەر سەرنەگرتن و سەرنەکەوتنە... جا ڕاست وایە، بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو بخوێنرێ و هەرچی دیالێکتی کرمانجیی ژوورووشە، وەک دەرزو وانەی زار بوترێتەوە.

*** وەک پسپۆڕێک لە بواری زماندا، ئایا دەکرا هەموو شتێک لەسەر زمانی کوردی بنووسن؟ مەبەستم ئەوەیە، باری زمانەوانی و زمانناسی لە کوێوە دژ بە بەرژەوەندییەکانی ڕژێم دەوەستا؟**

– لە بەهاری ساڵی (١٩٧٥)ەوەو بە تایبەت پاش نوشوستیی شۆڕشی ئەیلوول، چ دڕندەیی و جانەوەری و، چ گێلی و گەمژەیی سەرانی ڕژێم و سیخوڕە کوردەکانیان بە هەندێ کۆسپ و تەگەرەی سەرسوڕهێنەوە، نەک هەر زمانەوانانیان گیرۆدەی کێشەو مەینەتی کرد، بەڵکو سەرپاکی خوێندکارو نووسەرو ڕووناکبیریشیان گرفتاری دەردو ئازارکرد. بە وێنە:

* لە وەزارەتی پەروەردەوە نامەیەک بۆ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خوێندنی کوردی نێررابوو، کە دەبێ لە کتێبی «ئەلفوبێی پۆلی یەکەمی سەرەتایی»دا، وشەی (دارا) لابرێ، چونکە مەبەست (دارا تۆفیق)ە.

* لە سەرۆکایەتیی وڵاتەوە نامەیەک بۆ گشت دەزگا کوردییەکان نێررابوو،



کە نابێ هیچ وشەیەکی فارسی و ئەوروپایی بەکاربهێنرێ... بەڵێ لە نێوان زمانی کوردی و فارسی و زمانانی دیی هیندو ئەوروپاییدا وشەی هاوبەش زۆرن و بۆ پاساوی بەکارهێنانی هەندێ وشەی هاوبەش ڕۆژێک مامۆستایەکی کورد بە سەمیر شێخلی (کە ئەو دەمە وەزیری خوێندنی باڵا بوو و ، بەر لەو پۆستەشی بەڕێوەبەری بەندیخانە) دەڵێ: «ئەمە شتێکی ئاسایی‌یە، چونکە زمانی کوردی زمانێکی هیندو ئەوروپایی‌یە». کۆنە بەڕێوەبەری بەندیخانەش بێ ئەوەی دابمێنێ، یەکسەر شەکر دەشکێنێ و دەڵێ: «کاکە... ئێوە کە هیندین بۆ لە عیراق دانیشتوون و ناچنەوە بۆ هیند»... (لە بێ خەبەران کەشکەک سڵاوات)...

* ڕژێم بڕیاریدا خوێندن بکرێتەوە بە عەرەبی. بۆ ئەوەی ئەم کارە نابەجێ‌یەی حکوومەتی بەعس بە باش دابنرێ، چەند پەیامنێرێکی خۆفرۆشی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان کەوتنە گەڕو بۆژۆکردنی ڕووناکبیرانی کورد.

ئەوەی سەر بە میری بوو، بۆ پتر خۆ بردنەپێشەوە بە شان و باڵی ئەو بڕیارە گەندەڵەدا هەڵی دەدا. مامۆستایەک بێ پەروا وتبووی: «من لە ساڵی (١٩٧٢)ەوە ڕاپۆرتم نووسیوە، کە بەرپرسیارانی دەوڵەت ئەم کارە باشە بۆ کورد بکەن و ئێستاکە شادو بەختەوەرم، کە ئاواتەکەمتان هێنایەدی».

کەسانێکیش هەبوون هیچ گلەیی‌یان لێ ناکرێ، گەر لە ترسی زەبروزەنگی ئەو ڕژێمە فاشیستە، وەڵامێکی (نەشیش بسووتێ و نە کەباب)یان دابێتەوە...

جێگەی شایان و وەبیرهێنانەوەیە، کە مامۆستا مەسعوود محەمەد ئەو مەرجەی بۆ دانان، لەوەی دەینووسێ نابێ دەستکاریی تاکە وشەیەکی چییە بیکەن... ئەوەتە کوردانەو گوردانە فەرمووبووی: «من دوای ئەوەی (١١)ی ئازار بڕیاری بەکوردی کردنی خوێندن لە قوتابخانەکان درا، وام لە میری چاوەڕوان دەکرد، ئێستاکە پرۆسەی ئەوە بێتە ئاراوە، کە لە زانکۆی

سلێمانییش خوێندن بکرێتە کوردی، کەچی بەداخەوە لەو مافە سووکەڵەیەش پاشگەزبوونەوە».

بەندە لەسەر هەمان ڕێگاو ڕێبازی مامۆستا مەسعوود بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی، ئەو مرۆڤێکی گەورەو ناسراو و بەسەنگ و خاوەن پلەو پایەی بەرز بوو، حیسابیان بۆ کرد... لەو سەروبەندەدا من تازە هاتبوومە گۆڕێ، بۆیە مەرجەکەیان ڕەتکردمەوەو، منیش هەر هێندەم پێ کرا، بەرانبەریان خۆم ڕابگرم و هیچ وەڵامێکیان نەدەمەوە.

* ڕژێم ئەو تاقمە کوردە کولکەخوێندەوارە نەزان و نەفامەی لە دەوری خۆی کۆی کردبوونەوە، پێی ڕاگەیاندبوون هەرچی وشەی (کوردستان)ە بیکەنە (حوکمی زاتی)...

جارێک (د. کوردستانی موکریانی) بەرهەمێکی خۆی دەنێرێتە سانسۆرو کە وەری دەگرێتەوە، دەبینێ ناوەکەیان بۆ گۆڕیوە بە (حوکمی زاتی)... شوکرانە بژێریی دەوێ، کە ئەو گەمژەیەی سانسۆر مەلا نەبووەو بانگی بە گوێی د. کوردستاندا نەداوە...

لە چەندین بەرهەمی ڕێزمانیی ئەو ساڵانەمدا بوودەڵەکانی سانسۆر دەیان نموونەی شیعری، یان پەندی پێشینانیان بۆ سڕیومەتەوە، ئەویش بە بەهانەی بێ سەروبەری ئەوتۆ، کە بۆ ئەوە چاکن چیرۆکنووس بیانکاتە کەرەستەی چیرۆک.

* (کۆڕی زانیاری کورد)، واتە -ئەو دەزگا بەرزو باڵا شکۆمەندەی کورد، کە زانایان و دانایانی لە دەوری خۆی خڕکردبووەوە و لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا، گەلێ کاری گەورەو گرانی بە ئەنجام گەیاندو، سەداو دەنگی گەیشتبووە ئەوروپا- ڕژێم لە بریتی ئەوەی دەستی بگرێ و یاریدەی باشی بدا، کەچی کەوتە وێزەی... لە سەرەتادا سەرۆک و ئەمینداری گشتی دوورخستەوەو ئەوجا ئەندامان و فەرمانبەران... بۆ ئەوەش، کە ئەم کارو کردەوە دژ بە کوردو زانستە پەردەپۆش بکا، هات چەند کەسێکی بێ ئاگاو



بێ خەبەری دۆزییەوەو لە (کۆڕی زانیاری عیراق)دا بە نێوی (دەستەی کورد)ەوە دایانان... ساڵان هاتن و ساڵان ڕۆیشتن و ئەو دەستە کارتۆنییە هیچی پێ نەکرا... سەرۆکی کۆڕ لەبەر ئەوەی تەواو ئابڕوویان نەچێ، کەوتە ئەوەی لە زانایانی دیی کورد، دەستەیەکی ڕاوێژکار هەڵبژێرێ، بۆ ئەندامێتیی ئەو دەستەیە، چەند کەسێکی کەمی بێ هەڵوێست نەبێ، ئیدی ئەوانی دی هێندە خۆیان بە سووک نەدەزانی ببنە بەر دەستەی بێ دەسەڵاتانی ئەو کۆڕەو، بۆیە چ کۆڕ و، چ دەستە کارتۆنییەکەی بە مایەپووچ دەرچوون و، تەنیا ناوی خۆیان زڕاند...

ئەوەی تا ئێرە وتوومە (مشتێکە لە خەرواڕێک)و چەندین گێرمەو کێشەی دی بەرەو ڕوومان بووەتەوەو، بۆیە بە ڕاشکاوییەوە لە وەڵامی پرسیاری «ئایا دەکرا هەموو شتێک لەسەر زمانی کوردی بنووسن؟»دا، بەداخەوە دەڵێم: نەخێر...

لەو ساڵانەدا من بۆ خۆم، کە لە نووسین و وەرگێڕاندا زۆر بە گوڕ بووم، بابەتی بەبەهاو بە بایەخم بەبیردا دەهات، یان دەکەوتە بەردەست، کە پێشکەشی نەتەوەکەمی بکەم، بەڵام چ بکەم، کە بە لای ڕەگەزپەرستان و گێلەپیاوانی عەرەبەوە بڤە بوون...

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا توانیومە چەند کارێک بەسەر دەبەنگەکانی سانسۆردا تێپەڕێنم. بۆ نموونە:

هەمووی چەند مانگێک بەسەر ڕێکەوتنە مێژووییەکەی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠)دا تێپەڕیبوو (کە هێشتا خوێندکاری دوکتۆرا بووم) لە بەرلینی ڕۆژهەڵات چاوم بە مامۆستا سامی عەبدولڕەحمان کەوت و پرسیاری ئەوەم لێ کرد، بۆ هەوڵی ئەوە نادەن کوردی بە پیتی لاتینی بنووسرێ؟... بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دامەوەو وتی: دەستەڵاتدارانی عیراق گەرچی بە زەحمەت ئەوەمان لێ قبووڵ دەکەن باسی کەرکووک بکەین، بەڵام بە هیچ چەشنێک ڕازی نین گوێ لە باسی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی

بگرین... جا ئەم گرێیەی ڕەگەزپەرستانی عەرەب و بیری وردی ئێمە بۆ ڕزگارکردنی نووسینی کوردی لەو کۆت و زنجیرە هەردوو لامانی خستووەتە داوەوە...

من بەش بە حاڵی خۆم، کە ساڵی ١٩٨٦ کتێبێکم بەنێوی «نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی»یەوە بڵاوکردەوە، وێڕای ئەوەی وەک کارێکی زانستی گشت لایەنێکی ئەو باسەم ڕوونکردووەتەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ ئەوەم نیشانی خوێنەر داوە، کە بە ئەلفوبێی لاتینی نووسین، گەلێک کێشەی ڕێنووسی کوردی دەڕەوێتەوە... بە نموونە لە ئەنجامی باسی (گیروگرفتی نیگاری دەنگەکان)دا نووسیومە:

«بینیمان لەو ئەلفوبێ عەرەبی دەستکاری کراوەدا، کە بۆ نووسینی کوردی سازکراوە، نیگاری هەندێ دەنگ گیروگرفتیان هەیەو کێشەی زۆریان لە سەرەو پێویستیان بە چارەکردنە. بەڵام بێتوو لە ئەلفوبێی لاتینیدا تەماشای نیگاری ئەو چەند دەنگە بکەین، ئەوە گیروگرفتێکی ئەوتۆ بەدی ناکەین. بەو پێیە وێنەی دەنگەکانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ نووسینی کوردی لەبارترە» (ل ١٠٧).

لە گەلێ ڕەخ و ئالیی دیبەوە، بەتایبەت لە باسی (نەبوونی هەندێ پیت لە ئەلفوبێی عەرەبیدا)و (تێک بەستنی پیتەکان)...یشدا، ئەو چەشنە ڕاستییانەم درکاندووە.

لە بەرهەمە زمانەوانییەکانی دیشمدا ئەو چەشنە چاوشارکێیانەم کردووە... هەرچی بواری ئەدەبە، گەرچی پرسیاری ئەوەتان نەکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەشێ بچێتە سنوورو خانەی (دژ بە بەرژەوەندییەکانی ڕژێم وەستانەوە)، بۆیە پێم باشە کەمێک لەو لایەنەش بدوێم.

ئێوە خۆتان ئاگادارن، کە دوای ڕێکەوتننامە شوومەکەی جەزایر، شاعیران و چیرۆکنووسان دەورێکی گەورەیان بینی بۆ جۆشدانی لاوانی خوێن گەرمی کورد... هەفتانە لە کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبیدا بە ڕەمزی (داربەڕوو و کەو



و...) دنیایان دەهەژاندو ڕژێمیان وڕو ئەبڵەق دەکرد... جا من گەر شاعیرو چیرۆکنووس نەبووبم، خۆ بێ هەست و خەوتووش نەبووم تا لە کاروان و قافڵەی سەروەری دوا بکەوم... ئەمە وای لێ کردم چەند بەرهەمێکی ئەدەبی لە ڕووسییەوە بکەمە کوردی و، بەتایبەت لە نێوانیاندا «چارەنووسی ئادەمیزاد»ی شۆڵۆخۆڤ و «دوژمنان»ی مەکسیم گۆرکی... ئەم دوو بەرهەمە وێڕای ئەوەی لە ماوەی دوو هەفتەیەکدا ئەو هەزاران دانەیەی لێیان چاپکرابوو، لە کتێبخانەکاندا نەمان، بەڵکو لە زوربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانیشدا لەسەر شانۆ نمایشکران... بە کورتی دەوری پێویستی خۆیان بینی و لەلایەن دۆست و برادەرانەوە دەیان جار دەستخۆشیم لێکراوەو، تەنانەت جارێک برادەرێکم پێی وتم: «بە (چارەنووسی ئادەمیزاد) ناوبانگی تەواوت دەرکرد».

ڕاستتان دەوێ، هەموو شتێک «دژ بە بەرژەوەندییەکانی ڕژێم دەوەستا»:

* خوێندن بە کوردییان بە پرۆسەیەکی دژ بە خۆیان دادەنا، چونکە ئەوان گەر کوردیان بە عەرەبیش دانەنایە، ئەوە وەک گەجەرو گوجەری بەردەستەی خۆیان تەماشا دەکرد.

* کە دەیانبینی سلێمانی شارێکی جوانترو پێشکەوتووترە لە تکریت، ئەوە وایان دەزانی کورد تکریتی دواخستووە.

* گەر ڕۆژنامەنووسێکی بێگانە باسی خانەدانێتی مام جەلال تاڵەبانی و کاک مەسعوود بەرزانییان بکردایە، ئەوە شێتگیر دەبوون، چونکە خۆیان خوێڕیی کۆڵانان و بەفر فرۆش و ناڵبەند... بوون. لەبەردەم لە خۆبوردوویی و سیاسەتمەدارێتی و ئازادیخوازێتی و دیموکراتخوازیی ئەو دوو سەرکردەیەدا چاویان هەڵنەدەهات، لەبەر ئەوەی خۆیان لەسەداسەد بە پێچەوانەی ئەوانەوە بوون.

...و گەلێکی دی.

بەڵام گەر دەستەیەکی ئاسایی حوکمڕانی وڵاتێک بکەن، ئەوە نەک هەر

ئازادی و پێشکەوتنی گەل و وڵاتی خۆیان بە سەروەری دادەنێن، بەڵکو هی سەرجەم و سەرپاکی ئەو دنیایەش بە سەرکەوتنی خۆیان دەزانن...

جا بەش و چارەنووسی ڕژێمی صەدام دەبوو کۆتاییەکەی هەر بەو جۆرە بێ، کە بینیمان.

*** پێت وایە، کە «زمان» لەبەردەم شاعیرو نووسەری ڕاستەقینەدا زۆر دەستەپاچەیەو «وشە»ش ناتوانێ حاڵەتە جیاجیاکانی بۆ دەربڕێ؟**

– لە دەستپێکی وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم، لە ڕووی زمانەوە سێ جۆر شاعیرو نووسەرمان هەن:

١– شاعیرو نووسەری باشن و کوردییەکەیان لاوازو نارەوانە.

٢– هەست و هەوێنی شاعیری و نووسەرییان کزو لاوازەو، کوردییەکەیان دەوڵەمەندو رەوانە.

٣– هەم شاعیرو نووسەری باشن و، هەم کوردیزانی تەواون.

لەبەردەم دەستەی یەکەمدا، نەک (زمان) دەستەپاچەیە، بەڵکو شاعیرو نووسەرانی دەستەپاچەن... بۆ دەستەی دووەمیش (زمان) وەک ئەستێرەکانی شەو دەدرەوشێنەوەو ئەوان چاویان کزە... هەرچی دەستەی سێیەمە وشەکانی زمانیان کردووەتە ملوانەکەی مرواری و کردوویانەتە گەردنی کیژانی جوان و دەلالی کوردەوەو ئەمان شاعیرو نووسەری ڕاستەقینەن. جا بە پێچەوانەی پرسیارەکەتانەوە، بە ڕاشکاوییەوە دەڵێم، بۆ ئەم دەستەی سێیەمە کەڵە شاعیرو نووسەری زۆرمان هەبووەو هەیە... لێرەدا ناویان ڕیزناکەم، چونکە بۆ خۆیان دیارن و پێویستیان بە شاهیدیی من نییە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، من وا بیردەکەمەوە، کە شاعیران و نووسەران پێویستە:

١– بۆ دەوڵەمەندبوونی زمانەکەیان حیکایەتی گوێ ئاگردان و فۆلکلۆری ناوچە جیاجیاکان و سەرجەم بەرهەمی ئەدیبانیان چەندین جار خوێندبێتەوەو سەرباری ئەوەش تێکەڵ بە چین و توێژی جیاوازبن...



٢– بۆ تەکنیک و هەست بزواندن و... ئەدەبێکی زۆری بێگانەیان خوێندبێتەوە.

٣– لە تیۆریی ئەدەبدا شارەزاییی چاکیان پەیدا کردبێ.

٤– بەڵەدی سەرپاکی زانستە مرۆڤایەتی‌یەکان بن.

... هتد.

نەک تەنیا لەبەردەم ئەو شاعیرو نووسەرە گەورانەدا (زمان) دەستەپاچە نەبووەو (وشەش) نەیتوانیوە حاڵەتە جیاجیاکانی بۆ دەربڕێ، بەڵکو بۆ کەسێکی میللی وەک (ڕەحمانی بەکر)یش، بەو چەشن و جۆرە نەبووە... فەرموون، ئەوە:

١– چەند بەیتێک لەوەی بابی لەشکری دەڵێ:

**«دڵم ڕاناوەستێ لەبەر ئەوان خەمان، لەبەر ئەوان گلەییان،**
**ڕۆژم لێ هەڵات لەلای کێوی ئادێ، شەبەقێکی دەدا بنی بێنارێ، ئیدیکەم وە زارگەلییان،**
**بە لایەکدا دێ کوولەگولی شوانان، بە ئیدیکەمدا قیتوولێکی ناسکە بێرییان،**
**چوورە چوورە بازیم لە بناگوێیان خۆش دێ لەسەر دەستی دەقوشچییان،**
**هەڵات هەڵاتی شینکێ ماڵ ویران، رقەی چۆغەداری، ناسکە دەتوولەو تاژییان.**
**دەبەر نازدارێم دا هەیە کراسێکی لەوی دە قەنەوزییان،**
**خڕخاڵی زێر ڕاناوەستێ لە بەلەکان، دەکەونە سەر شلکەی پانییان (١١).**

... هتد.

٢– ئەویش چەند دێڕێک لە (مەم و زین)

**«میر ئەگەر هاتەوە، چووە دیوانێ، کاکەمەم چاری نەبوو، یایەزینی لەبن کەوڵی نا، پاڵی وە کولێنچکی وەتاغێدا. عرفۆ، چەکۆ، قەرەتاژەدین، بەکر ئاغا هەموو هات دانیشت، میر گوتی: (ها کاکە مەم چلۆنی؟). گوتی:**

**(قوربان، خولاّبکا، ڕاوی توو موبارەک بێ! ئەمن چاکم). گوتی: (کاکەمەم ڕاوی ئەوڕۆ چ پادشایان نەیان بوو! حەیفە ئەتوو دەگەڵ نەبووی). یایەزین دەگوێ کەوڵیدا گەزی خۆی بە قەرەتاژەدینی نیشاندا. قەرەتاژەدین، ئەگەر وای زانی، نۆکەری بانگ کرد، گوتی: (برۆ حەوت دەرکم هەیە؛ پووشی تێ نێ، ئاوری بدە؛ بلا ماڵە من بسووتێ)»(١٢).**

٣- ئەی کە مەولەوی دەڵێ:

**تێک ئالاّی کالاّی ئالاّی بالاّی شەنگ**
**قرچەی چرقەی جەرگ دڵ بە خەمان تەنگ**
**خشەو خشپەی خۆش، ترپەی نووکی کەوش**
**عیشوە و نەزاکەت، گرشمەی بێ خەوش**

... هتد.

*** لە بەرهەمە زمانەوانییەکانتدا بەڵگەی زۆر لە ئەدەبی کوردییەوە دێنیتەوە. وێڕای ئەوەش دەزانین لە ئەدەبی ڕووسی و ئەورووپیدا شارەزاییەکی چاکت هەیەو ئەوەتە چەندین کاری ئەدەبیت لە ڕووسییەوە کردووەتە کوردی... ئایا ئەم خوێندنەوە زۆرو ئاگادارییە باشەت نەبوونەتە هۆی ئەوەی، چیرۆک یان شیعر بنووسی؟**

– ڕاستتان دەوێ، من خۆم ددان بەوەدا دەنێم، کە بەهرەو یارای شاعیرێتی و چیرۆکنووسێتی لە خۆمدا بەدی ناکەم، بەلاّم وەک زۆر کەسی دی نیمچە هەوڵ و تەقەلام داوە... لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەوە تا چوونە کۆلێجی ئادابیش، تەقەتەقێکی ناسازم کردووە... سی ساڵێک خۆم لەو بارە گرانە دوورخستەوە، کە بە من هەڵنەدەگیرا... بەلاّم ئەم دەپازدە ساڵەی دوایی، بارودۆخی دژوارو ناهەمووارو ناخۆشیی زۆرو زەوەند بەندەی کۆلکە چیرۆکنووس و شاعیریان بزواندو چەند بەرهەمێکی ئەدەبییان پێ نووسیم:

١- لە کۆتایی هەشتاکاندا ئەو خوێندکارە کوردانەی لە بەشی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی بەغدا دەیانخوێندو بەندەش مامۆستایان بوو، دەردو



ئازاریان لە باسکردن نەدەهات... هەموشیان ڕازو نهێنی دڵیان بۆ من دەگێڕایەوە... بابەتی ئێش و مەینەتیی ئەو خوێندکارانە وایان هەژاندم، دەست بدەمە نووسینی ڕۆمانێک... نێزیکەی هەشتا لاپەڕەیەکم لێ نووسی و بە تەواونەکراوی لەمیش وەک فەرهەنگەکە دەستم هەڵگرت و ئێستاکە بێناز لەسەر مێزەکەمە.

٢- لە دوای ڕاپەڕینە مەزنە سەرانسەرییەکەی خەڵکی کوردستانەوە، چەند کورتە چیرۆکێکم نووسی و سیانیانم بەناوی خوازەی جۆربەجۆرەوە لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ»ی نازداردا بلاوکردەوە... ئەوەیان، کە پتر بە دڵمە، بەناوی «دایبی»یەوەیەو بە نازناوی (ئاری)یەوەیە. وا بزانم ساڵی (١٩٩٢) لە ژمارە (٣٦)دایە و، وا لە خوارەوە پێشکەشتانی دەکەم:

**دایبی!...**

**-ئاری-**

پتر لە دە ساڵ، بەردەوام لە خوا ئەپاڕاینەوەو زیارەتی شێخ و مشایەخانمان ئەکردو دوکتۆری بەغدادامان هەموو کرد، تا خوا منداڵێکی داینێ... ئەگەرچی ئێستا کات سەخت و ناوەختەو ژیانمان بە نارەحەتی ئەگوزەرێ، بەلاّم خۆشیی ئەو کۆرپە نازدارەی تازە بە تازە بوومانە، گشت خەم و خەفەتێکی دڵی خۆم و خێزانمی ڕەواندووەتەوە.

بەڵێ هەر شتێکی ئەم دەوروبەرەی ژیانی ئێمە دەرزو پەندی خۆی هەیە... «مرۆڤ قوتابیی‌یەو ڕۆژگار مامۆستا»... هەر چەندە ئەو ئێش و ئازارو دەردە دەروونی‌یەی ئەو دە ساڵەی پێشوو یەکجار زۆر بوو، بەلاّم هەرگیز دەرزی گەورەو شتی سەرسوڕهاوەری وەک لەم چەند مانگەی دوایی‌دا فێرنەکردم و نیشان نەدام.

یەکێک لەو دەرزە گەورانە ئەوەیە، منێک کە لە بەغدا ئەژیم و گوزەرانم تا ڕادەیەک باشە، چۆن هەمیشە بەدوا شیرو دایبی و دەرمان...دا وێڵم و چ ئەشکەنجەیێک ئەکێشم بۆ دەست خستنیان و چ درۆو دەلەسەیێک ئەهۆنمەوە

بۆ پەیداکردنیان... کاتێ ئەگەڕێمەوە ماڵێ هیچ بیر لە ماندوویی خۆم ناکەمەوەو ئەکەومە گێژاوی بەزەیی هاتنەوە بەو هەزاران هەزار باوکە بێ مانگانەیەدا، بەو ئاوارە هەژارو بێ دەرەتانانەی کوردستاندا، کە برسی و ڕووت و ڕەجاڵ کراون... جا ئەبێ حاڵی وردیلەکانیان چۆن بێ؟... ئەمە هەر بە ڕۆماننووس وەسف ئەکرێ و بە هێزی پێشمەرگە سەبەبکاریان داغان ئەکرێ...

لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری خەڵک پتر لە من ئاشنای ئەم مەینەتی و دەردی سەرییەن، لەسەری ناڕۆم و بە کورتی دەیبڕمەوە. بەڵام گەلۆ! لەم ڕۆژانەدا چەند شتێکی دی وریان کردووم:

بەیانییێک کوڕی گەورە پیاوێکی گەڕەکەکەمان لە دەرگایدا... دەرگام لێ کردەوەو دوای سلاو وتی: هاتووم بۆ پاکەتێ (دایبی)، زۆرمان پێویستە... پاش چەند ڕۆژێکی دی بۆتان دێنینەوە... منیش بە ساکاریی خۆم وتم:

- دیارە منداڵتان بووە! پیرۆز بێ!
- نەخێر، بۆ باوکمە...
- خێر... چییەتی؟
- هیچی نییە...
- ئەی مەسەلە چییە؟
- ئەمڕۆ لەگەڵ سەرۆکی فەرماندە کۆبوونەوەی هەیە...
- دایبی... بۆ باوکت و بۆ کۆبوونەوە؟
- جارێ تۆ بمدەرێ باوکم پەلەیەتی.

ڕاستییەکەی هیچ تێ نەگەیشتم و سەرسام بووم... بەڵام لەبەر دراوسێیێتی درێژەم پێ نەداو پاکەتێ دایبیم بۆ هێنا... چووم بۆ سەر کارو هاتمەوە، هەر بیرم لێ ئەکردەوەو هیچم بۆ نەئەچووەوە سەر یەک... دەمەو ئێوارەییێکی درەنگ لەگەڵ خێزانمدا پیاسەمان ئەکرد... هێندەم زانی لەناکاو پیاوە گەورەکە لە ئوتومبێلەکەی دابەزی. بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، بەرەو



دەرگای ماڵی خۆیان چوو... شێوەی ئەستووری و پان و پۆڕیی بەشی سەرووی پانتۆڵەکەی سەرنجی ڕاکێشام... لە خۆمم پرسی: ئەم کابرا باریکەلەیە بۆ ئەو بەشەی لەشی وا پان و پۆڕە؟...

هەفتەییێک تێپەڕی، هاوڕێیێکی نێزیکم هانای بۆ هێنام:

- کاکە ئاری هەندێ (دایبی)یت پێ پەیدا ناکرێ.
- خەسرەو بەگ تۆو خێزانت تەمەنتان لە شەست ساڵ تێپەڕیوەو منداڵتان نەبووە... ئێستا ئەم موعجیزەیە چییە؟
- براله! مەسەلە منداڵ نییە...
- ئەی دایبی هی منداڵ نییە؟
- وا پێ ئەچێ لە گوێی گادا نووستبێت!... بۆ لەبەر وەزیرو موستەشارو مودیر... دایبی بەر منداڵ ئەکەوێت!
- بەگم! بڕوات بێ لە مەبەستت تێ ناگەم.
- بۆ تێ ناگەی؟... (س)ی مامم بووە بە وەزیر... بۆ ئەوم ئەوێ و زۆریشی پێویستە...
- قەیناکا بۆ ئەوت ئەوێ... بەسەر چاو... بەڵام پێم ناڵێی بۆچییەتی؟.
- ئاخ ئاری! کەی کەمێ لە دنیا تێ ئەگەی!... گوایا نازانی ئەو گەورەپیاوانە دایبی لە خۆیان ئەپێچن؟

ئەم دوایییەی قسەی خەسرەو بەگ یەکسەر ناولنگ پان و پۆڕیی گەورەپیاوەکەی دراوسێمانی هێنامەوە بیر... ڕاوەستام... ئەمجا تێگەیشتم، ناقۆڵایی و پان و پۆڕیی لای سەرووی پانتۆڵی دراوسێکەمان هی ئەو (دایبی)یە بوو، کە لە منی قەرز کردبوو... دیارە لە خۆیەوەی پێچابوو... بەڵام حیکمەتی ئەو دایبی لە خۆپێچانەوەیەم بۆ ساغ نەکرایەوە، بۆیە بە خەسرەو بەگم وت:

- باشە ئەوە تێگەیشتم دایبی لە خۆیانەوە ئەپێچن... بەڵام بۆچی؟...

نازانم؟... خۆ نە منداڵن خۆیان پیس بکەن و نە پان و پۆڕی و فشوفۆڵییی ناولنگ شتێکی جوانە؟... ئیتر بۆ؟...

ئای برا!... زۆرت ماوە، زۆر... با پێت بڵێم، کاتێ سەرۆکی فەرماندە لەگەڵ ئەمانە کۆئەبێتەوە شەش حەوت سەعات هەڕەشەیان لێ ئەکاو «گۆڕیان بۆ ئەهێنێتە گۆڕخانە»و خەرەکیان بۆ ئەرێسێ... ئەمانیش ناوێرن بۆ سەرئاویش بچن و بگرە ناتوانن لە جێی خۆشیان بجووڵێنەوە... چ قوورەتە... جا شەش حەوت سەعات بەدەم خۆشە... دایبی نەبێ کاریان شڕە، شڕ...

ئاری وا ئەبڵەق بوو، وەک بڵێی بۆمبایێک لە نزیکیەوە تەقیبێتەوە... ویستی پرسیارێ بکا، بەڵام زمانی گۆی نەکرد... خەسرەو بەگ تێی ڕوانی و وتی، کەواتە با هەندێ شتی دیی لەو بابەتەت بۆ بگێڕمەوە:

ژنی گەورەیێک سوێندی بۆ ناسیاوێکی خواردووە، کە زۆری پارەیان بە دایبی ئەدەن.

وەزیری بازرگانی و وەزیری تەندروستی مژدەیان بە هاوکارەکانیان داوە، کە بەم زووانە چەند لۆرییێک دایبی دەگاتە عیراق.

وەزیری ناوخۆ لۆرییەکانی لە ڕێ ڕاگرتووە... بەڵام دوانی گەورەیانی بۆ خۆی و برازاکەی جیاکردووەتەوەو بە پەلە گەیاندوونییە بازاڕی بەغدا... ئای لە «ڕەفیقی دز و شەریکی قافڵە!».

هەندێ لە فرە گەورەکانی وەک عیزەت و طارق... چەند ژوورێکی ماڵەکانیان لە دایبی سیخناخ کردووە.

ئەوانەی لە بازاڕی ڕەشدا دایبی ئەفرۆشن، هاوار ئەکەن: دایبی بۆ وەزیرو موستەشارو مودیر... جوانترین دیارییە.

بەرەکەتدا کاری دایبی لەوەش تێپەڕیوە: ڕۆژنامەنووسان و وەرزشەوانان و ئەندامانی (نادی الصید)...یش لە خۆیانی دەپێچن.

– خەسرەو بەگ! بێ زەحمەت پرسیارێک... ئەمانی دوایی بۆ؟

– ئای نەگبەت... ئەی نەتبیستووە کورد ئەڵێ: «ئەوی لە مشک بێ



جەواڵ ئەدڕێ»... ئەی کوڕە لاسارەکەی سەرۆک، سەرۆکی ئەمان نییە... ئەوانەی هەردووکیان ئەناسن، ئەڵێن: «هەزار ڕەحمەت لە کفن دز»... ئەو بەچکە مارە هێندە خوێڕییە «تەپڵی بێ عاری کوتاوە» و «سەگی پێ سووتاوی پێ ناگا»و تەنانەت «سەگی لێ گڵاو ئەبێ»... ئەو چەند ساڵێک لەمەوبەر توانیبێتی پاسەوانێکی دڕندەی باوکی بکوژێ، ئێستا دایبی ناکاتە پێی ئەو خۆفرۆشە بوودەڵە ترسنۆکانە...

– هەزار ڕەحمەت لە باوو باپیرانمان بۆ خۆیان و پەندیان... دەبا منیش شتێکت بۆ بگێڕمەوە: لە گۆڤارێکی بیانیدا، کە ناوی «بەڵگەو ڕاستی»یە، نووسراوە: «ڕۆژێک لە کاتی نان خواردندا ساجیدە بەسەر صەدامدا هەڵدەشاخێ و پێی ئەڵێ، بۆ ئەتەوێ کوڕەکەت حوکم بدەی؟ صەدامیش ئەڵێ، چونکە پیاوی کوشتووە. ئەمجا بە توورەیییەوە ئەپرسێ: بۆ لە خێزان و بنەماڵەی ئێمەدا هەر ئەو پیاوکوژە؟...». ئاخر بە خۆڕایی نەوتراوە «گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ!»...

– کاکە ئاری! کورد ئەڵێ: «نە دار بێ و نە پەردوو نەعلەت بێ لە هەردوو»... «ئەتەرو مەتەر یەک لە یەک بەتەر»... بە گۆڕی باوکم ساجیدە ڕاست ئەکا، هەموویان پیاوکوژی ڕاستەقینەن... من خۆم لە لاپەڕە (٤١٠)ی بەشی پێنجەمی «دادوەرییەکانی دادگای بەرزی تایبەتیی سوپایی» (١٩٥٩)دا خوێندوومەتەوە، مولازم فالح الناصری لە شایەتیی کوشتنی حاجی سەعدوونی برایدا، وتوویە: «خەیروڵڵا تڵفاح... خوشکەزاکەی (کە مامەکانی بە ڕەسمی پاکانەیان لێ کردو هەر لە منداڵییەوە، پاش مردنی باوکی خۆی بەخێوی کردووە)... ڕۆژی ٢٤/١٠ ناردی براکەی کوشتم...» سەیری ڕێکەوت بکە، ئەوەتە ئەو بەڵگەنامەیەم پێیە... فەرموو تەماشای بکە:

٣– بە هەمان شێوە، هەندێ شیعریشم بڵاوکردووەتەوە... بێگومان مەرگی کتوپڕو ناوادەی کاک (شازاد صائب)ی دۆستی ئازیزم، کاری زۆر تێکردم و

بەسەر ناوی «شینی شازاد»ەوە شیعرێکم بۆ هۆنییەوەو بەنازناوی (میدیا)وە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوم کردەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**شینی شازاد**
**شەپۆلی شریخەی شووم**
**شووشەی شووشی شەرابی**
**شکانم**
**شملّی و شلێرو شەوبۆی**
**شۆخ و شەنگی شناوەی**
**شێوانم**
**شەوق و شکۆی شاخ و**
**شادەماری شۆڕەسوارانی شۆڕشی**
**شڵەژانم**
**شنەشنی شمشاڵی شوان و**
**شەبەنگی شێنەیی شاری**
**شلۆقانم**
**شێوەو شێوازی شیرینی**
**شازادی شابازی شارەزای**
**شڵەقانم**
**شکۆفەی شاگوڵی* شازنی**
**شایان و شایستەی شاکاری**
**شپرزانم**
**شەوە زەنگە**
**شەستەبارانی شیوەن و**
**شین و شەپۆری**
**شەیداو شێرانە**



**بۆ شازادی شاسوارو**
**شوعلەی شەهیدانە**

(*) مەبەست لە (شاگوڵ)، (خاتوو سەرگوڵ)ی هاوسەری (کاک شازاد)ە.

*** بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق (دنیایەکی باشتر)تان خوێندبۆوەو لە هەفتەنامەی (هاووڵاتیدا) وردە سەرنجتان لەسەر دابوو. ئایا پێت وانییە ئێستا تارمایی ڕەوتێکی ڕادیکاڵی کرێکاری لە جیهاندا بەرێوەیەو حیزبە کۆمۆنیستەکانی دنیای خستۆتە ژێر پرسیارو بەخۆداچوونەوە؟**

- گەرچی لە ئەڵقەی دووەمی ئەو وتارەی بە نێوی «من کەسێکی سیاسی نیم، بەڵام...» (هەفتەنامەی هاووڵاتی، ژ ١٤٤، ل ٨، ٨/١٠/٢٠٠٣)دا بڵاوم کردووەتەوە، لە باسی (دنیایەکی باشتر)ی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاریی عێراقدا سەرنج و تێبینیم پتر بۆ ڕەخ و ئالیی زمانەوانی ئاڕاستە کردووەو کەمێکیش ئاوڕم لە هەندێ بۆچوونی سیاسییان داوەتەوە، بەڵام ئەمانە هیچیان ئەوە ناگەیەنن، کە بەندە ئەو حیزبەی پێ باش نەبێ... ڕاست و ڕەوان دەڵێم، ئەوان بە ڕاستی ڕاستگۆن و نە ئەملاو ئەولایان هەیەو، نە بە موزایەدەو نە بە فێڵ و فەرەج خەڵک لەخشتە دەبەن و، نە هیچ دەشارنەوە... واتە سیاسەتیان سیاسەتێکی مەبدەئی‌یە... زوربەی زۆری ئەوەیش، کە دەیڵێن ئاوات و هیواو هومێدی هەموو مرۆڤ و ئادەمیزادێکە... بەکورتی دەم شیرین کردنێکی خۆشە... کەچی کە سەیری واقیع و دنیاو مرۆ و... دەکەی تێ دەگەی بە خەویش نایبینی، چونکە:

* پرۆسەیەکی دەیان جار لەمەی ئەمان سووکەڵەتر، کە بە هەموو دیموکراتییەتی ئەوروپاو ئەمریکا هەزم نەکرێ، ئەدی ئەمەی ئەمان، گەر بەرەنگاری بەرژەوەندیی ئەو گەورە هێزانە ببێتەوە، دەبێ چارەنووسی چی بێ

و، بە چ مەرەیەک ببرێ!...

* گرو کلێپەیەک لە خانووە قورەکانی کوێرە شارێکی وەک سلێمانییەوە ئاراستەی بەرژەوەندیی بۆرژواو گەورە هێزی دنیا بکرێ، بە فوویەک دەیکوژێننەوە.

* ملیاردێ ئیسلام پەروباڵی نەک هەر ئەوان، بەڵکو هی شیوعییە تەقلیدیەکانیش دەکەن.

... و چەندین هۆی دی.

من وا تێ دەگەم هەندێ سیاسەتی دوور لە بەرنامەی شیوعییەت، ئەم حیزبە کۆمۆنیزمە نوێیەی هێناوەتە ئاراوە... لە دوای مردنی (لێنین)ەوە، هەندێ لە سەرانی یەکێتیی سۆڤیەت کاری ئەوتۆیان کرد، نەک هەر لە کەسێکی کاروانی ئەو ڕێبازە پاک و خاوێن و بێگەردە ناوەشێتەوە، بەڵکو ئەندامی حیزبێکی دواکەوتووش شەرمەزار دەکا... باسی دیکتاتۆرییەتی ستالین و هەڵس وکەوتی و، یاریی خرۆشۆف بۆ بوون بە سکرتێری حیزب و ناردنی بۆ حەوانەوە تا بەرەی لە ژێر دەرهێنن و دەیان کەین و بەینی دی بە دەیان وتار خراونەتە ڕوو...

ئەمە کاروکردەوەی ئەو حیزبە لە نێوان خۆیاندا... ئەی حیزبێک کە دەبوو پشت و پەنای گەلانی زۆرلێکراو بێ، کەچی هاریکاریی دەستەڵاتدارە زاڵمەکانی دەکرد...

ڕاستە ئەمانەی وتوومن ناتەواویی ئەو حیزبەن، بەڵام گەر پچێک ویژدان و ئینسافیشمان هەبێ، ناکرێ لە ئاست دەستکەوتی گەورەو مەزنی ئەو حیزبە و خێرو بێری زۆرو زەوەندیشی چاومان بنووقێنین...

دوای هەرەسی ئەو حیزبە گەورەیە، هیوامان بەوە پەیداکرد ئێدی (زوگانۆف) سیاسەتی مەبدەئی پیادە دەکات، بەڵام هەزار جار حەیف و مەخابن بۆ گەلێ کارو کردەوەی سەیرو سەمەرەی و، بەتایبەت بۆ پێوەندیی نێزیک و بەردەوامی لەگەڵ (صەدام حسێن)نێک، کە دەستی لە خوێنی



شیوعییەکانی عێراقدا بوو؛ یان دەیویست هێڵی دژە فرینی باکوور نەمێنێ و، لەبەر چاوی ڕەشی صەدام قیروسیا با کورد قەلاچۆ بکرێ... یان بۆ ئەو هەوڵ و تەقەلایەی لە پێناو مانەوەی (صەدام)دا دای و مانگێک بەر لە شەڕ خۆی گەیاندە لای و، وەلاو پشتگیریی خۆی بۆ دەربڕی و نیشاندا... مەینەتی و قوڕبەسەریی گەلی عێراقی مەبەست نەبوو، چونکە چەند ملیۆنێک دۆلاریان نایە تەکەی باخەڵی... کورد ڕاستی وتووە: «ئومێدمان بە وەیس بوو، وەیسیش بە سوننی دەرچوو».

ئەوەی دوو پیت و لەتێکی لە تیۆریی لێنینیزم- مارکسیزم خوێندبێتەوە، چاک دەزانێ، کە نەک بڕوای بە هیچ دیانەتێک نییە، بەڵکو دژیشیان وەستاوە... جا ئێستاکە، کە بەشێک لە سەرانی حیزبی شیوعیی عێراقی باسی ئیسلام و نوێژو ڕۆژوو بەباشی دەکەن، دەبێ یان هۆ ئەوە بێ، کە ڕابەران و پێشەنگانی شیوعیەت، بە تایبەت (مارکس و ئێنگلس و لێنین) ڕاست نەبووبن!... یان ئەمان باش تێی نەگەیشتوون!... یان دەیانەوێ فێڵ لە خەڵکی بکەن!... یان....

جاری واش هەیە بە چەشنێک جۆش و پەرۆشیان بۆ کێشەی نەتەوەیی دەردەبڕن، کە حیزبە نەتەوەییەکان هێندە سۆزو خەمخۆرییان تێدا بەدی ناکرێ...

جا ئەمانەو گەلێ مەسەلەی دی سیاسەتی مەبدەئی نین و، خۆزیا حیزبە شیوعییەکان وا مرۆیان ورو ئەبلەق نەدەکردو، لە ڕێبازی ڕاستەقینەی شیوعییەت لایان نەدەدا؛ یان ڕەخنەی ئەوەیان لە پێشڕەوانی شیوعیەت دەگرت، کە لەو مەسەلانەدا ڕاست نەبوون.

هەرچی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکارییە ڕاست و ڕەوان و بوێرانە لە ڕێبازی خۆی لانادا... ئەوەتە کاتی خۆی لە سلێمانی لەگەڵ ئەوەدا، کە یەکێتیی نیشتمانی ڕێگەی کردنەوەی بارەگاو چالاکیی دەرکردنی ڕۆژنامەو پەخشی ئیزاعی... دابوون، مانگانەش برێ پارەی دەدانێ، کەچی سەری زمان و بنی

زمانیان ڕەخنەگرتن بوو لەو حیزبە فەرمانڕەوایە... لە پێناوی سیاسەتی لانەدان لە دەربڕینی بیروباوەڕیاندا، ئەوە بوو، کە پەڕەوازەکران و ئاوارەی ولاتان بوون...

من لێرەدا گلەیی لە یەکێتی ناکەم و لەمانی دەکەم. ئاخر کێ هێندە بە چیکلانەیە پارە بە یەکێ بداو ئەو کەسەش قسەی پێ بڵێ... من ناڵێم دەبوو بەشان و باڵی یەکێتیدا هەڵیان بدایە، بەڵام دەکرا لەو بارودۆخە ناسکەیاندا شوولی لێ هەڵنەکێشن و ئەمەش نەدەبووە (لادان) لە بەرنامەی حیزبیان.

ئەوەتە ئەمان لە هیچ خاڵێکی سەرەکیی ئامانجەکانیاندا بەموو لانادەن، بەڵام پێم سەیرە لە هەندێ شتی بێ هوودە و بێ بایەخدا بە فێڵ و گزیی ساویلکانە خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن و فریو دەدەن... بۆ بەڵگەی ئەم باسەم تەنیا چەند نموونەیەکی کەم دێنمەوە:

١- کاتێ خۆپیشاندانێک دەکەن، هەر بۆ ئەوەی بە خەڵکی بسەلمێنن، ئەندامیان زۆرەو کەسانێکی بێ شومار لایەنگیرییان دەکەن، هێندە لافیتە دەنووسن، کە هەر چەند کەسێکیان یەکێکیان بەرکەوێ... وێڕای ئەمەش خۆیان دەکەن بە قەرەباڵغییەکی وەهادا تف هەڵدەی نەکەوێتە زەوی... ئیتر کە پەیامنێری کەناڵەکانی تەلەفزیۆن وێنەی ئەم دیمەنە دەگرن، خەڵکی وا تێدەگا نیوەی بەغدا کۆمۆنیزمە... تکایان لێ دەکەم لێم زیزو زویر نەبن، گەر بڵێم لەسەدی پێنجی دۆست و ناسیاوانم تەنانەت ناوی ئەو حیزبەیان نەبیستووەو، ئەمەش لە مەسەلەی باشی و خراپیی ئەو حیزبە ناگۆڕێ...

٢- لە شەقامی ڕەشید بارەگایەکی چکۆلانەیان کردووەتەوەو دەفتەرێکی گەورەیان لەبەر دەرگاکەی داناوە، گوایا هەر کەسێ بێکار بێ خۆی ناونووس بکا... ڕاستە تا ئێستا نزیکەی دوو سەد هەزار کەسێک ناوی خۆی لەو دەفتەرەدا تۆمار کردووە، بەڵام:

أ) وەک هەموو دەزانین ئەوڕۆ لە عێراقدا چەند ملیۆنێک بێ کار هەیە.

ب) هیچ دوور نییە زوربەی زۆری ئەوانەی ناوی خۆیان لەو دەفتەرەدا



نووسیوە، کۆنە ئەمن و موخابەرات و ئیستیخبارات و سیخوڕو پیاوکوژو دز و جەردە بن.

ج) بڕوا ناکەم تا ئێستا توانیبێتیان بۆ سەدی یەکی ئەو بێ کارانە، ئیشیان پەیداکردبێ.

... هتد.

گەلۆ!... کەواتە ئەم ناوی زل و دێی وێرانە، گەرچی موزادەیەکی مەبدەئی نییە، بەڵام چەشنە موزایەدەیەکی سووکەڵەی خەڵک هەڵخەڵەتاندنە.

٣- چەند مانگێک بەر لەوەی ئەمریکا بکەوێتە وێزەی هێزەکانی صەدام، لە لەندەن لایەنە جیاجیاکانی ئۆپۆزیتسیۆنی عێراقی کۆنگرەیەکیان بەست... جا کاتێ دە پازدە ئەندامی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەبەردەم باڵەخانەی ئەو کۆنگرەیەدا کردیانە هەراو هوریاو دژ بەو پرۆسەیە وەستان و، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی صەدام لە عێراقەوە ئەمەیان قۆستەوە، ئەوە بێت و مەبەستیان خۆ دەرنەخستنیش نەبووبێ، دەبێ ئەوە بزانن، کە خۆیشیان بێ و ترشیشیان بێ، بەم کارە خزمەتی صەدامیان کردووە... لەگەڵ هەموو خۆشەویستییەکم بۆیان، هیچ پاساوێکم بۆ ئەنجامی ئەم چالاکییە ناڕەوایەیان بۆ ناهێنرێتەوە، چونکە بە تایبەتی لەو سات و کاتەدا هەر کارێکی وەها بکرایە، کە لە بەرژەوەندیی دیکتاتۆری عێراق بوایە، زێدەڕۆیی نییە، گەر بڵێم دەچووە خانەی خیانەتەوە... بەڵام پێم وایەو شوکرانە بژێری دەوێ، ئەوەیان لەبەر ئەوە کردووە، کە:

أ) بوونیان بە خەڵکی بسەلمێنن.

ب) ددان نەنان بە هیچ حیزبێکی دیدا دەربڕن.

ج) کەم ئەزموونیان.

... هتد.

٤- بێگومانم، کەم کەس هەیە ئەوە نەزانێ، کە ئەمریکا لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا هەموو شتێک دەکا... ئەگەر ئەوانە تاکە تاکەیەک بن،

بەڵام بڕواناکەم عێراقی‌یەک هەبووبێ هێندە سادەو ساکار بووبێ، وای بیرکردبێتەوە، کە گەلی عێراق بۆ خۆی دەتوانێ تەخت و تاراجی صەدام و ڕژێمەکەی لەناو بەرێ... من ناڵێم ئەمەریکا دنیای باش بۆ خۆش کردووین و لە بەرژەوەندیی ئێمە کار دەکا، بەڵام دەڵێم ئەو نەبوایە، دەبوو دەیان ساڵی دی لە ژێر باری قورس و گرانی صەدام و کوڕان و کوڕەزاکانیدا بماننالاندایە... کەواتە هەردوو (حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاریی عێراقی)و (حیزبی شیوعیی عێراقی)، کە ئەوسا دژ بەو پرۆسەیە بوون و، ئەمڕۆش لە مەیدان و گۆڕەپانی پان و بەرینی عێراقدا چالاکیی خۆیان دەنوێنن، چ پێویستیان بەو چەشنە موزایەدەیە بوو؟

٥- حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری مەسەلەی نەتەوەیی لە ژێر سفرەوە داناوەو پێی وانییە ئەمە کێشەی مرۆ و دنیا بێ و بە ئاسانی دەڕەوێتەوە...

من وا تێدەگەم لای سەرجەم و سەرپاکی میللەتانی جیهان ڕەگ و ڕیشەی بە چەشنێک لە دڵی زۆرینەو زۆراتیی خەڵکیدایە، بە نەشتەرگەرییش لەناو نابرێ... ئەوەتە ڕووس خۆی لە ئینگلیز بە زیاتر دەزانی و، ئینگلیزیش خۆی بە سەیدی عالەم دەزانێ... ئەڵەمان بە چاوی سووکەوە دەڕوانێتە عەرەب و حیسابی قەرەجی بۆ دەکاو، کەچی عەرەبیش، کوردی پێ کەرو نەزانە... سەیریش ئەوەیە، ئەم دیاردەیە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر پەرەدەستێنێ و گەشەدەکا...

ئازیزانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کە تا ساڵەوەختێک، سەدی نەوەدی ئەندامیان کورد بوون و، زوربەی ئەمانیش لە سلێمانی بوون، کێشەی نەژاد و رەگەزپەرستی‌یان نەبوو... بەڵام ئێستا، لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا، کە عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشووریان تێکەڵ بوون، حەز دەکەم ئەوە بزانن کێشەکە پتر گەشە دەکا... زۆری پێ ناچێ، کە هاتنەدیی ئەم وتانەی بەندە بە چاوی خۆیان دەبینن... دەبا پاش چەند مانگێک، یان ساڵێک کۆنگرەیەک ببەستن، ئەوسا دەردەکەوێ، چۆن عەرەبەکان هەوڵ و تەقەلا دەدەن دەنگ بۆ کاندیدی عەرەب بدەن، تا خۆیان



سەرکردایەتیی ئەو حیزبە بکەن، کە کێشەی نەژاد و نەتەوەپەرستی لە بەرنامەکەیاندا تۆوی نییە... ڕۆژان ڕۆژی لە دوایەو یەکدی دەبینینەوە... خۆ گەر ئەڵەمان بێنە ئەو حیزبەوەو زوربەبن، ڕەنگە کوردو عەرەب بە ئەندامی یەدەکیش قبووڵ نەکەن.

من بەش بە حاڵی خۆم زۆری بەندەکانی بەرنامەی ئەم حیزبەم پێ باشە... کێ گەر باش بڕوانێتە دنیا (دنیایەکی باش)؛ (ئازادی، یەکسانی، خۆشگوزەرانی)؛ (هەڵوەشاندنەوەی سوپا)؛ (هەڵوەشاندنەوەی بۆرۆکراسیی سەروو خەڵکیی و بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا)؛ (بەرقەرارکردنی دادگای سەربەخۆو دابینکردنی عەدالەتی قەزایی بۆ هەموان)؛ (مافی ئازادی‌یە فەردی و مەدەنی‌یەکان)؛ (یەکسانی و سڕینەوەی جوداسازی)؛ (یەکسانیی ژن و پیاو)؛ (یەکسانیی هەموو دانیشتوانی وڵات لەڕووی حقوقی‌یەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەگەزنامەیان)؛ (قەدەغەکردنی جوداسازیی نەژادی)؛ (سڕینەوەی ستەمی میللی)؛ (خەبات لە دژی ئالودەبوون و تەهریبی مادده بێهۆشکەرەکان)؛ (خەبات لە دژی لەشفرۆشی)... ئاوات و هیوای ئەوانە نەخوازێ... چ ئەم بەندانەو چ ئەوانەی وەک: (شۆڕشی کۆمۆنیزم)؛ (شۆڕشی پرۆلیتاری و حکومەتی کرێکاری)؛ (فەرمانڕەوایی کۆمۆنیزمی کرێکاری)... کە هێنانەدییان نەک هەر زۆر گران بێ، ڕەنگە مەحاڵیش بێ، پێم وانییە بەم حیزبەی لە تاریکستانی لای ئێمەوە بە چەند سەد کەسێک خەباتی بۆ دەکەن بە ملیۆنەها ساڵیش بێتە دی، یان شەش ملیارد کەسی سەر ئەم زەمینەی پێ ڕازی بکەن...

مرۆڤ کە لە ئەنجامی بارگۆڕین و پێشکەوتن و گەشەکردنی دوورو درێژی جیهانی بوونەوەردا پەیدابووە، بە تایبەتی لە مەیموونی لە مرۆچووەوە. مەیموونی سەرەتایی (کە Proconsul -شەمپازیی زووی پێ دەوترێ) نزیکەی ٢٥- ٤٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لەسەر زەوی دەژیا. ئەو جۆرە مەیموونە مرۆئاسایی‌یە نزیکەی ١٢ ملیۆن ساڵ لە پێشکەوتن و گەشەکرندا

بوون بۆ بارگۆڕین بەرەو بە ئادەمیزاد بوون... جا گەر بە هێزو وزەی حیزبایەتیی ئەو دەستە لاوەی جەنگەڵی ئەنگوست لە چاوی لای ئێمەوە هەنگاو بەرەو (شۆڕشی کۆمۆنیزم و پرۆلیتاریی جیهانی)ی بنرێ، ئەوە بە دوازدە ملیۆن ساڵ پتریش ناگەنە مەنزڵ، واتە ماوەی بوونی مەیموون بە ئادەمیزاد کەمترە... بەڵام گەر گەشەپێدانی بیرو ڕووناکبیریێتی و زانست... بکرێنە چرای میللەتان، بێ گومانم ڕێگە دوور نابێ... داوام لە هەموو شیوعییەک ئەوەیە، ئەو پەندە کوردییەی دەڵێ: «دۆست ئەوەیە دەمگرێنێ، دوژمن ئەوەیە دەمخەنێنێ» بۆ بکاتە نزاو تکاو پاڕانەوەی ئەوەی، گەر شتێکی ناڕاست و نابەجێم وتبێ، دڵیان فراوان بێ و بمبەخشن.

*** دەکرێ دەربارەی فیدرالییش شتێکمان بۆ باس بکەی؟**

– چەند مانگێکە، بە تایبەت دوو ڕۆژنامەی «الاتحاد»و «التاخی» لەبارەی ئەو باسەوە دەیان وتاری بە پێزی زانستی و نازداریان بڵاوکردووەتەوە، بڕوا بکەن هیچی ئەوتۆیان بۆ من نەهێشتووەتەوە و منیش نامەوێ ئەوانەی ئەوان بۆ ئێوە دووپات بکەمەوە... چاریش نییە، ئەوەتە پرسیارم لێ دەکەن و خۆ ناشکرێ یەکجارەکی بێ دەنگ بم. جا وا یەک دوو ڕاستی و ڕازی دڵی خۆم دەردەبڕم:

سیاسەتمەداران و ڕووناکبیرانی کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە کورد فیدرالی هەبێ، ئەوە نێوان کوردو عەرەب بەهێزتر دەبێ و، یەکێتی و یەک پارچەیی عێراق باشتر دەپارێزرێ... هەرچی ڕەگەزپەرستانی عەرەبیشە لەو ڕایەدان ئەمە کورد بەرەو جیابوونەوە دەباو بەمەش عێراق لاواز دەبێ...

بەندی یەکەمی ئەم وتەیەی کوردان ڕاست و دروستە، چونکە گەر کاکی عەرەب ئێمەی خوێندەوە، هەڵبەت کورد بۆی لە جاران دڵسۆزترو دڵاواترو بەوەفاتر دەبێ... بەڵام خزمینە!... لێم مەگرن و مەڵێن ئەوڕەحمان عەرەبچێتی دەکات... بە خولای بۆ بەندی دووەم ئەوان ڕاست دەکەن و، پاکانەکانی ئێمە بێ بنەمان...



ئاخر وەک دەزانین برای گەورە ڕۆحی لە دەوری برای بچووکی دەگێڕێ، ئیدی ئەو عەرەبانەی ئێمە کردوومانن‌ە کاکی چاوڕەشی خۆمان و، چارەنووس و بەخت و هات و نەهاتی خۆمان داوەتە دەستیان، بۆ وا لە ئاست ئێمە دڵڕەق و دڵڕەش و بێ بەزەیی و زاڵم و زۆردارن؟... دیارە لە سەرێکەوە دڵپاکی و لە خۆبوردوویمان وای لێ کردوون لە خۆیان بایی بن و، لە سەرێکی دیشەوە تەماع و چێژی سەروەت و سامان و دارایییە زۆرو زەوەندەکەمان گشت ڕاستی و دروستی‌یەکی لەبیربردبنەوە.

ئەم ڕاستییە وەک ڕۆژی ڕوون دیارە، چونکە کاکی دڵسۆزو خەمخۆرمان گەر لە نیازو مەبەستیدا ڕاستگۆو ڕاستبێژ بوایەو بەهێزیی عێراقی بویستایە، ئەوە هەوڵ و تەقەلای دەدا لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیی دی وەک: سووریاو ئوردن... یەک بگرن و ئەودەم تواناو وزەی دەگەیشتە ئاست و ڕادەیەک لە ڕۆژهەڵاتدا ببێتە مەڵبەندی دەسەڵات... دەبا ئێمەش پچێک واقیعی بین و تێ بگەین، کە ئەو دووربینەو، ئەو برایانەی بۆ چی‌یە، کە لە سەرێکەوە لات و لەوارن و، لە سەرێکی دیشەوە خۆیان بە گەورەی ئەم بزانن... بەڵێ هەر زڕبراکە چاکە، تێریشی دەکاو دەستیشی بە سنگەوە بۆ دەگرێ... کەوابوو ئاغاییەک، گەورەییەک، نانێک... هەبێت لەوەدایە کورد زەلیل و زەبوونی ژێردەستی ئەو بێ.

گەلۆ!... دەپرسم: گەر عەرەبی عێراقی بیەوێ لەگەڵ سووریاو ئوردون... یەک بگرن، هیچ ڕاپرسی ئێمەی کورد دەکا؟... یان گەر ئێمە هەژارو نەدار بووینایەو بیویستایە لە کۆڵ خۆیمان بکاتەوە، گوێی بە هیچ دەدا؟... جا کە ئێمە ماف و هەقی ئەو جۆرە کێشانەمان نەبێ، ئیتر ئەو بە چ یاساو ڕێسایەکی قەرەقۆشانە دژی ئەوە دەوەستێ کورد نەک دەوڵەتێک بۆ خۆی سازبدا، بەڵکو لە چوارچێوەی عێراقیشدا داوای فیدرالییەت بکا... یان پێ لەسەر ئەوە دابگرێ، گەر سەرجەم و سەرپاکی کوردو گەورە هێزەکان ڕایان لەسەر ئەوە بێ کوردستانی عێراق ببێتە ناوچەیەکی فیدرال، ئەوە دەبێ

ڕاپرسی شوان و گاوانی بەسرەو کەربەلاو ئەنبار... بکرێ... دیارە نەک هەر «سەر بانێکەو دوو هەوا» ، بەڵکو مام هەژار وتەنیش:

**ماڵ لە خانەخوێ حەرام کراوە          مەسەلی کوردە و لە کورد ڕووی‌داوە**

ئەمە هێشتا خوێی چێشتە... ئەوەتە عەرەب بە عەرەبمان دادەنێ و، تورک بە تورک و، فارسیش بە فارس... با بڵێین قبووڵمانەو ئێمەی کورد لە عێراق، عەرەبین... خۆ بە هەموو کێش و پێوانەیەک دەبێ عەرەب لەسەر عەرەب بکاتەوە و هەرواشە... ئەدی کەوایە، بۆچی کاتێ تورکیا هێرش دێنێتە سەرمان، لە بریتیی ئەوەی خەڵکی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لەسەرمان بەدەنگ بێن، کەچی بە پێچەوانەوە لایەنگیریی تورک دەکەن؟...

هەموو ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵات، دەبێ چاک ئەوە بزانن، کە ڕووخاندن و تەفروتووناکردنی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەدام، نیشانەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆیان، کە ئیدی ڕێیان پێ نادرێ جیهان بە شەڕو شۆڕو تیرۆرەوە خەریک بکەن و، زوڵم و زۆر لە میللەتان بکەن... ئەم پەلەقاژێ و پەلەفرتێیەی ئەمڕۆی زۆرداران و ڕەگەزپەرستان ئەنجام و ئاکامی هەر نوشوستی و هەرەسە... جا بۆیە چاک وایە، تا زووە دەرز لەو پەندە وەربگرن و بە خۆشیی خۆیان شایەتمانی حەق بهێنن، دەنا پتر حەیاو ئابڕووی خۆیان دەبەن..

**پەراوێزەکان:**

(١) (ئی. ئۆ. فاریزۆڤ)ی دانەری فەرهەنگی ڕووسی- کوردی، مۆسکۆ، ١٩٥٧.

(٢) بە پێچەوانەوە، لە شوێنانی دی، ئەگەر یەکێک پێشتر تەواوی بکا پاداشتی دەدەنێ و ڕێزی تایبەتی لێ دەگرن.

(٣) د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، پوختەی کارەکانی کۆڕ، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، ب ٣، ژ ١، بەغدا، ١٩٧٥، ل ٥٥٢.

(٤) أ- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم



(ژمارەو ئاوەڵکردار).

ب- سەرەتاییکی زمانناسی، بەرگی یەکەم. لە ڕووسییەوە وەرگێڕراوەتە سەر کوردی.

ج- چیرۆکی هەڵبژاردە. بیست کورتە چیرۆکە لە ڕووسییەوە وەرگێڕراوەتە سەر کوردی.

د- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم (کردار).

(٥) ئەو نووسینانەی دوای ئەو ماوەیە بڵاوکراونەتەوە، چەند ساڵێک پێش ئەو بڕیارەم بۆ چاپ وەرگیرابوون.

(٦) لەبەر ئەوەی هەڵەبژێریی چاپی هەندێ بەرهەمم، تووشی ڕەشبینی کردبووم و لەو ساڵانەشدا نە کۆمپیوتەر هێشتا پەرەی سەندبوو و، نە گیرفانم هێندە پڕبوو پارەی ئەو کارە گەورەیەی پێ هەڵسووڕێ، بڕیارم دابوو بە خەتێکی وردی جوان بینووسمەوەو بە فۆتۆکۆپی سەد دانەیەکی لێ ڕابکێشم و پێشکەشی دەزگا زانستی و کتێبخانە گشتییەکانی بکەم.

(٧) ئۆ.س. ئاخمانۆڤا، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، مۆسکۆ، ١٩٦٦.

ئەم فەرهەنگە نزیکەی (٧) حەوت هەزار زاراوەی گشت بوارو ئاستەکا زمانناسی لە خۆ گرتووەو پێناسەیان کراوە. بەرانبەر زاراوە ڕووسییەکانیش، شێوەیان لەم چوار زمانەدا: (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵەمانی، ئیسپانی) دانراوە.

نەک ساڵی ١٩٦٦، بەڵکو ئێستاش، واتە -دوای تێپەڕبوونی (٣٦) ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەو فەرهەنگەی ئاخمانۆڤادا، سەرپاکی ئەو زاراوانەی زمانناسانی کورد لە دەرەتان و مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا بەکاریان هێناوە، ناگاتە چارەکی ئەوەی، ئەو تۆماری کردووە، کەواتە ڕەوای هەق نییە، بۆ کەمیی زاراواکانی ئەم فەرهەنگەی ئێمە، گلەیی لە بەندە بکرێ.

(٨) گەرچی فەرهەنگەکەی ئاخمانۆڤا سەرچاوەی سەرەکیی ئەم کارەم

بووەو ئەوی ئەو (ڕووسی- ئینگلیزی- فەرەنسی- ئەڵەمانی- ئیسپانی)یە، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ کورد ئەم سێ زمانە: (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی) پێویستن، بۆیە بەو شێوەیەم داناوە.

(٩) بەندە وەک ئاخمانۆڤا هەر بە پێناسەوە بەند نەبووە، بەڵکو چووەتە مەوداو مەیدانی لێدوان و لێکدانەوە؛ هێنانەوەی نموونەو بەڵگە لە زمانی کوردییەوە.

(١٠) لەبەر ئەوەی پرسیارەکەتان تەنیا لەمەڕ ئەو نامانەن، کە لە بواری زمانی کوردیدا نووسراون، بۆیە لەوانە نەدواوین، کە لە بارەی ئەدەبی کوردییەوە هێنراونەتە بەرهەم... بەڵام بێ سێ و دوو و دوودڵی، ئەوەش ڕادەگەیەنم، کە لەم مەیدان دەرەتانەشدا کاری گەورەو سەنگین بە ئەنجام گەیەندراوە.

(١١) ئۆسکارمان، تحفەء مظفریە، بەرلین، ١٩٠٥، پێشەکی و ساخکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، بەشی دووەم، بەغدا، ١٩٧٥، ل ٢٧٢.

(١٢) هەمان سەرچاوە، بەشی یەکەم، ل ٢٢١.



## لەتیف هەڵمەت:

## هەتا دوو دڵ بۆ یەک لێ بدەن شیعری دڵداری دەمێنێ، هەتا یەکێک هەبێ زەبروزەنگ پیادە بکا و یەکێ بچەوسێنێتەوە، شیعری بەرگری دەمێنێ



**هەر چ کاتێک باس لە شیعری نوێی کوردی کرابێت، محاڵە لەتیف هەڵمەت وەکو دەستپێکی شاعیرانی نوێخوازو داهێنەر ناو نەهێنرابێت، ئیدی لەتیف خۆی بوو بە دێڕە شیعرو تەواوکەری هۆنراوەی تازە داهێنراوی کوردی، بۆ ئەوەی بە شیعرەکانی لەتیف ئاشنابین، دەبێ لەتیف خۆی بناسین، بۆ ئەوەی لە خودی لەتیفیش**

**بگەین دەبێ بە کووچەو کۆڵانی شیعرەکانیا بگوزەرێین. هەڵمەت دنیایەکی تایبەتە بۆخۆی، کردنەوەی دەروازەی دڵی لەتیفی شاعیر، پێداچوونەوەو رامانە لە شیعری کوردی، چەندە شیعرەکانی تەڕو پاراو و ناسکن، قسە کردنیش لەگەڵیدا هێندەی دی شیعرت لە لا بەچێژتر و ژیانت لە لا بە بەهاترو نووسینت لەلا خۆشەویستترو سووربوون لەسەر هەڵوێستەکانت لە لا تۆکمەتر دەکەن، با رووبەڕوو گەشتێک بە جیهانە تایبەتییەکەی لەتیف هەڵمەتی شاعیرو مرۆڤدا بکەین... بفەرموون.**

*** چی دەڵێی دەربارەی حاڵەتێک، کەسانێک لە خوار تۆوەن و زیاتر دەخرێنە بەر تیشک؟**

– ئەو حاڵەتەی کە لە بواری ئەدەبا هەیە جارێک لە جاران یا ناوچەیەک لە ناوچەکان نووسەرێکی ناسراو بیر دەخرێ و نووسەرێکی دی تیشکی دەخرێتە سەر یا یەکێک دەست پێشکەری هەیە لە بوارێکاو یەکێک بە هەر هۆیەک بێت تیشک دەخرێتە سەری و ئەو دەست پێشکەرییە لە خاوەنەکەی دەسێنرێتەوە و دەدرێ بە یەکێکی دی. ئەمە لە بوارەکانی دیشدا هەیە، لە بواری سیاسیشدا هەیە، هەروەها لە بواری داهێنانەکانی پزیشکی و فیزیایی و کیمیاو بوارەکانی دی شتی وا رووی داوە یەکێک ئەم جۆرە ستەمەی لێ دەکرێت. ئەمیش جۆرێکە لە ستەم و چەوسانەوە دەربارەی داهێنەرێک دەکرێ و ئەمە روح و ئاو و هەواو هەل و مەرجی خۆی هەیە، لە کاتی خۆیا ئەو تیشکەی یا ئەو بایەخەی کە ئێستا دراوە بە مایکۆفسکی و بۆدلێرو رامبۆ دراوەکاتی خۆی نەدراوە، هەر بۆ نموونە مایکۆفسکی کاتی خۆی لەبەر ئەوەی زۆر زۆر پەیوەست نەبوو بە هێڵی سوورەوە، هەرچەندە خۆی سەر بە هێڵی سوور بوو، بەڵام تۆزێ یاخی بوونی تێدا بوو، لەبەر ئەوە کەم بایەخی دەدرایێ لە لایەن هێڵی سوورو دام و دەزگاکانی یەکێتی سۆڤێتی ئەوساوە هەر لەبەر ئەوە بوو لە هۆڵێکدا جارێکیان شاعیرێکی مامناوەندیی پلە چوارو پلە پێنج شیعری دەخوێندەوەو خەڵکەکە چەپڵەیان بۆ لێدەدا، مایکۆفسکی گریاو



کراسەکەی خۆی دادڕی و وتی: رۆژێ لە رۆژان دەبێت ئەم هۆڵەو ئەم باخچەیەو شەقامەکەش بە ناوی منەوە ناوبنرێ و پەیکەرێکیش لە وێیا بۆ من دروست بکرێ، لە راستیشا هەر وا بوو، ئێستا ئەو شاعیرەی کە چەپڵە رێزانیان بۆ دەکرد، کەس هەر نایناسێت، بەڵام مایکۆفسکی لە مێژووی ئەدەبی رووسیا هەر ماوەتەوە، ئەمە لە بیرەوەرییەکانی دەزگیرانەکەی مایکۆفسکییا نووسراوەتەوە، وا بزانم ناوی لیلیانە، دوو جاریش لە گۆڤاری (الاقلام)ی هەشتاکانا وەرگێڕراوە بۆ عەرەبی و بڵاوکراوەتەوە، من ئەم زانیارییەم لەوێ وەرگرتووەو خوێندۆتەوە، جگە لەوەش ڤانکوخ کاتی خۆی تابلۆکانی کە دەیفرۆشت ئەگەر لێشیان بکڕیایا پارەی ژەمێک خواردنی ناکرد، بەڵام ئێستا پارەی شارێک دەکا، تابلۆیەکی ڤانکوخ ئەگەر بفرۆشرێ رەنگە نرخی شارێکی گەورەی هەبێت، ئەم جۆرە ستەمە لە خەڵک زۆر کراوە، من خۆم بە ستەم دیدە دەزانم من خۆم دەست پێشکەرم، یەکەم پاچ کەدرا لە شیعری ئاسایی و باو ئەوەی کە زیاد لە هەزار ساڵە لە ناو کورددا هەیە، یەکەم پاچ خۆم لێم داو کە لێنم تێخست و یەکەم بەردی بناغەی شیعری نوێش بە تایبەتی پەخشانە شیعر خۆم دامنا، ئیتر کەسانێکی دی لە رێگای سیاسەتەوەو لە رێگای خەتی سیاسییەوە دەبن بە زورنای سیاسەت و دەبن بەئەڵقەلەگوێی لایەنێک، لایەنەکەش بەرامبەر بەوە دەبێ پاداشتی بداتەوەو زۆر ئاساییە تیشک بخاتە سەر ئەو و تیشک نەخاتە سەر من و پشت گوێ بخرێم لە هەموو لایەنێکەوە، بەڵام مێژوو قسە دەکا، (خواو شارە بچکۆلەکەمان) یەکەم بەرهەمە کە بە زۆری پەخشانە شیعری تێدا بێ و کەس پێش من ئەو دەست پێشکەرییەی نییە.

*** دەڵێی یەکەم پاچم دا لە شیعری باو و تەقلیدیی کوردی، بە هەمان شێوە لە زۆر لاشەوە پاچی رەخنەت لێدرا، تا چ رادەیەک ئەو رەخنانە لە خزمەتی تۆدا بوون، یا لە هەوڵی شکاندنەوەی شیعرەکانتدا بوون، یا لە خزمەتی کولکردنی دەمی پاچی شیعری نوێی تۆدا بوون؟**

– لە راستیدا کاتێ کە دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) کەوتە بازاڕەوە، لە جادەکانا هەندێک کەس گاڵتەیان پێ دەهات و بە گاڵتەجاڕییەوە دەیانخوێندەوە، چونکە یەکەمجار بوو پەخشانە شیعری وا بنووسرێ، بۆ نموونە دەڵێم: ئەو کوولەکانە دەشکێنم، ئەمە باوەڕی منە، ئاگرەکەم ناتوێتەوە، تەمەنی من بلێسەیەکی بێ خۆڵەمێشە، ئەمە جۆرێک لە شیعر بوون نە لە شیعری قانیع دەچوو، نە لە شیعری گۆران دەچوو، نە لە هی پیرەمێرد دەچوو، نە لە هی کامەران دەچوو، نە لە هی دیلان دەچوو، لەو شیعرانە نەبوو کە ئەو سەردەمە هەبوو شیعرێکی نوێ بوو لە بۆتەیەکی نوێ دا، بە بیرو بۆچوونێکی نوێش، بێگومان لەسەر ئەو جۆرە شیعرانە نەیانهێشت لە هیچ کۆڕێکدا شیعر بخوێنمەوە، دوو سێ جار لە کۆڕە گەورەکاندا دەرکرام، بۆ نموونە لە شوێنی دیش وتوومە لە یەکەم میهرەجانی شیعری کوردی، لە ساڵی وابزانم ١٩٧٣ لە کەرکووک سازکرا دەرکرام، لە هەولێر لە ساڵی ١٩٧١ لە کۆنگرەی یەکەم بوو یا دووەمی یەکێتیی نووسەران بوو لە هەولێر نەیانهێشت شیعر بخوێنمەوە لەبەر ئەوەی بە ئاژاوەگێڕ ناوم دەرکرد بوو و شیعرەکانیشم ئاژاوەیان تێدا بوو، ناچار خۆم بازم دایە سەر شانۆکەو مایکرۆفۆنەکەم لە دەستیان سەندو شیعرم خوێندەوە، تا بە زۆر بە زەبری پۆلیس دەریان کردم، تەنانەت جارێکیان ویستم لە ئیستگەی کوردی لە بەغا دامەزرێم، قبووڵمیان نەکرد وتیان ئەمە ئاژاوە گێڕە، لەوانەیە ئیستگەکە بسووتێنێ.

*** پێت وایە کارو ئەرکی ئەدەبی، دەکرێ تێکەڵ بە کارو ئەرکی سیاسی بکرێت؟**

– با یەک شت بڵێین، من لەسەردەمێکی زۆر رەشا کەوتمە شیعر نووسین، لە سەردەمی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولدا کەوتمە شیعر نووسین، ئەو سەردەمە سەردەمێکی زۆر دژوار بوو، من لە بیرمە ساڵی ١٩٦١ یا ١٩٦٢ بوو، کۆپتەرێک بەسەر شاری کفریا فڕی، من ئەوسا لە کفری بووم، بەرەو



هەرزەکاری یا تووڵەکی دەچووین، هەموومان هۆسەی منداڵانەمان لە کۆپتەرەکە کێشا، کۆپتەرەکە لە پڕ کەوتە دەستڕێژ، رێچکە چیایەک هەیە لە کفری ناوی (قەرە ئۆغلان)ە، یەک دوو سەڵی دۆشکەی نا بە قەرەئۆغڵانەوە، هەموو ترساین، هەر لەوساتەوە من بمەوێ و نەمەوێ ژیانی خۆم و ژیانی ئەدەبی و ژیانی شیعریم تێکەڵاوی ژیانی ئەو ترس و سیاسەت و ئیرهاب و زەبرو زەنگە بوو، کە لە نەتەوەی کورد کراو ساڵی ١٩٦٣، ٢٨ پێشمەرگەی خەباتگێڕی کورد لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە قاتەکانی کفریدا شەهید کران، نیوەی ئەو پێشمەرگانە لە ناو کفرییا بە دوای ئۆتۆمبیلدا راکێشران، حەرەس قەومییە تورکمانەکان رایان کێشان، لەوەوە ئەگەرچی خۆم لە ساڵی ١٩٦١ـەوەو لە پێشتریش دەمخوێندەوە، بەڵام لەو ساڵەوە بۆ ئەو پێشمەرگانە، بۆ ئەو شەهیدە قارەمانانە یەکەم شیعری خۆمم نووسی.

بێگومان لاواز بوو، بریتی بوو لە هەندێک دروشم کە باسی گەورەیی و نەمری شەهید دەکات. ئیدی بمەوێ و نەمەوێ ئەو شیعرە سیاسییە ئەگەر خۆشم دوور بووبێتم لە سیاسەت. ئێستاش من کۆمەڵێ شیعری بەرگریم نووسیوە چ لە (خواو شارە بچکۆلەکەمان)دا چ لە (ئامادەبوون بۆ لە دایک بوونێکی تر)، چ لە (پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە)دا چ لە (گەردەلوولی سپی)دا، تا دوا شیعرم، من بمەوێ و نەمەوێ، ئەوە خۆی لەخۆیدا تێکەڵی سیاسەت بووە، من کە باسی نیشتمان دەکەم، نیشتیمان بەشێکە لە سیاسەتی میللەتەکەم، من کە باسی نەتەوەکەم دەکەم، نەتەوەکەم بەشێکە لە سیاسەتی میللەتەکەم. بەڵام خۆم بۆ خۆم سیاسی نیم و لە کاری سیاسیدا ئیش ناکەم، زۆر جاریش رەخنە لە سیاسییەکان دەگرم، رەخنە لە حزبەکان دەگرم، رۆڵی رەسەنی شاعیری رەسەن ئەوەیە لە دەرەوەی سیاسەتەوە رەخنە لە سیاسەت بگرێ و رەخنە لە لایەنەکان بگرێ ئەگەر هاتوو هەستی بە شتێک کرد پێویستی بە رەخنەیە.

*** لەم دۆخەی کەرکووکدا، لەم تیرۆرو کوشت و بڕو ململانێی چینایەتی و**

**نەتەوایەتییە ئەدەب چ رۆڵێک دەبینێ؟**

– هەندێک کەس دەڵێن باوی تفەنگ نەماوە، باوی شیعری بەرگری نەماوە، بە پێچەوانەی ئەوانەوە، من دەڵێم هەتا زەبرو زەنگ بمێنێ، تا نەتەوەیەک هەست بە زەبرو زەنگ بکات هەتا ئینسانێک بچەوسێتەوە، شیعری بەرگری دەمێنێت.

هەتا دوو دڵ بۆ یەک لێ بدەن شیعری دڵداری دەمێنێ، هەتا یەکێک هەبێ زەبرو زەنگ پیادە بکاو یەکێ بچەوسێنێتەوە، شیعری بەرگری دەمێنێ، ئێمە ئێستا لە کەرکووکدا پێویستمان بە شیعری بەرگرییە، شیعری بەرگری زۆر نەمر هەیە لە جیهاندا، ئەوانە بە هەڵەدا چوون دەڵێن شیعری بەرگری باوی نەما، من هەتا هەتایە شانازی بە شیعرە بەرگرییەکانمەوە دەکەم، بەو شیعرانەوە لە کاتی رژێمدا نووسیومەو شیعری بەرگری بوون و دژی رژێم بوون، یەکێ لەوانە لە (خواو شارە بچکۆلەکەمان)دا هەیە، هەر بەناونیشانی (ناونیشان) کە لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێم (ناوونیشانم کوردستانە.. کوردستان) جگە لەو شیعرانەی لەو دیوانانەدا بڵاوم کردوونەتەوە کە ناوم بردن لە پێشدا، ئێمە ئێستا لە کەرکووکدا بەراستی پێویستیمان بە شیعری بەرگرییە، بەڵام ئەو شیعرە بەرگرییە هەموو هەلومەرجێکی هونەری تێدا بێ، شیعری بەرگری لە هەموو جیهاندا هەبووەو ئێستاش هەیە، لە چینی ماوسی تۆنگا بوو، لە ڤێتنامی سەردەمی شەڕی ئەمریکادا بووە، بەڵام شێواز دەگۆڕێت من ناڵێم شیعری هات وهاوار، شیعری هات و هاوار جیایە لەگەڵ شیعری بەرگرییا ئێمە دەتوانین بڵێین (مەعین بەسیسۆ) شیعری بەرگری نووسیوە بەڵام رەنگە ناوی تفەنگی نەهێنابێ لە شیعرەکانیدا، هات و هاوارێکی نەکردووە، بەڵام بە پێچەوانەی بەسیسۆوە (سمیح القاسم) یا(توفیق زیاد) شیعری بەرگرییان نووسیوە، زۆر بە هات و هاوارەوە نووسیویانە، (محمود درویش) مامناوەندی تر نووسیویەتی، واتە شیعری زۆر هونەری نووسیوە، هات و هاواریشی



نەکردووە، شیعری بەرگریش بووە، ئێمە کە دەیخوێنینەوە شانازی پێوە دەکەین و چێژیشی لێ وەردەگرین، چێژی هونەریی، چێژی سیاسیش و چێژی وێژەییش.

*** تۆ لە یەک کاتدا لە چەند بوارێکدا دەنووسیت، ئاخۆ دابەش کردنی توانای نووسین لە پتر لە بوارێک، بابەتە سەرەکییەکانی تۆ ون ناکات؟ یا دەتەوێ لە هەموو ئەو بوارانەدا جیهانبینیی خۆت هەبێت؟**

– ئەمە رەنگە لە بواری وەرزشیشدا هەبێت، رەنگە لە بواری شێوەکاریشدا هەبێت، بۆ نموونە هەن شاعیرو شێوەکاریشن، هەن شاعیرن و وەرزشەوانن، بۆ نموونە (سەلیم بەرەکات) شاعیرە، رۆماننووسەو وەرزشوانیشە. نموونەی دی زۆرن، تاغوری هندی شاعیرێکی هندی بووەو خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە، شێوەکار بووە و مۆسیقاژەن بووەو شانۆنامەشی نووسیوە، جگە لەوەی گەلێک جار نامەو (خواطر)یشی نووسیوە، پاپلۆ نیرۆدا بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەو شیعریشی نووسیوە، نموونە زۆرن، لە ئاستی کوردیشدا زۆرن، هەروەها لە ئاستی عەرەب و وڵاتانی دەوروبەریش هەن بە دووسێ بابەتەوە خۆیان خەریک کردووە، بەڵام من خۆم ژیانی خۆم بۆ شیعر بە پلەی یەکەم تەرخان کردووە، بە پلەی دووەم بۆ بابەتی منداڵ، کە ئەویش هەر بەشێکە لە شیعر، ئیدی شتەکانی دی لە وەختێکا بزانم بوارێکم بۆ رەخساوە لێکۆڵینەوەیەک دەنووسم لە بابەتێ یا چیرۆکێ دەنووسم یا شانۆنامەیەک دەنووسم، بۆ نموونە جاری وا هەیە هەست دەکەم بابەتەکەم بە چیرۆک یا بە لێکۆڵینەوە بۆ هاتووە، وەختەکەم بە فیڕۆ نادەم و چیرۆکەکە یا لێکۆڵینەوەکە دەنووسم، بەڵام ئیشی سەرەکی من شیعرو بابەتی منداڵە.

*** دەکرێ بڵێین هەندێک جار دەربڕینی شیعریت لە حەقی بابەتەکە نایەت، بۆیە ناچار دەبی بەشێوازێکی دی دەری ببڕیت؟**

– من بە شێوەیەکی دی دەڵێم، دەڵێم هەموو دەقەکان بەتایبەتی ئێستا چوونەتە ناواخنی یەکەوە، وەکو شانەی هەنگ و هەنگوین تێکەڵ بوون،

دەتوانین لە شیعرا یا ڕۆمانا، بۆ نموونە لە شیعری (وێرانە خاک)ی ئەلیۆتا من وا هەست دەکەم هەناسەیەکی ڕۆمان هەیە و هەناسەی کورتە چیرۆکیشی تێدایە چونکە لە پەخشەکانی چاپەکەیا ئەلیۆت شتمان بۆ دەگێڕێتەوە، گێڕانەوە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە چیرۆک، هەروەها گرێی تیایە، گرێ خۆی لەخۆیدا بەشێکە لە ڕۆمان ئێستا دەبینی (خۆشەویستی لە زەمەنی کولێرادا)ی مارکیز یا ڕۆمانی مۆبی دیک، کە دەیانخوێنینەوە شیعرمان بیر دەکەوێتەوە، چونکە یەک پارچە شیعرە، لەبەر ئەوە من دەڵێم دەقەکان تێکەڵاو بوون چونکە لە بری شیعر چیرۆکێکیش دەنووسم هەر هەناسەی شیعری تێدایە کاتێکیش شیعرێک دەنووسم، بۆ نموونە چامەیەکی درێژم هەیە (١٠٠) لاپەڕە زیاترە لە بەرگی دووەمی کۆی دیوانەکانمدا بڵاوم کردۆتەوە، بە ناونیشانی (دژی گوێ بەرەو ئەو) دەتوانم بڵێم هەناسەی ڕۆمان و شێوەکاری و نوکتەو جوێنی ناو بازاڕ و کورتە چیرۆک و شیعرو هەموو شتێکم لەوێدا تێکەڵ کردووە، دەقێکە بەڕای من لە دەقە زۆر باشەکانەو بەتەمام ڕۆژێک لە ڕۆژان بیکەم بە عەرەبی.

*** زیاتر خوێندنەوەت پێ باشترە یا نووسین، یا ڕاتان وایە کە نووسەرێک پێگەیشت کاتی زیاتر بۆ نووسین تەرخان بکات؟**

– باوەڕت بێ، من ئێستاش نیوەی پارەکەم دەدەم بە کتێب، خۆزگە ئێستا ئەم دیدەنییەت لە ماڵمانا دەکرد، دەتبینی ئێمە هیچمان نییە، کتێبمان هەیە. هەر دوا گۆڤارو دوا ڕۆژنامەو دوا کتێبی عەرەبی و کوردی و فارسی و جیهانیم هەیە، من فارسی ٣٠-٤٠٪ دەزانم، بەڵام کتێبی فارسی بەردەوام دەکڕم و دەیخوێنمەوە، ناڵێم لێی تێدەگەم، مەبەستێکم هەیە لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر بیرەوەرییەکانی نازم حیکمەت، نازم حیکمەت لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: من رووسیم نازانی، بەڵام شیعری مایکۆفسکیم بە رووسی سەیر دەکرد، سەیری قاڵبی شیعرەکەیم دەکرد، دەزانی بە چ نەمەتێک شیعری نووسیوە، دەڵێ من لە تارمایی نووسینی ئەو شیعرەی



مایکۆفسکی سوودم وەرگرتووە. منیش ئەگەر چی فارسیش باش نازانم، ئەگەر چی ئینگلیزیش ٥٠ - ١٠٠ وشە دەزانم، بەڵام کە شیعرێکی ئینگلیزی دەبینم چۆن نووسراوە، کە شیعرێکی فارسی دەبینم چۆن نووسراوە، مەدای سپێتی و مەدای ڕەشێتی کاغزەکە دەخوێنمەوە ئەگەر خەتەکەشم پێ نەخوێندرێتەوە، سوودی لێ دەبینم و دەزانم شیعری فارسی لە چ ئاستێک دایە، شیعری ئینگلیزی لە چ ئاستێک دایە، یا شیعری عەرەبی، ئەوە بە ئاسانی وەکو کوردی دەیخوێنمەوە، بەلای منەوە هەمیشە دەبێ بخوێنینەوە، چونکە وەکو خوای مەزن دەفەرموێ (فوق کل ذی علم علیم)، ئێمە بۆ ئەوەی هەمیشە بەرەو ئەو بەرزایی و بڵندابییە بڕۆین دەبێ زیاتر بخوێنینەوەو زیاتر بخوێنینەوەو بخوێنینەو کەمتر بنووسین، ئەگەر نووسیشمان بیدڕین و بیدڕین و بیدڕین و کەمتریان لێ هەڵبژێرین، بۆ ئەوەی بڵاوی بکەینەوە. ئەوە هەڵەیەکیشە، ڕەنگە زۆربەی شاعیرانی جیهانیش تێ کەوتبن، من خۆیشم و گەورە شاعیرانی کوردیشی لێ بەدەر ناکەم، من کە دیوانی نالی و مەحوی و گۆران بخوێنمەوە، هەست دەکەم دەیان شیعری زیادەیان تێدایە، دەکێشم بە ناوچەوانی خۆماو دەڵێم: ئاخ خۆزگە ئەم شیعرەی بڵاو نەدەکردەوە، ئەم هەڵەیە هەم خۆشمی لێ ناپارێزم و شاعیرانی جیهانیشی لێ ناپارێزم، پاپلۆ نیرۆدا، نازم حیکمەت، مایکۆفسکی، بۆدلێر، رامبۆ، یەسەنین، کێ دەڵێی کەوتۆتە ئەم هەڵەیەوە، هەر تێشی دەکەوێ، با قسەکەی ئەدۆنیس بکەمەوە دەڵێ (لە دوای نووسین و بڵاو کردنەوەی هەر شیعرێ پەشیمان دەبمەوەو هەست دەکەم، کە ئەمە ئەوە نییە دەمویست بینووسم، لەبەر ئەوە خۆم ساوادەدەمەوە و دەمەوێ ئەوە بنووسم کە دەمەوێ بینووسم، بەڵام تا ئێستا نەمتوانیوە)، منیش ئەوەی کە دەمەوێ بینووسم تا ئێستا نەمتوانیوە، بەڵام دڵم پێم دەڵێ دەتوانم بینووسم.

*** ئەمڕۆ لە کوردستان لە هەموو بوارەکاندا ڕۆژنامەو گۆڤاری تایبەت هەن، ئایا ئەمە حاڵەتی ئیجابییە یا پاشاگەردانی؟**

– من یەک شت دەڵێم (ماو) پێش پەنجا ساڵ زیاتر گوتوویەتی (لێ گەڕێن با سەد گوڵ بکرێتەوە) من لەگەڵ کرانەوەی گوڵدام، یەک شت ماوە، خەسڵەتی گوڵ چییە، ئایا ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە خەسڵەتی گوڵیان تێدایە؟ ماو دەڵێ لێ گەڕێن با سەد گوڵ بکرێتەوە، لێ گەڕێن با سەد قوتابخانە بکرێتەوە، ئایا ئەم گۆڤارو رۆژنامانە خەسڵەتی گوڵ و قوتابخانەیان تێدایە؟ ئەگەر تیایە لەسەر سەر با بەردەوام بن، ئەگەر تیایانا نییە ئەوا دەبێ چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە.

*** بە رای ئێوە ژن هێنان لە خزمەتی نووسەردایە؟**

– زۆر. کاتێ کە دەنووسم، کاتێ کە دەخوێنمەوە، زۆرم حەز لە چایە، ئەگەر ئینسان تەنیا بێت لە ماڵەوەو گریمان ئەو کەسە نە دایکی ماوەو نە باوکی، براکانی ژنیان هێناوەو جیابوونەتەوە، خوشکەکانیان شوویان کردووە، ئەی کێ پەرداخێ ئاوی بۆ بێنێ، من ئەمە بە بچووکیی نازانم بۆ ژن، ئەی کێ چایەکی بۆ لێنێ کاتێ کە دەنووسێ و دەخوێنێتەوە، ئەو پەرداخە چایە بخواتەوە یا ئەگەر حەزی لە جۆرە خواردنێکی دی بێت، کێ بۆی لێنێت. گەر ژوورەکەی پیس بێت کێ پاکی دەکاتەوە، من ئەمانە دەڵێم، من ئامادەم زۆرجار جلی خێزانەکەم دەشۆم، بڕۆن لێی بپرسن هەرگیز گۆرەویم نەداوەتێ بیشوا، خۆم گۆرەوییەکانم دەشۆم، زۆرجار چای بۆ لێ دەنێم، زۆرجاریش چێشتی بۆ لێ دەنێم و زۆرجاریش لە نیوەی چێشتەکەیا یارمەتی دەدەم، زۆرجاریش ماڵی بۆ پاک دەکەمەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئینسان پێویستی بە ژن نەبێت، من کە دەخوێنمەوەو دەنووسم، ئەگەر بانگیش بدا (چونکە من زۆر بە ئیمانم زۆر روو لە خوام) نوێژەکەشم بچێ، لەسەر ئەو کتێبە ئەگەر ئەو کتێبە جوانە خواستە کتێبی (سەرمایە)ی مارکسیش بێت، کە دژی دینە، وازی لێ ناهێنم تا تەواوی نەکەم. ئەی لەو وەختەیا کێ چایەکم بداتێ و کێ بە تەنگمەوە بێ، ئەگەر پێویستم بە خواردنێ بەشتێک بێ، بە تایبەتی من حاڵی حازر زرووفم جیایە، من ئێستا



نەخۆشم، پارێزی زەختم هەیە جاری وا هەیە کە زەختەکەم بەرز دەبێتەوە دەڵێم حەبی زەختەکەم بۆ بێنن و پەرداخێک ئاوم بۆ بێنن، یا ئاوەکە با گەرم بێت. کاکە ئەمانە بە نووسەر ناکرێت دەبێ ژنی هەبێ، وەڵڵا ئەو نووسەرەی ژن نەهێنێ، داماوە، نەگبەتە، قوڕ بەسەرە. حەقی وایە یەکی سێ چوار ژن بێنن، ئەگەر ژنان ئەمەم لێ قبووڵ بکەن.

*** مامۆستا ئەمەی دواییان بنووسم؟**

– بینووسە، ئەرێ وەڵڵا بینووسە.

*** لەو کتێبانەی خوێندوونەتەوە، حەزدەکەی نووسەری کامیان بوویتایا؟**

ـــ مۆبی دیکی هێرمان ملڤێل.

تەنها یەک کتێب حەسوودی پێ دەبەم (مۆبی دیک)ە. لەسەردەمی منداڵیم دا حەسوودیم بە ئەدۆنیس بردووە، بە فازڵ عەزاوی بردووە، بە سەیاب، بە بەیاتی. ئێستا حەسوودیان پێ نابەم. ئێستا هەست دەکەم شیعری کوردی لە ئاستی شیعری ئەوان دایە. بەڵام هەست ناکەم لە رۆژهەڵاتدا شتێک هەبێت بە تایبەتی رۆمان لە ئاستی (مۆبی دیک)دا.

*** سەیرە، لە حاڵەتێکدا کەش و هەوای رۆمانی (مۆبی دیک) دوورە لە کەش و هەوای کوردستانەوە، چونکە باس لە (ئەدەبی دەریا) دەکات، ئێمە بە سروشت ئینتیمامان بۆ دەریا نییە، چونکە ئێمە دەریامان نییە؟**

– ئێمە لە ئەفسانەیا گەورە بووین، کاتی خۆی ئێمە ماڵە شێخ بووین، پیرەژن کە دەهاتن بۆ ماڵمان رووم لێ دەنان ئەفسانەم بۆ بگێڕنەوە، ئێستاش لە بیرمە پیرەژنێک ئەوەی بۆ گێڕامەوە، کە چۆن راوچییەک دەچێت بۆ راوەماسی لە دەریایا، ماسییەک دەگرێ ماسییەکە قسەی لەگەڵدا دەکا، دەڵێ بەرم بدە بمخەرەوە ئاوەکەوە چیت دەوێ بۆت جێبەجێ دەکەم. ئەمە حاڵەتێک بوو کە لەو پیرێژنەم بیست تووشی راچەنینی کردم. کاتێ ماسییەکە بەردەداو دەچێتەوە دەریا، پێی دەڵێ: چیت دەوێ؟ راوکەرەکە دەڵێ: کۆشکێکی گەورەم دەوێ لە کەناری دەریا لە خشتی ئاڵتوون بنیات

نرابێ. من نەخشتی زێڕم بووەو نەخشتی ئاڵتوون، بە حەیاتیشی نام بێت، بەڵام لە زەتم لەو کۆشکە دەبینی، کە خشتێکی زێڕو خشتێکی ئاڵتوونە، چیرۆکێکی دی کە هەر داستانە پاڵەوانەکەی ناوی (شا ئیسماعیل)ە، ئەم شایە تووشی ژنێک دەبێ خانوویەکی کردووە لەسەری پیاو، هەر لەسەری پیاو، هەر کەسێک دەگاتە ئەو کۆشکە ئەم ژنە زۆرانی لەگەڵدا دەگرێت، بەو مەرجەی ئەگەر ژنەی دایە عەردا شووی پێ دەکات، ئەگەریش بە پێچەوانەوە ئەوا سەری دەبڕێ. بەم شێوەیە کۆشکێکی لەو زەلامە بەزیوانە بنیات ناوە. باوەڕت بێ ئەوەندە لەزەتم لەو کۆشکە بینیوە. کە لەسەر دروست کراوە مەگەر بە منداڵی لە شیری دایکم ئەوەندە لەزەتم بینیبێت، بە حەیاتیشی پەپوولەیەکم نەکوشتووە.

*** ئەمە وەکو وێنەی شیعری پێی مەست بوویتە یا وەکو توانایەکی سیحری؟**

– ئەو توانا سیحرییەم بە لاوە جوان بووە.

داستانی تر هەیە کە بە منداڵی بۆیان گێڕاومەتەوە، سێ کچە هەتیو لە دەست باوەژنەکەیان رادەکەن، دەڕۆن دەگەڕێن، یەکیان برسی دەبێت، عەرزەکە هەڵدەکۆڵێ بە دوای بنجەدارا دەگەڕێ بیخوا، لە پڕ تاشە بەردێک پەیدا دەبێ، تاشە بەردەکە بە هەرسێکیان هەڵی دەدەنەوە، پلیکانەیە، بە پلیکانەکە دەچنە خوارەوە باخچەیەو نانەو میوەیە، شتی وا لەماڵی ئێمەیا نەبووە، لە کفریشا نەبووە، شتێکی زۆر سەیر بووە، بەڵام لێی راهاتم و ئەو بارودۆخەم ئەوەندە پێخۆش بوو، کە کچەکان بە پلیکانەکانا دادەبەزین و دەچوون سێوەکەیان لە دارەکە دەکردەوەو دەیانخوارد، وامدەزانی خۆم دەیخۆم. ئەو سەردەمە بە هەموو کفری دارسێوێکی تیا نەبوو و لە بەغاوە سێو دەهات، شاعرێکی چینی دەڵێ: (ژیان خەیاڵە)، کێ دەڵێ ئەمەی ئێمە تێیدا دەژین خەیاڵ نییە، یا خەو نییەو خەون حەقیقەت نییە، لەبەر ئەوە ئێمە هەموو شتێکمان خەیاڵە، ئێمە ئۆتۆمبیلمان بووە؟ دوا



مۆدێلی ئۆتۆمبیلمان هێناوە بۆ شەقامەکانمان، با دەریاش بێنین بۆ ناو خەیاڵەکانمان، ئێمە ئاخر پەیینی کیمیاویمان هێناوە، ئاخر داوو دەرمانمان هێناوە، ئاخر مۆدێلی جلوبەرگمان هێناوە، نگرۆ و حەفرو ئەمانە رەنگە هی ئێمە نەبن، ئاخر مۆدێلی کاتژمێرمان هێناوە، کۆمپیوتەرمان هێناوە، ئینتەرنێتمان هێناوە، سەرووی ئینتەرنێتمان هێناوە، ئەمانە هەموو خوازراون، با دەریاش بە خەیاڵ بخوازین و ماسی تیابگرین و لەگەڵ پاڵەوانەکانا لەزەت لەو دەریایە بکەین.

*** وا دیارە ئیعجاب بوونت بە دەریا، گەڕانەوەیە بۆ نەست، وەختی خۆی کە ئەو پیرێژنانەی چیرۆکیان بۆ دەگێڕایتەوە هەندە باسی دەریایان بۆ کردووی، ئیدی لە نەستتا کۆمەڵێ یادگاری بەجێ هێشتووەو ئەمە زیندوبوونەوەی نەستتە. نووسەرێک دەڵێ (لیس هناک حنین الی الوطن، بل هناک حنین الی الذکریات)، ئایا ئەمە بە راست دادەنێیت؟**

– (وطن و ذکریات) تێکەڵاو بوون، کفری نیشتمانی منە، کەرکووک نیشتمانی منە، ماوەیەک لە هەولێر بووم، نیشتمانی منە چونکە کۆمەڵێک یادەوەریم لەوێ هەیە، چەند ساڵێک لە بەغاش بووم چەند ساڵێک ئەوێش هەر نیشتمانی منە، سلێمانی ئێستا بووە بە نیشتمانی سەرەکیی من چونکە زۆربەی کارە هونەرییەکان و ئەدەبییەکانم لە سلێمانییا ئەنجام داوە، زۆربەی کۆڕ و فیستیڤاڵەکانم لە سلێمانییا ئەنجام داوە، لەبەر ئەوە لە هەر شوێنێکیان نیشتمانی تۆیە، ئێستا بابڵێین نایچوێنم بە بەرد، بەڵام بەردێ لە کەرکووکەوە دەیبەی بۆ سلێمانی، ئەوە نیشتمانی خۆی گۆڕی و سلێمانی دەبێت بە نیشتمانی، بەردێک لەم چاڵەوە دەری بکە بیخەرە چاڵێکی دییەوە، چاڵەکەی دی دەبێت بە نیشتمانی.

*** مرۆڤ هەمیشە ئەو شوێنە بە شوێنی خۆی دادەنێت، کە یادگارییەکانی تێدا بەجێ هێشتووە، تا چ رادەیەک لە شیعرەکانتدا یادگاری منداڵیت باس کردووە؟**

– من یادگاری منالّی باس ناکەم، من خۆم مندالّم، ئێستاش منالّم، داهێنەر نین ناشتوانن داهێنەر بن ئەو نووسەرو هونەرمەند و شاعیرانەی کە هەست دەکەن گەورە بوون و مندالّی خۆیان لە بیرچۆتەوەو وا دەزانن قۆناغی مندالّییان بە جێهێشتووە، داهێنەر نین و داهێنەر نابن، من ئێستا تۆ لە خۆم بە تەمەنتر دەزانم (من لە دایک بووی سالّی ١٩٦١ و هەلّمەتیش ١٩٤٧) کە بەرامبەرم دانیشتووی و قسە دەکەی، من ئێستا مندالّێکی هەشت سالاّنم و کە تۆ قسەم لەگەلّ دەکەی کۆلارەکەم بە دەستەوەیەو لە سەربانی بالّەخانەکەمانا کە بەرامبەر بە مزگەوتی خانەقای کفری بوو کۆلارەکەم هەلّدەدەم و مندالاّنیش لە خوارەوە سەیری کۆلارەکەم دەکەن، من بەو تەمەنەوە قسەت لەگەلّدا دەکەم...

*** نووسین بەلای تۆوە چی دەگەیەنێ؟ ئایا مانایەکی تایبەتی هەیە؟**

– من سەردەمی هەرزەکاریم کەوتە سەردەمێکەوە، سەردەمی شیعرو گۆرانی و احتفالات، سەردەمی لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دا، کە پاشایەتی نەماو عێراق بووبە کۆماری، ئەوسا من لە کفری بووم هەموو رۆژێک رەشبەلّەک بوو سروودی (ئەی رەقیب)و(کەس نەلّێ کورد مردووە)و(نەورۆز) و سروودە ئاشتیخوازەکان، کە حزبی شیوعی دەیانوت. من لە بەینی ئەم دوو تەوژمەیا تەوژمی نەتەوایەتی و چینایەتی گەورە بووم و بیرم کرایەوەو لە هەردووکیانم وەرگرت، تەوژمی سروودو شیعرو گۆرانی و بەگژاچوونی داگیرکەرو ئیستیعمارو شیعارات و دروشمی بریقەدارو دروشمی بەرز، بڕووخێ دەرەبەگ و بڕووخێ ئاغاو بژی عەبدولکەریم قاسم، (کاکە کەریم بۆ پێشەوە ریشەی ئاغا بکێشەوە)و هەموو شتەکان لەسەردەمی مندا شیعر بوون. لەبەر ئەوە تەنانەت کوڕەکانی مامم لە سلێمانی و چەمچەمالّ و لە کەرکووکەوە نامەیان بۆ دەناردم بۆ کفری، هەموو شیعریانی تێدا بوو، شیعری کامەران موکری، من تائێستا شیعری ئەو فەترەیەم لەبەرە، (کوردە گیان خۆم لە لا شیرینە، وا ئەیدەم بە تۆ نەلّێی بەخشینە، چونکە هی خۆتە



کەی گیانی منە) ئیتر دەیان شیعری تر (کاروانی ئێمە کەوتۆتە رێگا بە ئامانجی خۆی هەر ئەبێ بگا).یا هەندێ شیعری گۆران یا هەندێ شیعری جەمال شارباژێری یا هەندێ شیعری دیلان، ئێمە ئەم شیعرانەمان لە نامەیا دەگۆڕییەوە، ژیانی من ئەو سەردەمە هەمووی شیعر بوو.مالّیشمان مالّێکی شیعری بوو، باوکم شاعیر بوو، هەموو ئێوارەیەک دادەنیشت لە ناو دەروێشەکانیا شیعرەکانی حافزی شیرازی و سەعدی شیرازی و بێدلّ و فەریدەدینی عەتارو جەلالەددینی رۆمی دەخوێندەوەو بۆ دەروێشەکانی شەرح دەکرد.لەوەوە چێژی شیعریم وەرگرت، شیعر بوو بە بەشێک لە ژیانم. من نەمدەتوانی واز لە شیعر بێنم، لەبەر ئەوە شیعر بەلای منەوە مانای هەیە و بە مەبەستەوە وتوومەو شکۆمەندی شەهیدو پێشمەرگەی قارەمانم خستە روو لەو شیعرانەما، لەبەر ئەوە شیعر بەلای منەوە مەبەستێکی هەیە، ئەگەرچی من نامەوێ لە پێناوی مەبەست لایەنی هونەری بدۆڕێنم، من دەمەوێ پارێزگاری لایەنی هونەریش بکەم و پارێزگاری ناوەڕۆکی شیعریش بکەم، پارێزگاری فۆرمی بەرزی شیعریش بکەم. پێشم سەیرە هەندێ لە رەخنەگرانی لاوی ئێستا خۆیان بە تازەترین مۆدێرن و پۆست مۆدێرنەوە خەریک کردووە، کەچی کە باسی قانیع دەکەن، من نالّیم قانیع شاعیرێکی گەورە نییە، قانیع شاعیرێکی گەورەیە، بەلاّم قانیع سەر بە قوتابخانەی شیعری کۆنە، سەر بە قوتابخانەی شیعری باو و لاساییکارییە، کەچی هەندێک لەو گەنجانە کە باسی پۆست مۆدێرن دەکەن قانیع وەک شاعیرێکی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن لە قەلّەم دەدەن، من لەگەلّ ئەوەیانیم، ئەگینا من لەگەلّ ئەوەدام شیعر مانایە، شیعر مەبەستە. سیدار سەنگوور کە سەردەمانێک سەر کۆماری سەنیگال بوو، سیاسەتمەدارو سەر کۆمارو شاعیریش بوو، شیعرەکانی پڕ بوون لە مەبەست. سیزێر کە شاعیرێکی رەش پێستەکانە ئەویش هەر بە مەبەستەوە شیعر دەنووسێ، مایکۆفسکی شیعری بە مەبەستەوە نووسیوە، نازم حیکمەت شیعری بە مەبەستەوە نووسیوە،

شیعرو رۆمان و شانۆگەری و کورتە چیرۆک لێک جیا ناکرێنەوەو دەقەکان ئێستا هەموو لێکچڕژاون و ئاڵۆزکاون لەیەک، هەموو نووسەرێک بە مەبەستەوە دەنووسێت، تەنانەت جان جینێ دەڵێن گوایە بێ مەبەست دەنووسێت، بیخوێنەرەوە ئەویش بە مەبەستەوە نووسیوێتی، ئەویش باسی چەوسانەوەی منداڵیی خۆی و ئەو کەسانەی کە وەکو خۆین دەکات. سارتەر هەندێک دەڵێن بێ مەبەست دەنووسێت بە تایبەتی لە (ما هو الادب)ەکەی لەوەشدا حاشا لەوەناکا کە بە مەبەستەوە دەنووسێ، بەڵام دەڵێ جیاوازی هەیە لە نێوان پەخشان و شیعردا، دەڵێ پەخشان وەکو ئەوە وایە دڕندەیەک بەرامبەرت دێت دەتەوێ دەست بدەیتە هەر شتێک لەو دڕندەیەی بگری و پارێزگاری لە خۆت بکەیت، بەڵام شیعر ئامرازی تایبەت بە خۆی هەیە، دەڵێم شیعر ئامرازی تایبەتی و هەل و مەرجی خۆی هەیە، بەڵام مانای هەیە، بێ مانا هیچ شتێک هیچ نییە.

*** دڵداریت کردووە یا حەزت بە دڵداری نییە؟**

– ئێستاش دڵداری دەکەم، ئینسان کە لە دڵداری کەوت ناتوانێ نیشتمانەکەیشی خۆش بوێ، ناتوانێ لێقەوماوانی خۆش بوێ، ناتوانێ جوانی خۆش بوێ تۆ کە کچێکت خۆش دەوێ هەموو ئەو جوانییە شاراوانەی کە کەس تێیدا بەدی نەکردووە، تۆ ئەو جوانییانە دەدۆزیتەوە. دوو شتی مەزن دەکەی یەکەم کە کچێکت خۆش دەوێ، دووەم ئیکتیشافێک دەکەی جوانییەک لەو کچەدا هەیە، خەڵکی دی نەیدۆزیوەتەوە، تۆ دۆزیوتەتەوە لەبەر ئەوە خۆشت دەوێ. ئەمەش بۆ خۆی داهێنانێکە.

*** با قسە لە رۆمانی کوردی بکەین، رۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا)ی بەختیار عەلیت خوێندۆتەوە؟**

– با یەک شتێک بڵێم، من رۆمانی کوردی کەم دەخوێنمەوە، وا رێکەوت رۆمانێکی (مەولود حەسەن)م خوێندەوە، رۆمانی (ئەژدیها)ی موکریم خوێندەوە، هەرچەندە تۆ باسی رۆمانەکەی کاک بەختیار عەلی دەکەیت،





بەڵام من ئەو رۆمانەم نەخوێندۆتەوە ، وەک وتم، رۆمانی کوردی لاپەڕەیەک دوان سیان چواری دەخوێنمەوە ئەنجا ناو بە ناویش لێی دەخوێنمەوە، کە زانیم ئەمە بابەتی خۆمان نییەو ناوەڕۆکەکەی خوازراوەو دەیانەوێ کۆلاجی بکەن بەسەر کۆمەڵگای کوردەوارییا، نایخوێنمەوە. من رۆمانی (ئەژدیها)ی محەمەد موکریم خوێندەوە زۆرم بە دڵ بوو، رۆمانی (پیری کێوی) مەولود حەسەن، بە یەکێ لە رۆمانە هەرە باشەکانی دەزانم، بەداخەوە رەخنەی کوردی ئاوڕی لێ نەدایەوە، من دەمەوی رۆمانی کوردی مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ کەلەپووری کوردیدا بکات، من نامەوێ گەدەو گیپاڵی ناوەڕۆک و گەدەو گیپاڵی رۆمانە ئەوروپییەکان و رۆمانە رووسییەکان و ئەو رۆمانانەی سەد ساڵ پێش ئێستا نووسراون، دەربێنین و بیهێنین و بیکەن بە شتێکی نوێ و پێشکەش بە خوێنەری کوردی بکەن، بەداخەوە خوێنەری کورد زۆربەی ئەوانەش کە لە ئاستی خوێندنی زانکۆدان بە بەڵگەوە دەیلێم، زۆرجار گوێم لە چاوپێکەوتن بووە لەگەڵ قوتابییانی زانکۆیا دەڵێن نامانەوێ عەرەبی بخوێنین، چونکە لێی تێناگەین، کە لە عەرەبی تێناگا مانای وایە دوو رۆمانی نەخوێندۆتەوە، ئەگەر خوێندبێتییەوە نە رۆمانی عەرەبی خوێندۆتەوە، نە رۆمانی بیانی خوێندۆتەوە، ئەمە وەکو ئەوە وایە یەکێک کە بە رۆمانێکی کوردی هاکەزایی بڵێ وەڵڵا شتێکی زۆر زۆر چاکە، وەکو ئەوە

وایە، قەت قەت ئاوی ساردی نەخواردبێتەوەو هەمیشە لە دێیەکدا بوو بێت کە بێت بۆ شار ئاوی گۆزەی خواردبێتەوە، کە دێ بۆ شار و هەمیشە لە دێیەکدا بوو بێت، کە بێ بۆ شار ئاوی گۆزە بخواتەوە ساردو سڕە، بڵێ پەحاح هەر هەولێرییانە بڵێ پەحا لەم ئاوە چەند ساردە.

*** رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) رۆمانێکی زۆر واقعییە، باس لە کارەساتگەلێک دەکات، باس لە مەرگەساتێک دەکات...**

– نەء، هیچ قسەکانی من بە دەورو خولی ئەو رۆمانەدا نەخوولاونەتەوە، چونکە من نەمخوێندۆتەوە ناتوانم هیچ شتێک بڵێم دەربارەی ئەو رۆمانە، کەی خوێندمەوەو دیدارێکی دیکەمان کرد، ئەوسا دەتوانم قسەی لەسەر بکەم.

*** لە شاعیرە کوردەکاندا، ناڵێم کێ بە باش دەزانی، دەڵێم چێژ لە شیعری کێیان زیاتر دەبینی؟**

– باوەڕت بێ قۆناغی منداڵی لێ دەرچێ، کە دەڵێم سەرەتای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨- ١٩٦٠، ئەو ماوەیەی لێ دەرچێ، ئیتر شیعری کوردی قەت کاری تێ نەکردووم، یانی خوێندبێتیشمەوە چونکە من لە شەشی سەرەتایی سەیاب و بلند حەیدەری و حوسێن مەردان و بەیاتی و جەواهری و ئەدۆنیسو ئینس الحاج و گۆڤاری(شعر)ی لوبنانی و گۆڤاری (الاداب)ی بەیروتی و ئەوانەم دەخوێندەوە شعری کوردی زۆر سادە بوو لە چاویانا، لەبەر ئەوە قەت کاریگەری شیعری کوردیم لەسەر نەبووە، وێنەی ئەو ماوەکەمەی منداڵیم نەبێ، بەڵام من ئێستا یەک شتێک دەڵێم جگە لەو شاعیرانەی کە لە جوگرافیاو ئەتڵەسی ئێستای شیعری کوردیدا ناوی گەورەیان هەیە، هەندێک شاعیر هەن شاعیری چاکن، شاعیری پلەیەکن، ناویان نییە، خەڵک نایانناسێ، خەڵک غەدریان لێ دەکات، من ئەو ناوانەت بۆ دەڵێم، هەندێک لەوانەی کە لە بیرمن، نەوزاد رەفعەت، سەعدوڵڵا پەرۆش، نەژاد عەزیز سورمێ، ئەمانە شاعیر گەلێکن رۆڵیان بووە لە نوێگەریی شیعری



کوردییا، تا ئێستاش ناتوانم بڵێم زۆربەی، بەڵام گەلێ لە شیعرەکانیان لە ئاستی شیعرە هەرە بەرزەکانی کورد دایەو شیعری شاعیرە ناودارەکانیش هەن لە ئاستێکی زۆر زۆر نزمدان، بەڵام رەخنەی کوردی ئەم لایەنەی فەرامۆش کردووە. شاعیری دیش هەن رەنگە لە بیر چووبێتنەوە، یەکێکن لە پێشەنگەکانی شیعری نوێی کوردی، کە باسی شیعری نوێی کوردی دەکرێ باسی شاعیری نەوەتەکان دەکرێ، باسی فەرهاد شاکەلی ناکرێت، باسی رۆشنبیرێکی گەورەی وەکو ئەحمەد شاکەلی ناکرێت، کاکە ئەمانە بەردی بناغەی نوێگەرییان دانا، تۆ بێی باسی یەکێک بکەی لە نەوەتەکاندا ئەمە لەسەر دیواری من و فەرهاد شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی و سەعدوڵڵا پەرۆش و نەژاد عەزیز سورمێ و جەلالی میرزا کەریم و کێ و کێ بەردی بناغەیان داناوە، لەبەر ئەوە ئەوانە هەمیشە لە خۆم بە نزمتریان دەزانم، چونکە من بەردی بناغەم.

*** ئەی ئەو شاعیرانەی حزب تیشکی خستوونەتەسەر؟**

– ئێمە سیاسەتمان بۆ سیاسەتمەداران هێشتۆتەوەو نامانەوێ بە شیعر تیشک بخەینە سەر سیاسییەک و یەکێکی دی پشتگوێ بخەین. تیشک بخەینە سەر حزبێک و حزبێکی دی پشتگوێ بخەین، تیشک بخەینە سەر لایەنێک لایەنێکی دی پشتگوێ بخەین. تکا ئەکەم سیاسەتمەداران، حزبەکان، لایەنەکان، ئەگەر بەرژەوەندی وێژەی کوردی و سەر بەرزی وشەی کوردییان دەوێ، بە ناڕەوا تیشک نەخەنە سەر نووسەرێک و شاعیرێک و رۆماننووسێک و چەپڵەڕێزانی بۆ نەکەن و هات و هاواری بۆ نەکەن و یەکێکی دی، کە رەنگە گەلێ گەلێ لەو بە تواناتر بێ، پشتگوێ نەخەن و کە لە لای نەکەن و داماوی نەکەن بەهۆی سیاسەتەوە، بەهۆی ئەوەوە کە بێلایەنەو بەهۆی ئەوەی کە گۆشەگیرە، لەوانەیە کابرایەکی سۆفی بێ و حەزی لە گۆشەگیریی بێ، هەر بۆ نموونە بابا تاهیری هەمەدانی کە سۆفییەکی گۆشەگیر بوو لە سەردەمی خۆیا رەنگە پێنج کەس نەیناسیبێ،

بەڵام ئێستا شاعیرێکە لە هەموو دنیایا ناسراوە، لێگەڕێن با شاعیرەکانیش خۆیان بە خەڵک بناسێنن نەک لە ڕێگای کامیراو ڤیدیۆی سیاسییەوە.

*** هەن دەڵێن لەتیف هەڵمەت لە شیعر چۆتەوە؟**

– بەڵێ. ئەوە بەرگی دوو و سێی دیوانەکەمی نەخوێندۆتەوە، (دژی گوێ بەرەو ئەو)ی نەخوێندۆتەوە، (دژی گوێ بەرەو ئەو)و ئەمە چامەیەکە، چامەیەکی دیشم کە بە ناونیشانی (تەبایی و ململانێی هاووڵاتییە ئەلیکترۆنییەکانی کۆماری لەتیف هەڵمەت)، ئەم دوو قەسیدەیە بە دوو قەسیدە دەزانم نە لە ڕۆژهەڵاتا نە لە ڕۆژئاوایا نموونەیان نییە، تا سەدساڵی دیش کەس ناتوانێ شیعری وا بنووسێ. بەڵام من چی بکەم لەوانەی نەیانخوێندۆتەوە. خۆیان ناخوێننەوە، ئەوانە خۆیان لە شیعر دوور کەوتوونەتەوە، خۆیان ئێستا تەمەڵن، خۆیان ئێستا چەژی شیعر ناکەن، ئەگەر باوەڕیش ناکەن با دەعوتێکم بکەن، لە کوێ دەڵێن تەنها ئەگەر خۆیشی ئامادە بێت، من ئەو دوو شیعرەی بۆ دەخوێنمەوە، ئەگەر هەر خۆیشی ئامادە بێت، بەڵام با هۆڵێکم بۆ ساز بکا..

لە کۆتاییدا دەڵێم، بە پێچەوانەی قسەی ئەوانەوە کە شیعری نوێی کوردییان بە دڵ نییە، بە تایبەتی ئاستی زانکۆکان، لە ئاستی زانکۆکانی کوردستاندا، شیعری نوێ زۆر پشتگوێ خراوە، دەتوانم بڵێم تەنها د. فەرهاد پیربال بایەخێکی داوە پێی، ئەگینا لە ئاست ئەکادیمییا زۆر لای لێ نەکراوەتەوە، زۆر پشتگوێ خراوە، ئەمەش ڕۆڵێکی زۆر ناتەباو سلبی هەیە بۆ سەر ئاستی وێژەیی قوتابیانی زانکۆ، بە پێچەوانەی ئەو خواستەی ئەکادیمییەکانەوە دەڵێم شیعری نوێی کوردی لە ئاستێکی زۆر بەرزدایەو لە ئاستی ئەو شیعرانە دایە کە خەڵاتی نۆبڵ و خەڵاتە گەورەکانی دی وەردەگرن.خۆزگە شیعریش وەکو سینەما زمانێکی جیهانیی دەبوو، جا بزانە وەکو بەرهەمەکانی بەهمەنی قوبادی دەیان خەڵاتی گەورەی جیهانیی وەرنەدەگرت. من دەیان شاعیری کورد دەستنیشان دەکەم ئەگەر شیعرەکانیان



بکرێن بە ئینگلیزی و بە ڕووسی و فەرەنسی و بە ئەڵمانی خەڵاتی نۆبڵ و خەڵاتەکانی کەی جیهانیی وەردەگرن. هەر بۆ نموونە (عدنان الصائغ) شاعیرێکی گەنجی عێراقییە، یەکێکە لە باشەکان، ئەمە زیاد لە بیست خەڵاتی جیهانیی وەرگرتووە، من سەد شاعیری کورد دەست نیشان دەکەم، کە پارەی چایەکی نییە لە چایخانەی شەعب و چایخانەی مچکۆیا خوا خوایەتی یەکێ پارەی چایەکەی بدا، لە (عدنان الصائغ) شاعیرترە. شیمبۆ لیسکا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، دوو سەد شاعیر لە کوردا دەست نیشان دەکەم کە دیسانەوە لە چایخانەی مچکۆو لە چایخانەی شەعب و لە شەقامەکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکووک و لە چەمچەماڵ و کفری و کەلاردا، لە شیمبۆ لیسکا شاعیر ترن و پێش ئەو خەڵاتی نۆبڵیان شایستەیە نەک شیمبۆ لیسکا، بەڵام ئەمە سیاسەتێکی جیهانییەو دەستی زایۆنیزمی جیهانی و دەستی ماسۆنییەتی جیهانی و دەستی ئیمپریالیزمی جیهانی و دەستی میتی جیهانیی، دەستی هەموو دەزگا گومان لێکراوەکان و دەستی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان چەوساندۆتەوە هەموویان لەم پیلانەدا هەیە. بە هیوای ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک لە کورد خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێ، چونکە بەلای کەمەوە ئێستا دە کەس شایانییەتی.

# دیدارێک لەگەڵ شاعیرو وەرگێڕ
# (سەعیدی ئەمانی)

هەر لەپاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێران، کۆمەڵێ نووسەری پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێر سەریان هەڵدا، کە بەبەرەی یەکەمی شاعیرانی دوای شۆڕش دادەنرێن، رۆڵی کاریگەریی ئەم نووسەرانە لەسەر رەوتی بەرەوپێشچووی ئەدەبی کوردی لەکوردستانی رۆژهەڵاتدا، هێند دیارو لەبەرچاوبوو، ئەگەر باس لەئەدەبی شۆڕشگێر یا بەرگریی بکرایا، دەبوو ناوی(رێبوار، فەرەیدونی نازری، ئەحمەدی بازگر، عەلی کیتابی، ناسری حوسامی، سەعیدی ئەمانی)بهێنرایا.

یەکێ لەو نووسەرانەی کە تا ئێستا لەرەوتەکە بەردەوامەو درێژەی بەچالاکی ئەدەبیی خۆی داوە، سەعیدی ئەمانی شاعیرە.

سەعیدی ئەمانی لەساڵی ١٩٦٠ لەئاوایی شیلاناوی بناری ئاسمانبلاغی ناوچەی سەقز هاتۆتە دنیاوە، هەر لەمنداڵییەوە خولیای دەرس خوێندن و چوونە فێرگە بۆتە گرییەک و تا ئێستاش لەسەر دڵی بەقەدەر کێوی ئاسمانبلاغی قورسایی کردووەو بارە، (٣)ساڵ یەکێک لەو حەوت کەسی ئەندامی ئەسڵی ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری بۆکان بووە.



ماوەی زیاتر لە (٢٠)ساڵە، خەریکی چالاکی سیاسییەو لەو ماوەیەدا(٥)ساڵ زیندانی کێشاوە، کۆمەڵە شیعری(باران و دڵۆپە)ی لەساڵی ٢٠٠٣ دا بەچاپ گەیاند، ئێستا زۆرتر سەرقاڵی وەرگێڕانەو یەکێکە لەئەندامانی بەڕێوەبەری خولی دووەمی گۆڤاری(پێشەنگ)ی تایبەت بەهونەرو ئەدەبیاتی پێشڕەوو کرێکاریی. بەمەبەستی تیشک خستنەسەر شیعرەکانی و تێڕوانینی ئەو بۆ ئەدەب، ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ بەڕێزیدا سازدا.

*** وێنەی شیعریی یان بڵێین وێنەی هونەریی لەشیعرەکانتدا کەم دەبیندرێن،ئایا دەتەوێ شیعرەکانت زیاتر خیتابی وحەماسی ئامێزبن و شێوە بکەیت بەقوربانی ناوەڕۆک، بەمەبەستی زووتر گەیاندنی بەوەرگر؟**

– بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانم بڵێم من لەپێشدا مرۆڤێکم بەگشت وجوودمەوە تێکەڵ بەسیاسەت بووم و دوایە دەستم بۆ شیعر نووسین بردووە، ئەگەر لەلایەنێکەوە لاوازبن ئەوەش رەنگە وەک زۆربەی رەپستەکانی شیعری کوردی و چینە ژێر دەستەکان، پێشێلی سمی ئەسپی سیاسەت بووبن، دەنا شتێکی لەپێشدا بیر لێکراونییە.

*** ئەی شیعر بەخۆی، بەلای تۆوەچی دەگەیەنێت؟**

– شیعر وەک خۆی تەنیا وەک لایەنێکی تایبەتی، بەو پێناسەیەی کە لەوەڵامی پرسیارەکانی تردا باسیان دەکەین، چاو لێدەکەم، بەڵام کاتێ بەرهەمە شیعرییەکی سەرکەوتوو دەبینم و پێم وایە توانیویەتی بەناخی شتەکاندا قووڵ بێتەوەو ئەو کەلێن و قوژبنانە بپشکنێ، کە هونەرمەندان و شاعیران بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی رێیان تێنەبردووە، لەهەیبەتی نووسەرەکەی سام دەمگرێ، کەوابوو بەلای منەوە شیعر دەرخەری هەبوونی شعورێکی مافەوقی بەشەری ئاساییە.

*** بەلای تۆوە بۆ بوونە شاعیر چ پێش مەرجێک پێویستە؟**

– بوونە نووسەر یان شاعیر یان هونەرمەند بەگشتی، جا لەهەر بەشێکی

هونەردا بێت، وەک زۆر کەسی تر منیش پێم وایە سەرەتا پێویستە کەسەکە خاوەنی توانایییەکی تایبەت بەنیسبەت کەسانی دەورو بەرییەوە بێت، واتە ئەو توانایییە لەخۆیدا هەست پێ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا لەناخی خۆی وردبێتەوە بزانێ ناخود ئاگا دەیەوێ قسەی دڵی بەکام زمانی هونەری دەربڕێ، چۆڕاوەی ئەو خولیایەی لەناخ و هەستی ئاژین بووە وردە وردە بەجۆگەلەی یەکێک لەزمانە هونەرییەکاندا شۆڕاوگە دەبەستێ و خۆی دەردەخات، دیارە چەندە ئەم خولیایە، ئەم ئەوینە، ئەم گیرۆدەییە بەتین ترو راستگۆیانەتر بێت، بەو رادەیەش بەرهەمەکەی لەدڵ نزیک و لەئاستێکی بەرزدادەبێت، رەنگە زۆر کەس دەستی دابێتە قەڵەم و ویستبێتی شیعرێک، چیرۆکێک بنووسێ یان تابلۆیەک بنەخشێنێ، بەڵام پێم وایە بەو هۆیەی گورزێکی کاریگەری رۆحی و دەروونی وێنەکەوتووە، کە لەناخەوە بیهەژێنێ و پێوەی بتلێتەوە، سەرکەوتوو نەبووە، چون ویستوویەتی لاسایی بکاتەوە.

*** لەرۆژگاری جەنجاڵی ئەمڕۆی زاڵی تەکنۆلۆژیاو جیهانگیریدا شیعر بەگشتی و شیعری کوردی بەتایبەتیی چ بۆشاییەکی ژیانی پڕ کردۆتەوە، یا پڕ دەکاتەوە؟**

– سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم، کە تەکنۆلۆژیا دەستکەوتێکی گرنگ و بەرچاوی کۆمەڵگای بەشەرییەو بەبڕوای من پێویستە زۆر بەرێزو بایەخەوە سەیری بکرێ، تەکنۆلۆژیاو ئەو ئامرازانەی، کە پێوەندی نێوان قارەو وڵات و نەتەوەکانیان بەشێوەیەکی سەر سوڕهێنەر هاسان کردۆتەوە، وەک چۆن دەکرێ بۆ مەبەستی چەوت و نامرۆڤانەو بەرژەوەندییەکانی لایەنی زاڵ لەباری ئابووری و نیزامییەوە، لەدنیادا کەڵکی لێ وەربگیرێ، هەر بەو شێوەیە دەکرێ بە ئیرادەیەکی یەکگرتووانەی گشت ئینسانە ئازادی خوازو مرۆڤ دۆستەکان بەبارەکەی تریدا واتە بیانخەینە خزمەت پڕۆژەو مەبەستە ئینسانییەکانەوە. کەوابوو تەکنۆلۆژیا وجیهانگیری خۆی لەخۆیدا شتێکی خراپ نین، بەڵکو قسە لەوەیە لەپێناو چ مەبەستێک دان؟ ئەگەر ئەم



دەستکەوتە گرینگە لەخزمەت جیهانگیرکردنی فەرهەنگ و پڕۆژەیەکی بەراستی ئینسانی دا بوایە نە ئێمەی نیگەران دەکردو نەپێمان وابوو دنیایەکی ئاڵۆزو جەنجاڵمان هەیە، بەبڕوای من شیعریش وەکو گشت باڵەکانی تری ئەدەبیات لەگشت سەردەمەکانی حەیاتی مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتمەندییەکانی سەردەمی خۆیەوە درێژە بەژیانی خۆی دەدات، ئەگەر نەڵێین شیعر تەمەنێکی زیاتری لەچاو هەموو باڵەکانی تری ئەدەبیات هەیە، چون هێندێک دەڵێن مرۆڤ لەو رۆژە زمانی کراوەتەوە شاعیر بووە.

شیعر لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەپێی هەلومەرجی تایبەتی ئەم کۆمەڵگایە، وەک ژێر دەستەبوون، لەخوارەبوونی ئاستی خوێندەواری،نا سەقامگیربوونی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی لەهەموو بوارێکەوە جیا لەئەرکە سەرەکییەکەی خۆی، بەرێوەبردنی زۆر ئەرکی تریشی کەوتۆتە ئەستۆ، کە هەر ئیشی ئەونەبوون. دیارە بەم هۆیەوە لەتمەی قورسی وێکەوتووە، بەڵام ناچار بووە ئەو بۆشاییەش پڕ بکاتەوە، من دەڵێم ئەمانە هەموو بۆشایی بوون، کە لەسەردەمی خۆیدا شیعری کوردیی پڕی کردوونەتەوە، بەپێچەوانەی بۆچوونی هێندێک کەس، بەلای منەوە ئەمە زۆر جێی رێزە، دڵنیام کە هەروەک ئێستا بەشێنەیی دەیبینین ئەو رۆژەی کە کۆمەڵگای ئێمەش گەیشتە ئاستی ئیستاندارد ئەوا شیعریش لەبارەگای شیاوی خۆیدا قەرار دەگرێ و تەنیا رۆڵی تایبەتی خۆی وەک شیعر دەبینێ و شان بەشانی شیعری دنیا ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، کە دەستی هیچ کام لەبەشەکانی تری هونەرو ئەدەبیات وتەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو نایگاتێ،بەلای منەوە شیعر ئینسانی ترین ونزیکترین بەشی ئەدەبیات بەناخی مرۆڤە.

*** پێت وایە کارو ئەرکی ئەدەبی، دەکرێ تێکەڵ بەکارو ئەرکی سیاسی بکرێ؟**

– بەلای منەوە دەکرێ کارێکی هونەری یان ئەدەبی هەڵگری پەیامێک بێ و ئەو پەیامە نزیکایەتی لەگەڵ رەوتێکی سیاسیدا هەبێت، ئەگەر مەبەست

ئەوەیە، من دەڵێم دەکرێ، لەهەلومەرجی ئێستای ناوچەکەداو بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی ئێمە تێیاندا دەژین، ئەوە نابینم کە هونەرمەندێکی راستگۆ لەگەڵ خۆی ولەگەڵ کۆمەڵگاکەی کاری ببێتە خولقاندنی هونەربۆ هونەر، مەگەر لەباری ئیحساسییەوە بەتەواوی لەدەوروبەرەکەی دابڕابێ، من دەڵێم تا ئێستاش دەکرێ بەتەواوی لێک نزیک بن.

*** گەر لێت بپرسن لەنێوانماڵی بێدەنگی ئەدەب و ماڵی پڕ لە هەراوهوریای سیاسەتدا کامیان هەڵدەبژێری، چی دەڵێی؟**

– باوەڕبکە هەموو ئینسانێک ، یان لانی کەم من ئەوینداری ژیانێکی ساکت و بێدەنگم، بەڵام کوا لێت دەگەڕێن بەدڵخوازی خۆت بژیت؟ من بەکردەوە لەهەردوو ماڵەکەدا دەژیم، ئەگەر بارە ئەدەبییەکەم لێ قبووڵ بکەن!.


*** کام نووسەر بەیەکێک لەپایەکانی ئەدەبی جیهانیی دەزانیت، بۆچی؟**

– وەڵامی ئەم پرسیارە کەمێک دژوارە، ئەگەر ئەدیبان وشاعیرانی تر لێم زویر نەبن،بەهۆی ئەوەی کە تێکەڵاوییەکی زۆرم لەگەڵ شیعرەکانی دا هەیەو تا ئێستاش بەرهەمی هیچ شاعیرو نووسەرێک بەم چەشنە ناخی نەسمیوم و پێم وایە راستگۆترین شاعیرێکە، کە تا ئێستا ناسیبێتم و هەر بەپێی ئەم راستگۆییە زمانحاڵی مرۆڤێکی ئاسایی وبەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو بەرهەمەکانی زۆر لایەنی سیاسی وکۆمەڵایەتی چینی ژێر چەپۆکەو زۆر لێکراوی لەخۆگرتووەو لەهەمان حاڵیشدا لەبەرزترین لوتکەی هونەریدا قەراریان گرتووە، ئەویش (ئەحمەدی شاملوو)شاعیری گەورەی ئێرانییە.

١/١٠/٢٠٠٣ زڕگوێز



# دیمانە لەگەڵ محەمەد سابیر مەحموود



*** بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی بە جیهان، چ ڕێگایەکت پێ باشە بگیرێتەبەر؟ یا پێشنیاری چی دەکەی؟**

– ئەمن وەک وەرگێڕێک، بە راشکاوی ڕێگای وەرگێڕان پەسەند دەکەم ئەگەرچی کۆمەڵە ڕێگایەکی دی لەم بارەییەوە هەن.

چونکە هەر لەوکاتەوە کە پیشەی وەرگێڕان هاتوەتەکایەوە، لە زمانی زانایان و ئەدیبان و رەخنەگرانەوە، وەها گوتراوە، کە وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا پردێکەو پردێک بووە بۆ پەڕینەوەی ئەدەب و کلتوورو رۆشنبیری بە گشتی و زانستیش لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دی یان بە واتایەکی راستترو فراوانتر لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیکە، لە کۆندا ئەوەندەی ئێستا بایەخ نەدەدرا

بە هونەری وەرگێڕان و زۆریش تانەو تەشەر دەخرانە پاڵی و پێوەی دەلکێنرا وەک ئەوەی وەرگێڕیان بە مشەخۆر و مێمڵ ناوزەد دەکرد، بەڵام لەم سەردەمەدا بایەخێکی زۆر بە هونەری وەرگێڕان دەدرێت چونکە دەرکەوت کە سوودبەخشەو باشترین ڕێگایە بۆ ناساندنی- وەک گوتمان- ئەدەب و کلتوورو ڕۆشنبیری بە گشتی و زانست- دەربارەی سیاسەت و ئابووری و هەموو جۆرە بەرژەوەندیەک. لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و ئەدەبی کورد لە هونەرو پیشەی وەرگێڕاندا، خۆی دەبینێتەوە. جاران ئەوانەی زمانی بیانییان دەزانی لە ئاستی ژمارەی پەنجەدان بوون، مەبەستم زۆرکەم بوون، بەڵام لە ماوەی حوکمڕانی حیزبی بەعسی فاشیەوە، هەندەران پڕ بوو لە خەڵکی ئاوارەی کوردستان، لەوانە ئەگەر بێت و سوود لە چوار یەکیان وەربگیرێت و ئەوانەی بۆ خوێندن چوو بوون ئەوا دەتوانم بڵێم بە ئاستێکی بەرز هونەری وەرگێڕانمان گەشە زیاتر دەستێنێ و پەرەی پێ دەدرێت.

جا، ئەو ئاوارانە، ئەمن بە کۆمەڵێک بەردەباز دەیانشوبهێنم کە، لە ڕێیانەوە جگە لە ئەدەبیش، چیمان هەیە، ئاڵ و گۆڕ، بکرێت.

وابزانم جگە لەم ڕێگایەش ڕێگای دیکە هەیە بەڵام پێویست ناکات، بە دوورو درێژی باسیان لێ بکرێت.

*** بەڕای جەنابتان سیفەتەکانی وەرگێڕی باش چین؟**

- لێرەدا دەتوانم دوو جۆرە سیفەت بخەینە ڕوو:

یەکەمیان دەتوانین بە تەواوی ناوی لێ بنێین سیفەت چونکە وای دەبینم کە دەبێ زگماک بێت و لەو مرۆڤەدا- وەکو و ئەدیبێک- بوونی هەبێت ئەویش بەهرەیە، ئەگەرچی لە شێوەی پیشە خۆی دەردەبڕێت، چونکە جاران زۆر لە ئەدیبان و ڕەخنەگران وەرگێڕیان بە بەهرەمەند دانەدەنا بەڵام لە بۆچوونی ڕەخنەسازانی هاوچەرخدا، وەرگێڕ خوڵقێنەری دەقێکی تازەیە لە خوێندنەوەی دەقێکی یکە کە پێی دەگوترێ، (دەقە ئەسلیەکە).



دووەمیان دەتوانین بیخەینە خانەی مەرجەوە کە پێویستە لەو وەرگێڕەدا هەبێت وەک زانینی هەردوو زمانەکە بە باشیی، جا، کە دەڵێین بە باشی واتای ئەوەیە، کە تا پلەی زانینیی، ڕەوانبێژی وەک ئیدیوم و خوازەو خواست و لێکچواندن و هتد..

ئاگادار بێت و لە زانینیاندا مامۆستا بێت و وردو درشتی ئەو دوو زمانە بزانێت.

سەرەڕای ئەم مەرجە دەبێ وەرگێڕ بە پشوو سەیر بێت چونکە وەرگێڕان کارێکی قورس و گرانەو پێویستی بە پێداچوونەوەو تێگەیشتن و فیراسەت هەیە، چونکە لەوەیە ئەو دەقەی وەریدەگێڕێت تەم و مژاوی و لێڵ و واتاکەی روون نەبێت و پڕ بێت لە ڕەمزو جەڤەنگ کە پێویست بە هەڵهێنان دەکەن.

*** ناوی سێ کتێب کە پێشنیاری وەرگێڕانیان دەکەی بۆ کوردی؟**

- لەم بارەیەوە زۆر کتێبی باش و بەرهەمی شاکار لە جیهاندا هەن کە هێشتا دەستی وەرگێڕانیان پێ نەگەیشتووە، بە تایبەت وەرگێڕانیان بۆ زمانی کوردی، چونکە ئێمە لەم بوارەدا هێشتا لە سەرەتای، کێشەکە داین و بە هەژار دادەنرێین لەم پیشەیەدا.

جا، لێرەدا ناوی چەند کتێبێک دەتوانم دەستنیشان بکەم کە بە پێی زانینم هێشتا وەرنەگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی وەک (هەزارو یەک شەوە) (الف لیلەو لیلە)و ڕۆمانی (موبی دیک) لە نووسینی ڕۆماننووسی ئەمەریکی، (مەلڤیل)و مەسنوویەکانی (جەلال الدین الرومی) ئەمەو زۆر پێویستمان بە وەرگێڕانی کتێبی فەلسەفی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیش هەیە.

*** بە پاڵ وەرگێڕانیشەوە شیعر دەنووسێت، بەڵام وەکو شاعیر دەرنەکەوتووی، بۆکێ شیعر دەنووسیت؟**

- جارێ پێش هەموو شتێک بابێمە سەر بەشی دووەمی پرسیارەکە، کە دەڵێت بۆکێ شیعر دەنووسیت؟

وابزانم ئەم پرسیارە زۆر کۆنەو دەمانباتە سەر ئەو کێشەو ململانێیەی کە

پێش ئەتوانم بڵێم سەد ساڵ بەرپا بوو لە نێوان ئەوانەی دەیانگوت:
(هونەر بۆ هونەر) یان (هونەر لە پێناوی هونەردا)و ئەوانەی کەوایی بۆ دەچوون کە دەبێ هونەرو ئەدەب لە پێناوی جەماوەرو گەلدابێت.

جا، ئەمە خۆی لەسەر ڕێبازی دووفەلسەفەی سیاسی هاتەکایەوە، کە، لە پێشدا بە بۆنەی تەشەنەکردنی بیری ماکسیەوە هونەر یان ئەدەب لە پێناوی جەماوەرو گەلدا پەرەی سەند، بەڵام پێش ئەم بۆچوونە، ڕێبازی هونەر یان ئەدەب لە پێناوی هونەرو ئەدەبدا باو بوو، جا، وابزانم ئەم هەویرە ئاوێکی زۆر دەکێشێ و لام وایشە کێشەکە هێشتا، یەکلایی نەبووەتەوە گەرچی بۆچوونی هونەرو ئەدەب لە پێناوی جەماوەرو گەلدا، بەرەو لاوازی دەڕوات- بەڵام بە پێی بۆچوونی من شاعیر ناتوانێت دەستبەرداری خوودی خۆی بێت و هەر بۆ جەماوەرو گەل بنووسێت و هیچی تر گەرچی لە شیعری سیاسیشدا بێت.

مەسەلەی ناو دەرکردنیش جگە لەوانەی کە لە سەرەتایانەوە یەک بابەت، دەنوسن و بەم لاو بەولادا پەل ناهاون.. دەڵێم جگە لەوانە دەتوانم بڵێم ڕێکەوت تیایدا لەگەڵ بۆچوونی خوێنەران دەور دەبینێت.

ئەمەیش زۆر لە ئەدیبان و نووسەران دەگرێتەوە، نەک هەر بە تەنیا ئەمن. بۆ نموونە (عەباس مەحموود ئەلعقاد) شیعری زۆر جوانی هەیە، بەڵام ناوی بە شاعیر دەرنەچووە.. (ئەدۆنیس) ناوی بە شاعیر دەرچووە چونکە لە سەرەتاوە بە شیعر دەستی پێکردووە، بەڵام لە عەرەبیدا یەکیکە لە زمانزانە گەورەکان.. هەروەها زۆر زانای ئاینی و غەیری ئاینی شیعری شاکاریان نووسیوە بەڵام ناویان بە شاعیر دەرنەکردووە، ئەمنیش چونکە بە وەرگێڕان دەستم پێ کردو لە خوا بە زیاد بێت سەرکەوتنم تیایدا بە دەست هێنا، بۆیە، سیفەتی وەرگێڕ لکا پێمەوە، ئەگەرچی جگە لە وتار چیرۆکیش دەنووسم و لە بارەی رەخنەشەوە دەدوێم.

*** وەرگێڕان هونەرە، جۆریشی زۆرە، چ شێوازێکی وەرگێڕانت پێ باشە؟**



– بەڵێ وەرگێڕان هونەرە، بە تایبەت وەرگێڕانی هونەری و ئەدەبی چونکە وەرگێڕی بە توانا وەک ئەکتەرێکی بلیمەت دەتوانێت بچێتە کەوڵی ئەو دەقەی کە وەریدەگێڕێت و دەقێکی نوێ بخوڵقێنێت.

جا، وەرگێڕان بە گوێرەی جۆری دەق شێوازی خۆی وەردەگرێت، جارێ دەبێ بزانین کە جۆری وەرگێڕانی دەقی زانستی و سیاسی و مێژوویی و فەلسەفیی جیاوازە لەگەڵ وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی و لە دەقی ئەدەبیشدا، وەرگێڕانی شیعر زۆر جیاوازە لە دەقی پەخشان، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی دیکەوە دوو جۆری دیکەی وەرگێڕان هەن:

یەکەم: وەرگێڕانی وشە بەرامبەر وشە واتە (الترجمە الحرفیە) کە رستەش دەگرێتەوە، ئەم جۆرە لە شیعردا بەکار ناهێنرێت، و ئەگەریش بەکار هێنرا، ئەوا لاوازیی پێوە دیارەو سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ، بەڵام لەوەیە لە وەرگێڕانی بابەتی زانست و مێژوو هتد.. بەکارهێنانی سوودی هەبێت.

دووەم: وەرگێڕانی واتا لە برگەیەکداو وزیاتر لە برگەیەک، ئەم جۆرە وەرگێڕی بە توانای گەرەکە، لە واتا لانەداو شت نەپەڕێنێت و بە شێوازێکی جوان و پوخت دایبڕێژێتەوە، ئەم جۆرە لە شیعردا بە زۆری بەکار دەهێنرێت چونکە وەگێڕ دەبێ بتوانێت هزرو بیرو سۆزو وێنەو ئەم هەموو شتانە لە شێوازێکی چڕوپڕو ڕەوانبێژیدا، دەربڕێت.

*** ئایا دەخوێنیتەوە؟ نووسەرێک هەیە بە بەردەوامی بەرهەمەکانی بخوێنیتەوە؟**

– بەڵێ چۆن ناخوێنمەوە.. ئەو کارەشی لە گۆڤاری بانە ڕۆژدا ئەنجامی دەدەم، بە زۆری زۆردارەکی وام لێ دەکات بەو نووسینانەدا بچمەوە کە بۆ گۆڤارەکە دێن. ئەویش وابزانم خوێندەوەیەکی زۆرباشە، بەڵام تاکوو ئەمڕۆ هیچ کاتێک بە بەردەوامی بۆ تاکە نووسەرێک ناخوێنمەوە ئەگەرچی ئەو نووسەرە بە دڵیشم بێت، بەڵام کوا ئەو نووسەرەی بە بەردەوامی و بۆ ماوەیەکی زۆر بە دوای نووسینەکانیدا بچێت و هەر تەواو نەبێت، دوایی

دەبێ ئەوەش بزانین کە خوێندنەوە بۆ یەک نووسەر یان دوو مرۆڤ تووشی تەسک بوونی بازنەی بیرو بۆچوون دەکات، ئەوەشیی، بە خوێندنەوەی نووسەرێکەوە خەریک بێت دەبێت زۆر وریای خۆی بێت تا تووشی پەتای لاسایی کردنەوە نەبێت.

*** جاران شوێنی تایبەتی بە یەکتر گەیشتن و کۆبوونەوەو راگۆڕینتان گازینۆی (مەجیدیە)و چایخانەکەی (ئەبو عاصی) بوو، ئێستا شتێکی وانەماوە، پێشنیاری چی دەکەی بۆ کۆبوونەوەو شوێنی بە یەکتر گەیشتنی نووسەرانی کەرکووک؟**

– ئێستا پاش پرۆسەی ئازادی هەرکەس و بە لایەکدا رووی وەر چەرخان و بە کارێکەوە خەریکە. لام وایە سەردەمی لە گازینۆ دانیشتن گوزەشت، پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر یانەی ئەدیبان و نووسەران لە ئایندەدا بکرێتەوە هەر ئەدیبێک دەتوانێت چاوی بە برادەرانی بکەوێت.

*** زۆربەی مامۆستایانی هاوتەمەنت پاش خانەنشینییان گەڕانەوە دەوام، تۆ لە ناویاندا نەبووی، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– ئەمن کاتی خۆی، دوای بیست و پێنج ساڵ، لەوانە گوتنەوەو کاری بەڕێوەبەرایەتی، بۆ چەند قوتابخانەیەک هەستم بە شەکەتیەکی دەروونی کرد، ئەگەر بووایەو خۆم لەسەر داواکاری خۆم.. خۆم خانەنشین نەکردبا.. ئەوا ئەگەرچی (ئەجەل) لە رووی خوداوەیە، ئێستا وابزانم نەمابووم برادەر ئەمن زۆر لە کاری مامۆستایی و بەڕێوەبەرایەتی بێزار بووم چونکە کارەکەم لە پێویست زیاتر بە جدی گرتبوو، ئەمەیش دەرحەقم باش نەکەوتەوەو گەڕانەوەم بۆ بواری ئەدەب خوێنێکی تازەی بەخشی بە دەمارەکانم و لە دونیای خەمۆکی ناو قوتابخانە قورتاری کردم. بۆیە، دوای ئەم ماوە زۆرو تەمەنەم بە ماقووڵم نەزانی بگەڕێمەوە.



## چنوور نامیق:

# مەگەر مەرگ لە شیعرم دوور بخاتەوە، چونکە لە چیرۆکیشدا هەر بەزمانی شیعر دەدوێم



**چنوور نامیق ئافرەتێکی بەرچاوی دنیای شیعر نووسین، بەدەر لەلاسایی و جوینەوە، دەنگ و شێوازێکی تایبەت بە خۆی راگەیاندووە، تا ئێستا جگە لە دوو دیوانی شیعری، سێ نۆڤلێتی نووسیوە، وەلێ لە هەر یەکیاندا لێشاوی شیعر بەدی دەکرێ، لای ئەو کائینی شیعر پەی بە هەموو شتێک دەبات، کەچی هیچ شتێک ناتوانێت پەی بەو بەرێت، ئیدی بەراستی (هێندەی شیعر لە نۆڤلێتەکانیدا دەبینرێ، هێندە شیعر لە هۆنراوەکانیدا بەدی ناکرێت).**

*** حەز دەکەم کورتەیەک لە سەر ژیانت بدوێیت؟**

– دەمەوێت دوور لەرۆتین بێمە گۆ، ژیان بەکام مانایەی، ئایا شاعیر

ژیانێکی بەهەشتاوی هەیە، هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم ژیانی هەر مرۆڤێکی داهێنەر، یاخود خاوەن خولیا پڕ بێت لەبەختەوەری و لێوان لێو بێت لە خۆشی، نەخێر هەمیشە مرۆڤی خاوەن خولیا جیاوازە لە مرۆڤگەلێکی تر، بەڵام خۆ ژیانی ئەدیب بەتفت و تاڵێکانییەوە جوانەو تا دێ بەئازار جوانتر دەبێت، ژیانی پڕ لە شەونخونی و بێداری ژیانی نووسەرانە، ژیانێکی قاڵ، ژیانی منالێکی وڕکن، نامۆیەکی دوورە وڵات دەبێ خەونەکانی چۆن بن، ئەو خەونانەی کە بە ئاوی غوربەت پاراو بووبن، دەبێ بەروبوومەکەی تا چەند چەکەرە بکات، ئەوەندەی لەبیرم بێت هەردەم منالێکی کامڵ بووم و بە عەقڵی گەورەیەک بیرم دەکردەوە، حەزم بەتێکەڵ بوونی منالانی تر نەدەکرد بۆ گەمەکردن، بەڵام چێژم لە گەمەکانیان وەردەگرت و لە دڵەوە خۆشم دەویستن لەناخەوە خۆشحاڵ دەبووم، هەمیشە وڕکەکانی ناخم بەسەرنج دانی دەوروبەرو خۆشەویستیم بۆ خەڵکی ژیر دەکردەوە، کە گەڕامەوە داوێنی شارە خۆشەویستەکەم زۆر تینوو بووم بۆ وشەی بێگەردی زمانی زگماکم، بۆیە هانام دەبردە بەر هەر دیوانێکی شیعری یاخود هەر نامیلکەیەک کە پەڕەسپێکانی زەرد بووبوون ئەوەندە کۆن بوون هەندێکیان ناوی نووسەرەکانیان بەسەرەوە نەمابوو، یان چەند پەڕەیەکی لێ کرابۆوە، گرنگ ئەوەبوو من ئەو شیعرانەم دەچنییەوە وەکو توتی هەر دەمووتەوە جارێکی تریش لەناو وڵاتەکەی خۆم دووچاری سەفەر بەرەو مەنفا بوومەوە، ئیدی ئەوە قۆناغی دووەمین شکستی ژیانم بوو، بەڵام بەبۆنەی غوربەت و نامۆبوون هەست دەکەم زیاتر عاشقی ئەدەب و وشەی بریقەدار دەبم، تفت و تاڵییەکانی ژیان تا دێ دەبنە ئاودێری وشە غەمگینەکانم و گەشم دەکەنەوە، هەمیشە کتێبی ڕۆمان و شاکارە جوانەکانم کردۆتە ئاشنا رووی تۆزاویم تێدا حەشار داوە، ئیدی ئەو دەمانەی لە وڵاتەکەی خۆم نامۆ بووم و بەدوای خودی خۆمدا دەگەڕام (مەڕکانە شکاوەکانی جەنگ) یەکە ئیسگەی پشوودانم بوو لەگەشتەکەمدا، ئێستاش کتێبێکی شیعریم هەیە کە ئامادەیە بۆ چاپ



بەناوی (ئێواران بۆنی خەوم لێ دێ)، هەروەها سێ هەوڵی نۆڤڵێت نووسینیشم هەیە (دارتووە تەنیاکە، مەئوا، تابلۆ) کە لە گۆڤاری رامانی ئازیزدا بڵاوم کردوونەتەوەو بەردەوام موتابەعەش دەکەم.

*** تۆ وەکو شاعیرێک ناسراویت و چەندان لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانت کراون، وێڕای شیعریش (٣) نۆڤلێتت نووسیوە، ئایا ئەم خەریک بوونەت بەو بوارەوە لە جیهانی شیعر دات نابڕێت؟**

– زۆربەی ئەوانەی دەچنە ناو جیهانی نووسینەوە بەشیعر دەستپێدەکەن، بەڵام خۆ هەمووشیان نابن بە قوتابخانە، یا با بڵێین تەنها بۆ خۆ خەریک کردن شت دەنووسن، جیهانی شیعر زۆر لەوە گەورەترە کە هەموو کەس پێی بوێرێت، ئەوەی بەهرەیەکی خوڕسکانەی تێدا نەبێت، ئەوە ناتوانێت رۆح بخاتە بەر دەق، ئەوەی وێنەی شیعری و گەمەی زمانەوانی نەزانێ هەرگیز ناتوانێ جوانێکانی ژیان لەناو دەقێکدا بەرجەستە بکات. دەمەوێ بڵێم تەنها بەهرە دادی نووسەری داهێنەر نادات، نا بەڵکو دەبێ موتابەعەی بەردەوام و هەوڵدانو وردبوونەوە لە شتەکان بەشێوەیەک بێت ئەو بەهرەیە دەوڵەمەندکات، دەمەوێ بڵێم دەبێ شیعر لەویژدانەوە هەڵبقوڵێ ژانە بەسوێکانی مرۆڤ هەوێنی بێت، شیعر مۆسیقایەکی شیرینی تایبەت بە خۆی هەیە، جا ئەو مۆسیقایە لەلای مرۆڤی خاوەن هەست و شەفاف جۆرە خەسڵەتێک دەبەخشێتە دەقی زیندوو تادێ نەمری دەکات، دەبێ شاعیر وێنەگرێکی لێهاتوو کارامە بێت، راستگۆیانە بێتە گۆو وێنەی واقیع بە هەموو جوانیو دزێوییەکانیەوە، ژیان بەهەموو تفت و تاڵێکانیەوە بگرێت و تێکەڵاوی خەیاڵ و ئەندێشەی بکات، دەبێ زایەڵەی رەنگەکانی ژیان تێکەڵاوی وێنەکان بکات، بۆ من شیعر ئەو دونیا پەنهانەیە کە دەستی کەسی ناگاتێ و خۆمی تێدا حەشار ئەدەم، لەزەبرو زەنگ، لە زۆرداری، لە رق، لە نەریتە باوو کۆنەکان، ئەو دونیایەیە کە شتە حەرامکراوەکانی تێدا دەخۆم و گەمەیان پێ دەکەم، ئەو کاتەی بەبۆنی خەمێک مەست ئەبم خۆم

لەبەر پەنجەرەی ئەو ماڵە شەفافەدا ئەدۆزمەوە، دەستەکانم پڕ دەبن لە نزای غەریبان و بۆ بۆنی چنوورە سەرهەڵگرتووەکانی بناری ژیان دەگەڕێم، لەناو جریوەی ناکاوی پاسارێکان، لەگەڵ مەرگی دواین گەڵای دەمەو پایزێک بۆ راستگۆیی و عەشق دەگەڕێم، نازانم من بۆ خۆم، زۆر بەئاسانی دەقەکانم دێنە دەستەوە، هەست دەکەم ئەوان من دەنووسنەوە، دەمەوێ بڵێم لەکاتی نووسینی هەر دەقێکم هەست بە تەکلیف و زۆر لە خۆکردن ناکەم، کاتێ گەرم دادێم بەسەر بادانێکی ناماقوڵەوە توڕەیی و پەستی دامئەگرێ شێتێکی دەروێش ئاسا گۆرانێکەی خۆم دەبێژم، ئیدی کێن ئەوانەی گوێم لێ دەگرن نازانم، گرنگ ئەوەیە کە دەنووسم باکم لە هیچ کەسێک نییە، کە پێنووسەکەم دەگرم بەدەستەوە سانسۆر نییە لێی بترسم، ئا ئەمە لە شیعردا بۆ خۆم دەگەڕێم، بەڵام لە چیرۆکدا بۆ کەسانێکی تر، بۆ هەموو سزاکان، بۆ رێکەوتەکان بۆ رەوا سەر هەڵگرتووەکانی سەر زەمین، دەمەوێ کێشە کۆمەڵایەتییە زاڵەکان روون کەمەوە، کە دەبنە هۆی مەرگی ناوادەی عیشق و ژیان. لەژێر چاودێری ترس و نائومێدی تکاو شیباو سزاکان بێنمە زمان، ئەوانەی کە دوو جار کۆیلەی دەستی ژیانن جارێکیان کۆیلەی دەستی ئەو پیاوە بێ ناونیشانە کۆیلانەن کە سەر گوم کراون و جارێکیشیان کۆیلەی دەستی داب و نەریتی کۆن باون، بەڵام ئەو سێ نۆڤلێتەش تەنها چەند هەوڵێکن و هیچی تر، من هەست دەکەم ئالەوێشدا زمانی شیعرم زاڵە بەسەر ئەجوائی چیرۆکەکە، دەمەوێ بڵێم (دارتووە تەنیاکە، مەئوا، تابلۆ) سێ موعاناتی سەرەکین لە کێشەی میللەتە چەوساوەکەم، زۆربەی ئەو رووداوانەشم لەواقیع وەرگرتووە و بەزمانی خۆم دامڕشتووە، ئەوە ناکاتە ئەوەی بەخۆم بڵێم چیرۆک نووس، بەڵام لە دونیای چیرۆک و رۆمان و نۆڤلێت دەتوانی ئەو شتانە بڵێیت کە لە شیعردا ناتوانیت بیلێیت، لە چیرۆکدا شتە یاساغ و قەدەغەکان لە رێگای پاڵەوانەکانەوە بەرجەستە دەبن، یاخود پاڵەوانەکان دەبنە وەسیلەیەک بۆ دەربڕینی ئەو گفت و گۆیانەی کە



نووسەر توانای وتنیانی نییە، بەراستی نووسینی ئەم ژانرە ئەدەبییە توانایەکی فیکریی قوڵی دەوێ، ئاسۆیەکی بیری فراوانی دەوێ حەدەسەکان چۆن دەخولقێن چۆن یەکتر رادەکێشن و ئاوێتەی زمانی ئەدەبی و هونەری دەبن بەراستی چیرۆک جیهانێکی فرە گەورەیە جاری وا هەیە لە کتێبێکی گەورەدا رۆمانێک دەنووسرێت کە تەمەنی شەوێکەو زیاتر نا.. وەکو (باخچە)کەی مارگریت دۆرا، زۆر موتابەعەی بەرهەمە پۆلیسییەکانی ئەجاتا کریستی دەکەم، بەرهەمەکانی یەشار کەمال و مارکیزو کازانزاکی و سۆمەرست مۆم و غادە سەمانیش هەوێنی بیرکردنەوەمن. لە کۆتاییدا دەڵێم مەگەر مەرگ لەشیعرم دووربخاتەوە، چونکە لەچیرۆکیشدا هەر بە زمانی شیعر ئەدوێم..

*** ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر شیعرەکانت نووسراون، تا چەند لە خزمەتی تۆو شیعرەکانتدا بوونە؟**

– هەمیشە خوازیاری ئەوەم کە قەڵەمی رەخنەگران لەکاردابێ، بەڵام بەداخەوە، ئێستا قەیرانی رەخنەیە، ئەگەر هەشبێ زۆر بەکەمی ئەو قەڵەمە کار دەکات، خۆ رەخنە بەچاوی ویژدان و دوور لە موجامەلە خزمەتێکی گەورەیە بۆ ئەدەب، ئەم بێدەنگییەی ئەمڕۆ و نەبوونی دەقی رەخنەیی وای لەنووسەر کردووە کە لە جێگای خۆی بمێنێتەوەو دووچاری حاڵەتی سوبات و نەجووڵان بێتەوە، من کەدەنووسم ترسم لە هیچ رەخنەیەک نییە، بەڵام خۆ بۆ نووسینی دەقی جوانیش دەبێ چەند پاڵنەرو هاندەرێکت هەبێ، بوونی رەخنە نووسەر پێدەگەیەنێ و تەشجیعی دەکات، هەمیشە رەخنە بوونی باشترە ئیدی بەشێوەیەکی نەگەتیڤانە بێت یا پۆزە تیڤانە بێت خزمەتێکی گەورە بە نووسەر دەگەیەنێ یا با بڵێین جۆرە مونافەسەیەک دروست دەکات کە خاوەنی دەق دەجوڵێنێ و ئەوەش دەبێتە هۆی دروست بوونی دەقی جوان و بەرزو نەمر.

*** ئێوە لەگەڵ شاعیر (یوسف لەتیف) زێتر لە (١٠) ساڵە هاوسەرو**

**هاوڕازو هاوپیشەی یەکترین، پێت وا نییە هۆزانەکانتان بۆنی یەکتریان گرتبێت؟**

- ڕاستی ئێمە لە ڕێگای دەقەوە یەکمان ناسی، واتە پێشتر هەریەکەو لە فەزایەکدا کاری دەکرد، ڕەنگە خاڵە لێکچوو و نزیکەکانمان سەد لەسەدبن، بەڵام دونیایەک هەیە تایبەتە بەخودی خۆمان، بیرکردنەوەو زەین و هەست و نەست جیاوازن، چێژ جیاوازە، بینین جیاوازە، بۆن جیاوازە، بۆیە ڕەنگە کاردانەوەی هەریەکە لەمانە لای من جۆرێک بکەوێتەوەو لای یوسفیش جۆرێکی دیکە، ئەمە جگە لەمناڵی و ئەو شتانەی لە زەین و (سنوقە ڕەشەکەی) مرۆڤدا تۆمار دەبن، دواتریش شێوازو ئسلوب زۆرمان جیاوازە، زۆریشن ئەوانەی لێکۆڵینەوە دەکەن ئەمەیان خستۆتەڕوو بەڵام ڕەنگە وەک پێویست ئافرەتێکی کورد بەهێزو قوەتی خودی خۆی نەهاتبێتە مەیدان بۆیە ئەو ڕایانە زۆر جار دەوترێنەوە، لەپشتی هەر ئافرەتێک دەبێت پیاوێکی بەهێز هەبێت، ئەو هێزە بە مانا مەجازییەکەی، چونکە ڕێگر دەبێت لە نێوان خەون و گەشەسەندنی مرۆڤدا.

جارێکی تریش دەیڵێم خەڵوەتی ڕاستەقینەی شیعر هەریەکەو لە فەزاو خەون و یوتۆپیای خۆیەوە دەیبینێ، بۆیە لای ئێمەش جیاوازن.

*** دوا وتەت؟**

- خۆزگە دەزگایەک هەبوایە ئاوڕی لەو بەهرە سەوزانە بدایەتەوە، لەو وشە ناسکانە، لەو گلەیی و گازندانەی کە دڵی بەهار سوور دەکەنو دەیکا بە ئاو، بەڵام کەسێک نییە ئەو ئازارانە بخاتە بەرچاوی خوێنەران و لە چاپیدا، نازانم بۆ کە نووسەرێک دەمرێ کۆڕی بۆ دەبەستن و بەرهەمەکانی لەچاپ ئەدرێ، ئەی بۆ نابێ تا لە ژیاندایە نۆبەرەی کۆرپەی خۆی ببینێ و هەوڵی تازەتر و جوانتر بدات، من لێرەوە دەڵێم خۆزگە سانسۆرێک هەبێ و چی دی غەدر لە شیعرو ئەدەب بەگشتی نەکرێ و بە ویژدانەوە شت تەقیم بکرێ.



**شاعیر لە چەند دێڕێکدا:**

**× لەساڵی ١٩٧١ لە بەغدا لەدایک بووە.**

**× خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە کەرکووک تەواوکردووە.**


**× دەرچووی پەیمانگای پزیشکی موسڵە.**

**× بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت.**

**× کۆمەڵە شیعری (مەرکانە شکاوەکانی جەنگ)ی لە ساڵی ١٩٩٩ بەچاپ گەیاند.**

**× کۆمەڵە شیعری (ئێواران بۆنی خەوم لێ دێ) لە ساڵی ٢٠٠٤ بەچاپ گەیاند.**

# ئەمین شوان:
# شارەزاییم لە زمانی ئینگلیزیو فارسی، بوو بە هاندەرێک بۆ ئەوەی رووبکەمە وەرگێڕان



**ئەمین شوان، نووسەری ناوداری شاری کەرکووک، لە رێگای کتێبەکانییەوە لای هەمووان ناسراوە، خاوەنی سێ کتێب و دوو دەستنووسە، بێجگە لە زمانی کوردی (عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی)یش بەرەوانی دەزانێت، بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە میتۆدو جیهانبینیی نووسەر، سەردانێکمان کردو راستەوخۆ ئەم دیدارەمان لەگەڵیدا سازدا.**

*** لەیەک کاتدا لە چەند بوارێکی جیاجیادا خامەتان خستۆتەگەڕ، ئاخۆ دابەشکردنی توانای نووسین پتر لە بوارێک، بابەتە سەرەکییەکەی تۆ ون ناکات؟ یا دەتەوێ لە هەموو ئەو بوارانەدا جیهانبینیی خۆت دەربخەیت؟**



– راستە من لە هەردوو بواری نووسین و وەرگێڕاندا خۆم خەریک کردووە، نووسین وەکو دەربڕێکی کاریگەری بیروڕا لەسەر هەندێ مەسەلە، بەتایبەتی بابەتی سیاسی کە پەیوەندی بە پێکهاتەی کەسایەتی خۆمەوە هەیە، من هەر لەو کاتەوە کە سەرم لە هێلکە هەڵجووقاوە، سەروکارم لەگەڵ سیاسەتدا هەبووە، لە شلکییدا چوومەتە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمەوە. هۆی ئەمەش لەوانەیە دوو شت بێ، کەش و هەوای خێزانی و کەش و هەوای سیاسی لەسەردەمێکی تایبەتیدا، مەبەستم لە کەش و هەوای نیوەی دووەمی پەنجاکانە لە هەموو کوردستان و بەتایبەتی کەرکووک، ئەمە دەورێکی گەورەی هەبووە لە ئاراستە دانانی رووکردنە نووسینی بابەتی سیاسیدا شارەزاییم لە زمانی ئینگلیزی و فارسی، بوو بە هاندەرێک بۆ ئەوەی روو بکەمە وەرگێڕان. بەلای منەوە نووسین و وەرگێڕان هەرچەندە دوو هونەری لێک جیاوازن، بەڵام رۆڵەی یەک پشت و بەچکەی یەک هێلانەن، بۆیە زۆرجار دەبینین، نووسەرێکی باش لە بوارێکی تایبەتیدا، لەهەمان کاتدا وەرگێڕێکی باشیشە، لە هەردوو بارەکەدا بەهرە برەوەی شتەکانە، بۆیە بەلای منەوە کۆکردنەوەی نووسین و وەرگێڕان، هیچ گرژی یان ئالۆزییەک ناخاتە ئاراوە، لەوانەیە هەندێک لەم بەهرەیان بقرتێنێ و بیداتە ئەوی تر، بەڵام ئەوەندە لەدامێنی هیچیان کەم ناکاتەوە... بەهەرحاڵ و بەگشتی، وەرگێڕ دەبێ لەهەمان حاڵدا نووسەریش بێ، بەڵام نووسەر مەرج نییە وەرگێڕ بێ.

*** ئەوەندەی من ئاگادارم، کتێبی (کوردو کوردستان)ی ئەرشاک ساڤرستیانتان لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕابوو، ئەوی من بزانم ئەو کتێبە بەدبەختە جگە لەوەی کە بە ناتەواوی لەدایک بوو، هەر لە بێشکەشدا حوکمی مەرگی بەسەردا درا، دەکرێ پەردە لەسەر نهێنییەکانی رووداوی تیرۆرکردنی ئەو کتێبە هەڵدەیتەوە؟**

– بەڕاستی ئەم کتێبەت زۆر بە دروستی بە (بەدبەخت) وەسف کرد، دکتۆر

کەمال مەزهەر زانایەکی مەزنی مێژوو بەگشتی و مێژووی کوردو کوردستانە بەتایبەتی، ئەگەر ئەو پێشەکییە بخوێنیتەوە کە ئەو بۆ کتێبەکەی ساڤرستیانی نووسیوە کە من وەرمگێڕاوە بۆ کوردی، بەباشی گرنگی و پلەوپایەی ئەم کتێبەت لەبواری کوردناسییدا بۆ دەردەکەوێ. خۆی هەر ئەم بایەخە گەورەیەی کتێبەکەش بوو کە بۆ من بوو بە هاندەری وەرگێڕانی، هەتا بۆم کرا مێشک و توانای خۆم گووشی تا هێنامە سەر کوردی، دکتۆر کەمال وەکو شارەزاو کوردی زانێکی چاک ئەمەشی نرخاندووە، دوایی ناردم بۆ (رەقابە)ی ئەو سەردەمە. دەستم لەسەر دڵم بوو تا لەوێ دەرباز بوو، چونکە دەمزانی هەندێ بابەتی ئەوتۆی تێدایە کە لەوانەیە بەدڵی یارانی بەعسی مەزەب نەبێ! بەڵام ماڵی کورد ئاوابێ، بۆیە کتێبەکە بێ دەسکاری یان هیچ رەخنەو ئیرادێک دەرچوو. پاشان لەبەر نەداری و گرانیی نرخی چاپ کردن لە چاپخانە ئەهلییەکاندا، رووم کردە دەزگای رۆشنبیریی کوردی لە بەغدا، بەر لەوە دوو کتێبی وەرگێڕاویان بۆم چاپ کرد بوو، خۆشم بە خاوەن هەق دەزانی چونکە ماوەیەکی دوورودرێژ لەو دەزگایەدا رەنجم دابوو. لەناکاوێکدا نامەیەکم لە دەزگاکەوە پێگەیشت کە گوایە کتێبەکە هەندێ بابەتی تێدایە کە لەگەڵ خەتی سیاسی ئەواندا ناگونجێ.

نامەیەکم بۆ دەزگاکە نووسی کە ئەگەر گۆڕان لە کتێبەکەدا بکرێ، ئەوە بەڕەزامەندی من نییەو وای بەباشتر دەزانم نەیکەن، دوای ماوەیەک (١٠) نوسخەیان بۆ ناردم، ئینجا بۆم دەرکەوت کە دەستی خۆیان لێ دیوەو دووبابەتیان لێ قرتاندووە:

**بابەتی یەکەم:** لەو شوێنەیە کە دەڵێ: (وڵاتی گۆتۆ ئەو سەرزەمینە چوارگۆشەیە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان زێی بچووک و رووباری دیجلەو هەڵەتەکانی سولەیمانی و زێی دیالەوە، پایتەختەکەی لە شوێنێک بووە کە ناو یان دەوروبەری شاری کەرکووکی ئەمڕۆ دەگرێتەوەو ئەو سەردەمە بە ئەرانجا بەناوبانگ بووە، ئێستا هەشتا میل لە باکووری بەغداوە دوورەو لەم



سەردەمەدا مەڵبەندێکی گەورەی نەوت دەرهێنانە).

**بابەتی دووەم:** لەبارەی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبییەوەو دەڵێ: (ئەگەر بهاتایەو لەو کاتەدا کە لە هەرەتی دەسەڵات و توانایدا بوو، دەستی بکردایە بە سازدانی شوێن و رێی پێویست بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی کوردان لە سەرزەمینی زاگرۆس و ئەوێی بکردایە بە بنکەی سەرەکی بۆ خۆی و هەمان کاری لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان و تۆرۆسیشدا بکردایە، ئەوا چاکەیەکی ئەوتۆ بەردەوام و نەکوژاوەی دەکرد کە نەک تەنها گەلەکەی خۆی، بەڵکو هەموو ناوچەکەش لەژێر سێبەریدا هەتا هەتا دەحەسایەوە، چونکە ئەو سەردەمە ئێران پەرێشان بوو، رۆمی بێزەنتە وەکو هەمیشە بێ هێزو هەڵوەشاو، مەملەکەتی کوردستان هەروەها شازادە ئەرمەنییەکانی خوارووی رووباری ئاراس هێشتا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەکەوتبووە دەست و هەموو لاوازو بێ تین بوون، بەڵام کە سەلاحەدین خەلیفەیەتی میسری هەڵبژاردو وەچەکانی لە دۆڵی نیلدا جێگیر بوون، ئیتر هێزێکی کاریگەری ئەوتۆ نەما کە سەرجەلەی هەموو کارەکانی رۆژهەڵات بگرێتە دەست، بۆیە ئەم سەرزەمینە بێ پارێزەرو پاسکەر مایەوەو خێڵە کۆچەرەکانی ئاسیای ناوەڕاست لووتیان تێژەنی و داگیریان کرد).

دیارە ئەم دوو بابەتە لەگەڵ ئاراستەی سیاسەتی بەعسدا نەدەگونجان، ئەوان بەددان و بە نینۆک خەریکی عەرەباندنی کەرکووک بوون، کردارە نامرۆڤانەکانیان لەم بوارەدا هەندە گوتراونەتەوە کە لێرەدا جێگای دووپات کردنەوەیان نییە، لەلایەکی ترەوە، ئەوان دەیان وت (سەلاحەدینی ئەیووبی عەرەبە)، ئیتر گلەیی چی لێ بکرێ؟ وەکو بۆم دەرکەوت (مێرخاسێک!!) خالید خۆشناوی بەڕێوەبەری ئەوکاتەی دەزگای رۆشنبیری، لەم دوو بابەتە ئاگادار کردبووەو ئەویش فەرمانی قرتاندنیانی دابوو، دواییش ئەوەندەی من ئاگاداربم کتێبەکە هەر نەهاتە بازاڕەوە!

بەهەرحاڵ، ئەمەم بۆ مێژوو باس کرد، خۆشم هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە

باشتروایە هەر بەجوانەمەرگی بیهێڵمەوە، تا دەرفەتێکم بۆ دەڕەخسێ و لە کوردستان لە چاپی دەدەمەوە.

ئێستا کتێبەکە وا لە هەولێرە، وادەیەکم وەرگرتووە کە چاپ بکرێتەوە، هیوادارم لەسەردەمی نوێدا ئەویش بە کەش و هەوای سەربەستی و ئازادی شادبێ و منیش بەوە سەربەرزبم کە بەردێکی باشی ترم ناوەتە سەر دیواری رۆشنبیری گەلەکەم.

*** لەو چەند ساڵەی دواییدا ئاوڕێکی باش لەلایەن (شوکور مستەفاو ئەحمەد تاقانەو ئومێد کاکەڕەش) لە شێخ رەزای شاعیر درایەوە، ئەوەندەی من بزانم جگە لە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم بەڕێزیشتان چەندین ساڵە بە شیعرەکانی شێخ رەزاو سەردەمەکەیەوە خەریکن، بۆچی شێخ رەزا؟ ئایا بەڕێزتان شتێکتان لای شێخ رەزا دۆزیوەتەوە کە ئەوانی دی پەیان پێ نەبردبێت؟ یاخود دەکرێ بڵێین شێخ رەزا (نالی) ئاسا، چەندان هێندەش هەڵدەگرێت لەسەری بوترێت؟**

– با ئەمەت بۆ بگێڕمەوە، من هەر لە منداڵییەوە شیعری شێخ رەزام بیستووەو باسی خۆی و قسەو هەڵوێستە مزرەکانیم لە گەلێک لە مەجلیسەکانی ئەو سەردەمەدا هاتۆتە بەر گوێ، لەناخی خۆمدا هەست دەکەم داوە مەچیرێکی جیڕ پێیەوە شەتەکی داوم، بۆیە وا رموودەی خۆی کردووم. بە هەرحاڵ، خۆی وتەنی با بێینە سەر (ئەسڵی مەقسەد)، زانینی هەردوو زمانی فارسی و تورکی کە شێخ رەزا سەرەڕای کوردی و (هەندێ عەرەبییش) شیعری پێ وتوون و ناسیاویی لەگەڵ هونەرە مەزنە بێ وێنەکەیدا، ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر کەڵکەڵەی ئەوەی خستە مێشکمەوە منیش لەم دەریا بێ بنەدا شەپەشەپێک بکەم، ئەو کاتە هێشتا هیچ یەکێک لەم بەرهەمانەی ئەم دواییە دەرنەچووبوون، بۆیە لەپێشدا هەموو شیعرە کوردییەکانیم هێنایە سەر رێنووسی نوێ. دوایی کەوتمە گۆڕینی شیعرە



فارسی و تورکییەکانی بۆ کوردی، یەک لەدوای یەک، لەزۆر شوێندا، چ لەبەر هەڵەی چاپ، چ لەبەرنەبوونی سەرچاوەی باش لە بارەی بابەتەکانەوە، چەند مانگی یەک لەدوای یەک سەبرم کردووە تا گەیشتوومەتە مەتڵەب، لەگەڵ ئەوەشدا هێندێکیان هەروا مانەوە، دوایی هەندێ سەرچاوەی نوێ، بەڵام یەکجار بەنرخم هاتە بەردەست، لەمانە کتێبی (مشهور ادامlر)ی تورکی کە مامۆستا ئەحمەد تاقانەو چەند برادەری تر ئاماژەیان بۆ کردووە، ئەم کتێبە زانیارییەکی تەواوی لەسەر زۆربەی ئەو کەسانە تێدایە کە شێخ رەزا چ لە ئەستەموولّ چ لە شوێنی تر سەروکاری لەگەڵیاندا هەبووەو بە چاک و خراپ ناوی بردوون، ئەم بەرهەمانەش کە لەم دواییەدا دەرچوون، تیشکی زۆرتریان خستە سەر ئەم لایەنانە، لەم میانەدا نووسینەکانی شەهید مەلا جەمیلی رۆژبەیانیی خوالێخۆشبوو و عەلادین سوججادی، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول، عەبدولڕەزاق بیمار و گەلێکی تر سەرچاوەو رێ نومای چاک بوون بۆ ئەوەی کردوومە، هیوادارم ئەوەی کردوومە، کەی کەوتە بەردەست و دیدەی خوێنەران روو سپیکەر بێ. بەهەرحاڵ لەبەر ئەوەی شێخ رەزا نوێنەری مەزن و سەرکردەو لوتکەی ئەدەبیاتی (سەتیر)ی کوردییە، سەدان ئەوەندە هەڵدەگرێ کە باس و لێکۆڵینەوەو تاوتوێی لەسەر بکرێ.

*** لە پێشەکیی وەرگێڕدراوی (بەفری کلیمانجارۆ)ی هەمەنگوای، ئاماژە بۆ کەموکوڕیی زمانی کوردی دەکەیت و بە مەیییوی دەزانیت، ئایا بە رای تۆ زمانی کوردی ساوایەو دەستەوەستانە بەرابەر بەهەندێ شاکاری جیهانی، یاخود ئەمە نسبییەو دەگەڕێتەوە بۆ کەم توانایی هەندێک لەوەرگێڕەکانمان، یاهۆی تریش؟**

– بەڵێ، زمانی کوردی هێشتا پڕە لە کەموکوڕی، خۆت دەزانی ئەم زمانەی ئێمە پێی ئەنووسین، تەمەنی ئەوەندە درێژ نییە وەکو زمانی گەلانی خواپێداو کە نەک تەنها بارودۆخی سیاسی کردوونی بە خاوەن دەسەڵات و دارایی چاک، بەڵکو چەندین گەلی تریش خزمەتیان کردووە، بۆ نموونە زمانی

عەرەبی کە زمانی قورئانە و بەهۆی ئیسلامەوە هەزار ئەوەندە ساڵە بۆ خوێندن و نووسین بەکاردێ، زانایانی میللەتی عەرەب خۆی و چەندین میللەتی تر خزمەتیان کردووەو سفتوسوویان داوەو پوختەیان کردووە، ئێستا لە چەند وڵاتی عەرەبدا گەلێک نووسەری بەناوبانگ هەن دەڵێن پێی نانووسین و گلەیی و گازندەی کەموکوڕیی لێ دەکەن، کە گوایە ناتوانێ پێویستییە زانیارییەکانی جیهانی ئەم سەردەمەمان بگرێتە ئەستۆ، ئیتر ئێمە دەبێ لەبەرامبەر ئەمەدا بڵێین چی؟ جارێکیان بۆ یەک وشەی ئینگلیزی زیاتر لە حەفتا بەرامبەری عەرەبیم دۆزییەوە! بۆیە، کە دەنووسین یان وەردەگێڕین، دەبێ بۆ کەرەستەی تەواو چەند جار مێشکی خۆمان بگوشین و بگەڕێینەوە بۆ قسەکانی دایک و باوک و خەڵکی نزیک، یان بکەوینە وشەتراشیو فرێی دەینە ناو گۆلاوی بەکارهێنان، ئیتر خۆی و ئازایی، یان دەکەوێتە مەلەو دەبێ بە شت، یان نقووم دەبێ و ئاسەواری نامێنێ.

---

*** ئەمین محەمەد عەبدولڕەحمان (ئەمین شوان) لە ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی (مامڕەش)ی کەرکووک هاتۆتە دنیاوە، ئادابی ئینگلیزی لە بەغدا تەواوکردووە.**

**ئەم بەرهەمانەی وەرگێڕاوە:**

**١- مێژووی ژیانم (چارلی چاپلن) بەغدا ١٩٧٩.**

**٢- بەفری کلیمانجارۆ (هەمەنگوای) بەغدا ١٩٩٠.**

**٣- کوردو کوردستان (ئەرشاک ساڤرستیان) دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٥.**

**لە «بەیان، هاوکاری، تأخی، ژین، باسەرە» بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە.**



# ناوەڕۆک


* د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (زمانەوان).................٥

* لەتیف هەڵمەت (شاعیر)...............................٦٨

* سەعیدی ئەمانی (وەرگێڕ)...........................٨٩

* محەمەد سابیر مەحموود (وەرگێڕ)..................٩٤

* چنوور نامیق (شاعیر)............................ ١٠٠

* ئەمین شوان (وەرگێڕ)..............................١٠٧